WWW.RUDAW.NET

رووداو
RÛDAW

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (339) دووشەممە 2014/12/22 1ی بەفرانباری 2714 (750) دینار

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی سوید:

## ناکرێت کورد و سوێدی بیت



**رووداو- ستۆکهۆڵم**

جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمانی سوێد کە سەر بە پارتی رەگەزپەرستی سوێدییە دیموکراتەکانە، داوا لە کوردی ئەو وڵاتە دەکات، خۆیان یەکلایی بکەنەوە دەبنە سوێدی یان کورد.

رۆژنامەی داگنس نیهێتێری سوێدی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ بیۆرن سوێدەر، جێگری دووەمی سەرۆک وەزیرانی سوێد کردووە و قسەیەکی کۆمیدیکاری کورد سۆران ئیسماعیلی بە نموونە هێناوەتەوە کە گوتبووی "من سەد لەسەد کوردم و سەد لەسەدیش سویدیم". سوێدەر کە هاوکات سەرۆکی پارتی سوێدییە دیموکراتەکانە بە تەنزەوە وەڵامی ئەم پرسیارەی دایەوە و گوتی "ناکرێت سەد دەر سەد کورد بیت و سەر دەر سەد سوێدی بیت، ئەمە دەکاتە 200 شتی وا نابێت". هەروەها گوتی "ئەم نەتەوانە ئەگەر نەتوێنەوە، ناکرێت بە سویدی بزانرێن". قسەکانی سوێدەر کاردانەوەی نەتەوەکانی سوێدی لێکەوتەوە. هەندێک لە پەرلەمانتارانی کە بە رەچەڵەک سوێدی نین، لە دانیشتنێکی پەرلەماندا کە سوێدەر بەڕێوەی دەبرد ئامادە نەبوون رێزی بۆ دابنێن و ناوی بهێنن.

« 11

سەرۆکی ئەنجومەنی سیاسی عەرەبی لە کەرکووک:

### هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەلایەن دکتۆر نەجمەدین لەسەری حیسابە

7

### بکوژەکەی کوێستان بە تەلەفۆنێک ئاشکرابوو

14



### بێ سەروشوێنێک 20 ساڵە مووچەکەی وەردەگرێت

4

# پارتی و ئیسلامییەکان لە سلێمانی دەبنە ئۆپۆزیسیۆن

« 3





رووداو
راپۆرتە هەواڵ
ژمارە (339) دووشەممە 2014/12/22

## چالاکڤانێکی مەدەنی لە خورماڵ دەکوژرێت



**رووداو- خورماڵ**

نەقیب توانا، لێپرسراوی بنکەی پۆلیسی خورماڵ بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند "کەسێک بە ناوی نەوزاد جەعفەر، لە خانوویێکی تەواونەکراو کوژراوە و سەبارەت بەهۆکاری کوشتنەکە، زانیاری تەواومان لەبەردەستدا نییە". ئەم گەنجە، کە لەدایکبووی ساڵی 1983یە، دوو رۆژ بوو دیارنەمابوو و ئەم ئێوارەیە تەرمەکەی لە خانووە تەواونەکراوەکەی خۆی دۆزرایەوەو و پۆلیس سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیە لە رووداوەکە.

نەوزاد جەعفەر پێشتر پێشمەرگە بووە و وازی لە پێشمەرگایەتی هێناوە و خەریکی راگەیاندن و چالاکییە مەدەنییەکان بووە.

### دەبێ خۆیان بژێنن

# حیزبەکان بارەگاکانیان کەمدەکەنەوە

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

حیزبەکانی کوردستان ماوەی 10 مانگە بودجەیان وەرنەگرتووە و ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی حیزبێکیش دەڵێ، بەو هۆیەوە نزیکەی 11 بارەگایان داخستووە. پەرلەمانتارێکی کوردستانیش رەتیکردەوە حکومەت لەبەرنامەیدا هەبێت بەو نزیکانە بودجە بۆ حیزبەکان خەرج بکات.

دڵشاد شەعبان، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان، رەتیکردەوە راگرتنی بودجەی حیزبەکان بەهۆی دەرکردنی یاسای نوێی بودجەی حیزبەکانەوە بێت و دەیگێڕێتەوە بۆ ئەو قەیرانە داراییەی لە مانگی شوباتی ئەمساڵەوە لە ئەنجامی ئاڵۆزبوونی ناکۆکییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا کوردستانی گرتەوە "یاسای بودجەی حیزبەکان دەرچووە و ماوەی زیاتر لە 3 مانگە لە پەرلەمان پەسەند کراوە و لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاوکراوەتەوە و حکومەت دەتوانێ کاری پێبکات".

### "بەتەمای حکومەت نەبن"

بێ پارەیی، تەنگی بە بەشێک لە حیزبە بچووکەکان هەڵچنیوە و ناچاری کردوون بیر لەوە بکەنەوە ژمارەی بارەگا و دەزگا و ناوەندە حیزبییەکانیان کەم بکەنەوە. ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێ "نابێ حیزبەکان بیر لەوە بکەنەوە وەکو جاران حکومەت پارەیان بداتێ". گوتیشی "ئەگەر حکومەت ئەو قەیرانەشی لەسەر نەمێنێ، پارەی ئەو چەند مانگەیان ناداتەوە".

ئەو ئەندامەی پەرلەمانی کوردستان وردەکاری دانیشتنێکی پەرلەمانی کوردستان ئاشکرا دەکات کە قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکومەت تێدا ئامادە بووە و پێیڕاگەیاندوون "نابێ حیزبەکان جارێ بەتەمای پارەی حکومەت بن و پێویستە هەر حیزبێک بیر لە رێگای خۆژیێنی بکاتەوە لەرێی پرۆژە و کاری شیاو و رێگەپێدراوەوە".

هەر لە زاری تاڵەبانییەوە دەڵێ، حکومەت رایگەیاندووە "ساڵی 2015 بۆ حکومەت و حیزبەکانیش ساڵی دەستگرتنەوە دەبێت و نابێ حیزبەکان بەتەمای ئەوەبن لەسەر بودجەی حکومەت بژین".

### "تەلەڤزیۆن و 8 بارەگامان داخستووە"

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی ئیسلامی نەیشاردەوە کە لە قەیرانێکی دارایی زۆر سەختدان و بەو هۆیەوە پارەیەکی زۆر قەرزدار بوون "چونکە پارەی بەشێک لە بینای بارەگاکانمان نەداوە و بەشی زۆری بیناکانیشمان بەکرێ گیراون".

شوان قەڵادزەیی هەروەها دەڵێ کە لەوە زیاتر نەیانتوانی بەرگەی نەبوونی پارە بگرن و ناچاربوون بیر لە رێگایەکی دیکە بکەنەوە بۆ ئەوەی کەمتر فشاری بێ بودجەیی لەسەریان کەڵەکە ببێ "رێگاکەش ئەوەبوو بارەگاکانمان دابخەین".

وەک ئەو باسیکرد، ئێستا بارەگاکانیان لە قەڵادزێ، تەکیە، مەکتەبی راگەیاندن، بارەگای خوشکانی هەولێر، بارەگای خوشکانی سلێمانی، بارەگای خوشکانی هەڵەبجە، بارەگای خوێندکاران، رادیۆی بزووتنەوە، کەناڵی ئاسمانیی رابوونیان داخستووە و ئێستا دەوامیان تێدا ناکرێت.

ئەوەی ئێستا بزووتنەوەی ئیسلامی پێی دەژی، جگە لە هەندێک سەرچاوەی بچووکی نێوخۆیی خۆیان "هاوکاری ئەو مووچەخۆرانەمانن، کە لەپارەکانیان شتێک دەدەنە حیزب".

### "ئەوەی پێویست نەبێ نایکەین"

پارتی و یەکێتی، دوو دەوڵەمەندترین حیزبی باشووری کوردستانن، بەڵام سەرکردەکانی ئەو دوو حیزبەش باسی کاریگەرییە نەرێنییەکانی نەبوونی بودجە دەکەن. عەلی عەونی، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی رەتیدەکاتەوە حکومەت سولفەی پێدابن بۆ بەرێوەبردنی بارەگاکانیان و دەڵێ ئەوەندەی ئاگاداربێت لە مانگی شوباتەوە پارەیان وەرنەگرتووە "بەڵام تەقەشوف دەکەین و ئەوەی پێویست نەبێ نایکەین".

عەلی عەونی پێیوایە بەهۆی ئەوەی حیزبەکان ئێستا لە کەرتی وەبەرهێناندا کاردەکەن و پرۆژەی وەبەرهێنانیان هەیە، رەنگە بەهۆی ئەوە تارادەیەک بتوانن بەردەوامی بەخۆژیێنی بدەن "بەڵام دەزانم پارتی تەقەشوفێکی زۆر دژواری دەستداوەتێ و ئەوەی زۆر زۆر پێویست نەبێ نایکات".



بەپێی بەدواداچوونی (تۆڕی میدیایی رووداو)، یەکێتیش بە هەمانشێوە دەستی کردووە بە پرۆسەی دەستگرتنەوە لە خەرجییە ناپێویستەکان و بەرپرسێکی ئەو حیزبە گوتی "بیر لەوە کراوەتەوە ئەگەر ئەو قەیرانە بەردەوام بێ، پارتی و یەکێتی ژمارەیەک بارەگا دابخەن و تەنیا ئەوانە دەهێڵنەوە کە پێویستن".

بەپێی یاسای نوێی بودجەی حیزبەکان کە کورسی و ساڵانی خەبات کراونەتە پێوەر، بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی بۆ هەر مانگێک 3 ملیار دینار وەردەگرن و پارتیش نزیکەی 4 ملیار دینار، هەر کورسییەکی کەمینەکانیش دەبێتە 80 ملیۆن دینار. بەڵام یاسا نوێیەکە بۆ گۆڕان و ئیسلامییەکان دەستکەوتێکی گەورە بوو، بەو پێیەی بودجەی گۆڕان لە 500 ملیۆنەوە بۆ 3 ملیار دینار زیاد دەبێت.

ئاوات شێخ جەناب، بەرپرسی ژووری دارایی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ لە مانگی یەکی ئەمساڵەوە یەک دیناریان لە حکومەت وەرنەگرتووە "تەنیا پشت بەو پارەیە دەبەستین کە پەرلەمانتار و وەزیر و خاوەن مووچە بەرزەکان دەیدەنە بزووتنەوەکە، ئێمە لەسەر بێ پارەیی راهاتووین و خەڵکانی گۆڕانخوازیش هاوکاریمان دەکەن".

ئەندامێکی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامیش دەڵێ یاسای بودجەی حیزبەکان بۆ ئەوان زۆر باش بوو "بەڵام لەوەتەی یاساکە دەرچووە یەک دینارمان وەرنەگرتووە". دارا محەممەدئەمین هەروەها گوتی کە هەندێک پارەیان خستبووە پرۆژەوە بۆ ژیاندنی کۆمەڵ، بەڵام ئەو قەیرانە داراییە پرۆژەکانیشی وەستاندوون.

### پەرلەمان رازی نییە

دڵشاد شەعبان، دووپاتیدەکاتەوە کە نابێ حیزبەکان لەو دۆخەی ئێستای هەرێمی کوردستاندا چاوەڕوانی پارەبن و دەڵێ "ئێمە رازی نابین حکومەت بودجە بداتە حیزبەکان". هۆکارەکەش ڕووندەکاتەوە کە لەکاتێکدا فەرمانبەر مووچەی دوو مانگی وەرنەگرتبێ، رێگا نادەن حکومەت پارە بداتە حیزب، گوتیشی "با حیزبەکان رێگای دیکە بدۆزنەوە".

### دوای 24 ساڵ

# پارتی دەستبەرداری هەندێک پۆستی دهۆک دەبێت

**عوبەید رەشاڤایی**
**رووداو- دهۆک**

دوای 24 ساڵ لە ئیدارەدانی سەرجەم پۆستە ئیدارییەکانی پارێزگای دهۆک، پارتی دیموکراتی کوردستان دەستبەرداری هەندێک لە پۆستەکانی ئەو پارێزگایە دەبێت بۆ پارتەکانی دیکە. یەکگرتوو دەڵێت پارتی جێگری پارێزگار و 2 بەڕێوەبەری گشتییان دەداتێ، بەڵام سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک رایگەیاند کە هیچ لایەنێک ناتوانێت فشاریان لێبکات بۆ دەستبەردابوونیان لە هەندێک پۆست.

سەباح بابیری، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک بە (رووداو)ی راگەیاند دەمێکە پێیانڕاگەیەنراوە هەندێک پۆستیان پێدەدەن، بەڵام بەهۆی یەکلانەبوونەوەی پۆستەکانی پارێزگای سلێمانی و هەولێر، ئەم بابەتە دواکەوتووە.

لە سنووری پارێزگای دهۆک 14 بەڕێوەبەری گشتی، 79 بەڕێوەبەری فەرمانگەکان، 7 قایمقام و 24 بەڕێوەبەری ناحیە هەن. یەکگرتوو گەشبینە لە دابەشکردنی پۆستەکانی پارێزگای دهۆک، پۆستەکانی جێگری پارێزگار، دوو بەڕێوەبەری گشتی و قایمقامێک و چەند پۆستێکی دیکە وەربگرێ. سەباح بابیری دەڵێت "ئێمە داوای ئیستحقاقی هەڵبژاردن دەکەین و 12.43%ی دەنگی خەڵکی دهۆکمان هەیە، بۆیە لە کاتی دانوستانندا دەبێ ئەمە لەبەرچاو بگیرێت".

یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە دهۆک داوای یەکرێزی و بەشداری هەموو لایەنەکان دەکات لە حکومەتی لۆکاڵیدا. هەرێم کەمال ئاغا، بەرپرسی مەڵبەندی چواری یەکێتی بە (رووداو)ی راگەیاند، تا ئێستا بە فەرمی پارتی ئەو بابەتەی لای ئەوان باس نەکردووە، بەڵام گوتی "ئێمەش گەشبینین کە چۆن حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو لایەنە براوەکانی تێدایە، ئەوە لە حکومەتی نێوخۆیی دهۆکیش رەنگبداتەوە". گوتیشی "ئێمەش بەپێی ئیستحقاقی خۆمان 8%ی پۆستەکانی دهۆکمان بەردەکەوێت و لەو رێژەیە کەمتر قبوڵ ناکەین".

فەهیم عەبدوڵلا، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوان وەک پارتی دانوستاندنیان لەسەر ئەو بابەتە کردووە و گوتی "هەرچەندە دهۆک جیاوازە لە سلێمانی و هەولێر، لەبەر ئەوەی ئێمە زۆرینەین و دەتوانین بەبێ کێشە هەموو پۆستەکان دابەش بکەین لەسەرخۆمان، بەڵام بەشی لایەنەکانی دیکەش لەبەرچاو دەگرین".

لەبارەی ئەوەی چ پۆستێک دەدەنە یەکگرتوو، یەکێتی و گۆڕان، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا دەڵێت "تاوەکو ئێستا یەکلامان نەکردووەتەوە، هەر شتێک قابیلی دانوستاندنە، تاوەکو ئێستا چاوەڕێی حکومەتی محەلی سلێمانی و هەولێرمان دەکرد، بەڵام باوەڕ دەکەم پێکدێین، هەرچەند هیچ لایەنێک ناتوانێت فشارمان لەسەر بکات بۆ بەشداركردنی لایەنەکانی دیکە".

سەرچاوەیەک لەناو ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک کە پێی باش نەبوو ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (رووداو)ی راگەیاند، دیارینەکردنی هەردوو جێگری پارێزگار بۆ بەشداریکردنی لایەنەکانی دیکەیە لە حکومەتی لۆکاڵی دهۆک، کە یەکێک لەو پۆستانە بۆ یەکگرتوو دەبێت.

(رووداو) زانیویەتی کۆتایی هەفتەی رابردوو، دڵشاد شەهاب ئەندامی سەرکردایەتی پارتی بە نوێنەرایەتی نێچیرڤان بارزانی سەردانی شاری دهۆکی کردووە و لەگەڵ پارێزگاری دهۆک، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا، بەرپرسی لقی یەک و چەند بەرپرسێکی دیکە کۆبووەتەوە بۆ باسکردنی بەشداریکردنی حزبەکانی دیکە لە حکومەتی خۆجێیی دهۆک.

سەبارەت بە دانیشتن لەگەڵ حیزبەکانی دیکە بۆ ئەم مەسەلەیە، فەهیم عەبدوڵلا گوتی "رووداوەکانی شنگال کاریگەری لەسەر دەسپێکردنی دانوستاندن هەیە، بەڵام لەم نزیکانە دەستپێدەکەین".




### ئەمڕۆ لەگەڵ ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک کۆدەبێتەوە

# حەیدەر عەبادی سەردانی شاری دهۆک دەکات



**عوبەید رەشاڤایی**
**رووداو- دهۆک**

ئەمڕۆ دووشەممە 22/12/2014 بۆ جاری سێیەم سەرۆک و هەندێک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ، لەگەڵ حەیدەری عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق کۆدەبنەوە، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگاکە دەڵێت "ئەمجارە کردارمان لە عەبادی دەوێت، هەرچەندە پێشتر زۆر بە ئیجابی بۆ داواکارییەکانمان هاتووەتە پێش و بە فەرمی وەڵامی داینەوە کە سەردانی ئاوارەکانی شاری دهۆک دەکات".

لە کۆی ئەو 31 یەکە ئیدارییەی لە پارێزگای موسڵ کەوتووەتە دەست چەکدارانی داعش، هێزەکانی پێشمەرگە توانیویانە 11 لەو یەکە ئیداریانە لە دەست چەکدارانی داعش دەربهێننەوە کە زۆربەی ئەو ناوچانە وێران بوون و پێویستیان بە ئاوەدانکردنەوەیە.

بەشار کیکی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ بە (رووداو)ی راگەیاند، ئەوان دوو جاری دیکە لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لەسەر رەوشی مووسڵ کۆبوونەتەوە. هەروەها گوتی "جاری پێشتر سولفەیەکی یەک ملیار دیناری بۆ ئێمە تەرخانکرد، بەڵام بێگومان کەمە و بەشی ئاوەدانکردنەوەی یەک یەکەی ئیداریش ناکات".

کیکی رەخنە لە حکومەتی عەبادی هەبوو کە بەپێی پێویست هاوکارییان ناکات بۆ ئاوەدانکردنەوەی ئەو شێوێنانەی تازە کونترۆڵکراون و دەڵێت "ئەمڕۆ دووشەممە بە دۆسیەیەکی دیکەی پڕ لە داواکاری لەگەڵ عەبادی کۆدەبینەوە".

ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا کە سێ داواکاری سەرەکیان هەیە لە عەبادی "یەکەم: داوای بودجەیەکی تایبەت بۆ شنگال دەکەین، بۆ ئەوەی هەرچی زووە دووبارە ئاوەدان بکرێتەوە و خەڵک بتوانێت بگەڕێتەوە. دووەم: داوای قەرەبووکردنەوەی ئەو خەڵکانەمان کردووە کە کوژراون و پێویستە وەکو خەڵکی کۆمەڵکوژی (سپایکەر) قەرەبوو بکرێنەوە کە هەر یەکێکیان بە 10 ملیۆن دینار قەرەبووکرابوون".

خاڵی سێیەمی داواکارییەکەشیان هەر تایبەتە بە شنگال، کیکی گوتی "داوا لە عەبادی دەکەین هاوکاری مادی ئەو کچە ئێزدیانە بکرێت کە لە دەستی داعش دەربازیان بووە".

کیکی گەشبینە بەوەی عەبادی ئەم داواکاریانەیان بۆ جێبەجێ بکات و دەڵێت "لە کۆبوونەوەی پێشتریش بینیم عەبادی جددییە و نەفەسێکی ئیجابیم لێ بەدی دەکرد".

سەرۆکی ئەنجوومەنەکە پێشتر بە ناوی ئەنجوومەن نووسراوێکی فەرمی ئاراستەی عەبادی کردبوو، تێیدا داوای هاوکاری بۆ ئاوارەکان لێکردبوو، هەروەها داوای کردبوو سەردانی ئاوارەکانی موسڵ بکات لە شاری دهۆک.

ئەویش لە وەڵامی ئەو نووسراوەدا کە کۆپییەکی لەلای (رووداو)ە، بەڵێنی داوە سەردانی شاری دهۆک بکات، بەڵام کاتی سەردانەکەی دیاری نەکردووە.

سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای مووسڵ سەرەڕای هەوڵەکانی بۆ ئاوارەکانی مووسڵ و ئاوەدانکردنەوەی ناوچە تازە ئازادکراوەکان، رەخنە لە پەرلەمانتارانی مووسڵ لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەگرێت و دەڵێت "جارێ کاتی سیاسەتکردن نییە، پێویستە یەکسەر ئەم بابەتە بورووژێنن کە هەم رەوشی ئەو ناوچانە خراپە و هەم رەوشی ئاوارەکان، پێویستە کارێک بکەین ئەوەی پێویست بێت بۆ خەڵکەکەی بکەن و فشار لەسەر حکومەت دروست بکەن".

ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (339) دووشەممە 2014/12/22




## "مالیکی و نوجێفی لە کەوتنی موسڵ بەرپرسیارن"

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

عەلی لەفتە، ئەندامی لیژنەی پەرلەمانی تایبەت بە لێکۆڵینەوە لە ڕووداوی کەوتنی شاری موسڵ ڕایگەیاند " بەرپرسیارێتی کەوتنی موسڵی دەکەوێتە ئەستۆی نووری مالیکی، سەرۆکوەزیرانی پێشوو، چونکە ئەو فەرماندداری گشتیی هێزە چەکدارەکان بووە و لە هەمانکاتیشدا بەرپرسیارێتییەکە دەکەوێتە ئەستۆی ئەسیل نوجێفی پارێزگاری موسڵیش". لەفتە دەڵێت "بابەتی کەوتنی موسڵ گومانی زۆری لەسەرە و زۆر کەس پەنجەی تۆمەت ڕووبەڕووی بەرپرسانی حکومەتی پێشوو دەکەنەوە، بە تایبەت لە دامودەزگا سەربازییەکان، پێویستە لێرەدا حیسابێکی ورد لەگەڵ ئەو سەرکردانە بکرێت کە پشکیان لەم پرسە هەبووە".

# پارتی و ئیسلامییەکان لە سلێمانی دەبنە ئۆپۆزیسیۆن

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

ئیسلامییەکان و پارتی لە سلێمانی، چاوەڕوانی لیژنەکەی بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی دەکەن بۆ ئەوەی گفتوگۆ بکەن لەبارەی پۆستە دابەشکراوەکانی سلێمانی و جارێکی دیکە لەسەر ئەو پۆستانە بگەنەوە ڕێککەوتن، بەڵام هێشتا گۆڕان و یەکێتی لیژنەیان بۆ سەردانی ئەو 3 لایەنە پێکنەهێناوە کە دەڵێن "ئەوەی گۆڕان و یەکێتی لەسەری ڕێککەوتوون، حکومەتی زۆرینەیە".

نزیکەی 2 هەفتە بەسەر ڕێککەوتنی نێوان یەکێتی و گۆڕان تێدەپەڕێ، کە پۆستە ئیدارییەکانی پارێزگانی سلێمانییان دابەشکرد و چەند پۆستێکیان هێشتەوە بۆ پارتی و ئیسلامییەکان. ئەو ڕۆژەی ڕێککەوتنەکەی تێدا واژۆکرا، لەتیف شێخ عومەر، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی و هەڤاڵ ئەبوبەکر، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایانگەیاند کە بە زووترین کات سەردانی ئیسلامییەکان و پارتی دەکەن بۆ ئەوەی گفتوگۆیان لەگەڵ بکەن بۆ بەشداریی لە حکومەتە خۆجێیی. بەڵام تاوەکو ئێستا گفتوگۆ لەگەڵ ئەو 3 لایەنە نەکراوە.

تۆفیق کەریم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی دەڵێ یەکێتی و گۆڕان ئازادن لەوەی چی دەکەن و چۆن ڕێکدەکەون و ئەو حکومەتە پێکدەهێنن "بەڵام دواتر خۆیان دەکەونە ژێر بەرپرسیارێتی ئەو حکومەتەی بە زۆرینە دروستی دەکەن".

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی پێیوایە یەکێتی و گۆڕان بۆ خۆیان دەتوانن حکومەتی خۆجێیی سلێمانی دروستبکەن و نەگەڕێنەوە بۆ حیزبەکانی دیکە "بەڵام ئەوکات حکومەتێکی زۆرینەیان بۆخۆیان دروستکردووە، ئێمە بەو شێوەیە بەشداری لە حکومەت ناکەین کە ئەوان دایانناوە".

پاش چەندین کۆبوونەوە، دواجار یەکێتی و بزووتنەوەی گۆڕان لە ڕێگەی لیژنەی دانوستاندنی نێوان خۆیانەوە گەیشتنە ئەنجامێک کە بەلای یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵ و پارتییەوە چاوەڕواننەکراو بوو. ئەو 3 حیزبەی ماوەی 7 مانگ بە دیاریانەوە دانیشتن بۆ ئەوەی بگەنە ئەنجامێک کە ئۆقرەیی سیاسی سلێمانی تێکنەدات.

ئێستا لەنێو کادر و ئەندامانی ئەو دوو حیزبە ئیسلامییەدا، ڕایەک دروستبووە کە بەشداریی لە حکومەتی نێوخۆیی پارێزگای سلێمانی نەکەن و بەشێک لە سەرکردەکانیشیان بڕوایان وایە، ئەوەی لەلایەن یەکێتی و گۆڕانەوە بۆیان دانراوە، جگە لەوەی لەگەڵ پێگە و قورسایی ئەواندا یەکناگرێتەوە، هاوکات لە دەستنیشانکردنی شوێنەکانیشدا جارێکی دیکە ستەمیان لێکراوە.

تاوەکو ئێستا لە دەرگای ئیسلامییەکان و پارتی نەدراوە بۆ گفتوگۆ، کەچی هەریەک لە گۆڕان و یەکێتی سەرقاڵن بە دەستنیشانکردنی بەڕێوەبەر و قایمقامەکان، ئەوەش ئەو پرسیارەی لای ئەوان دروستکردووە، ئەگەر پۆستەکان پڕ بکرێنەوە، کەواتە گفتوگۆ چ سوودێکی هەیە؟

تۆفیق کەریم دەڵێ "ئەگەر ئەوان مەبەستیان بێت گفتوگۆی جدی لەگەڵ ئێمە بکەن، پێش پڕکردنەوەی پۆستەکان دەیکەن".

سەرۆکی لیستی خزمەت، کە هاوکات ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامییە، باس لەوە دەکات لە سەرووی قایمقامەکانەوە 16پۆست هەیە و هەمووی لەلایەن یەکێتی و گۆڕانەوە دابەشکراون بۆخۆیان. مەهدی مەحموود پێیوایە ئەگەر یەکێتی و گۆڕان سووربن لەسەر ئەوەی بەو شێوەیە پۆستەکان دیاری بکەن "مانای وایە بە ئێمە دەڵێن بەشداریی ئەو حکومەتە نەکەین".

مەهدی مەحموود دەڵێ لە هەموو پۆستەکانی هەڵەبجە و سلێمانی و گەرمیان و ڕاپەڕین بەشمان هەیە "لە 12%ی ئەو پۆستانەمان دەوێ و تەنیا داوای پارێزگار و سەرۆکی ئەنجوومەن ناکەین".

شۆڕش ئیسماعیل، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و ئەندامی لیژنەی دانوستاندنکار، تەنیا گوتی "بەرنامە هەیە سەردانیان بکەین". بەڵام بەپێی ئەو زانیارییانەی (ڕووداو) لە چەند سەرچاوەیەکی نێو یەکێتی و گۆڕانەوە دەستیکەوتوون، ئەو دوو حیزبە بەرنامەیان نییە دەستکاری ڕێککەوتنەکە بکەن و ئامادەش نین لەوە زیاتر پۆستیان پێبدەن.

ڕۆژی 2014/12/11 یەکێتی و گۆڕان، ڕێککەوتننامەیەکیان واژۆکرد. بەپێی ئەو ڕێککەوتنە هەموو پۆستەکانی پارێزگای سلێمانی و پارێزگای هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕینیان لەنێوان خۆیاندا دابەشکردووە، جگە لە 3 قایمقام و 7 بەڕێوەبەری ناحیە و چەند بەڕێوەبەرێک کە بۆ پارتی و ئیسلامییەکان دانراوە.

ئەندامێکی لیژنەی دانوستانکاری پارتی لە سلێمانی دەڵێ ئەوان بۆ خۆیان ڕێککەوتوون و ئێمە هەر نازانین چۆنە، بەڵام "دەزانین لەسەر هەموو شتێک ڕێککەوتوون و دیار نییە چییان جێهێشتووە بۆ ئێمە و ئیسلامییەکان".

ڕزگار ئەژی گۆران دەڵێ ڕێککەوتنی نێوان گۆڕان و یەکێتی "یاساشکێنی بوو". ئەو دوو نموونە دێنێتەوەو دەڵێت "چۆن دەکرێت ڕێککەوتنێکی حیزبی ببرێتە پەرلەمان لە کاتێکدا ئێمە ڕێککەوتنی ستراتیژیشمان لەگەڵ یەکێتی نەبردە پەرلەمان".

هەروەها گوتی "ڕێککەوتنەکە پێویستی دەکات لەسەر حکومەت کە پابەند بێت بەو ڕێککەوتنە، ئایا دەکرێت حکومەت پابەند بکەیت بە ڕێککەوتنێکی حیزبییەوە".

ئەو بەرپرسەی پارتی لە سلێمانی هەروەها دەڵێ، گۆڕان بە 12 کورسی 19 بەڕێوەبەری ناحیەی وەرگرتووە "ئێمە وەک پارتی 3 کورسیمان هەیە، کەچی بە 3 کورسی ئێمە و 4 کورسی ئیسلامییەکان کە 7 کورسییە، 7 بەڕێوەبەری ناحیەمان بۆ دانراوە".

گوتیشی "ئەگەری بەهێز ئەوەیە ببینە ئۆپۆزیسیۆن".



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

## فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی بۆ (ڕووداو)

# ئیدارەی شنگال دەدرێتە دەست ئێزدییەکان


(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- چیای شنگال**

سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند شەڕی ئەمدواییەی پێشمەرگە بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی شنگال و ناوچەکانی دەوروبەری کە لەژێر سەرپەرشتی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا بەڕێوەچوو، پێگەیەکی دیکەی بە پارتی بەخشی، بەڵام پارتی لەخۆ بایی ناکات.

دوای نزیکەی 4 مانگ چاوەڕوانی، دواجار هێزەکانی پێشمەرگە توانیان زۆربەی ئەو ناوچانە کۆنترۆڵ بکەنەوە کە پێشتر کەوتبوونە دەست چەکدارانی داعش، هەروەها گەمارۆی سەر چیای شنگالیان شکاند و زۆربەی ناوەندی قەزای شنگالیشیان کۆنترۆڵ کرد.

فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان کە بە درێژایی ئەو چوار مانگە زۆربەی کات لە میحوەری شەڕ بووە لە ڕۆژئاوای دیجلە، درەنگانی شەوی ڕابردوو لەسەر چیای شنگال قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی "کاک مەسعود بەڵێنی بە خەڵکی شنگال دابوو تاوەکو لەسەر چیای شنگال قسەیان بۆ نەکات ئیسراحەت ناکات، دواجار بەڵێنەکەی بردە سەر و لەسەر چیای شنگال قسەی کرد".

دوو ڕۆژ دوای شکاندنی ئابڵوقەی سەر چیای شنگال، ڕۆژی 2014/12/21 مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان چووە چیای شنگال و لەوێوە پەیامێکی ئاراستەی خەڵکی کوردستان کرد. بارزانی گوتی "ئاواتم بوو لەسەر ئەم چیایەوە پیرۆزبایی سەرکەوتن لە گەلی کورد بکەم". هەر لەوێش کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی ساز کرد.

بارزانی لە دەستپێکی وتارەکەیدا پیرۆزبایی لە کوردی ئێزدی کرد بەبۆنەی کۆنترۆڵکردنەوەی بەشێکی زۆری ناوچەکانیان و دەستخۆشیی لە پێشمەرگە کرد و گوتی "پێشمەرگە داستانێکی مێژوویی تۆمارکرد کە لەماوەی 24 کاژێردا دوو ڕێگای سەرەکی ڕەبیعە –شنگال و زوممار – شنگالیان کۆنترۆڵ کردەوە".

سەرۆکی هەرێمی کوردستان سڵاوی بۆ شەهیدانی پێشمەرگەش نارد و گوتی "دڵنیام ئێستا ئەوان بەم سەرکەوتنە لە ئێمە خۆشحاڵترن". گوتیشی "ئاواتی من ئەوەبوو لەسەر ئەم چیایەوە پیرۆزبایی سەرکەوتن لە خوشک و برا ئێزدییەکانمان بکەم".

دوای وتارەکە ڕۆژنامەنووسان پرسیاریان ئاراستەی بارزانی کردو لە وەڵامی پرسیارێکی پەیامنێری ڕووداویشدا، سەبارەت بەوەی ئایا پێشمەرگە بەشداری گرتنەوەی موسڵ دەکات، سەرۆکی هەرێمی کوردستان گوتی "ئەگەر حکومەتی عێراق و خەڵکی موسڵ بەرنامەیان هەبێت، ئێمە دیراسەی دەکەین و ئامادەین هاریکاریی حکومەتی عێراق بکەین". لەبارەی ئەوەی مەرجیان هەیە بۆ حکومەتی عێراق یاخود نا، گوتی "لە هەر شوێنێک داعش هەبێت بۆ لێدانی پێویست بە مەرج ناکات".

ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی شنگال ڕۆژی 17ی ئەم مانگە بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەستپێکرد. دوای کۆنترۆڵکردنی 2700 کیلۆمەتری چوارگۆشە لە ڕەبیعەوە تاوەکو زوممار، ئێوارەی ڕۆژی شەممە 2014/12/20 پێشمەرگە گەیشتە ناو شنگال.

### لە جاران زیاتر نەرمی دەنوێنێ

کاتێک شنگال کەوتە دەست داعش، زۆر لایەن پەنجەی تۆمەتیان بۆ پارتی درێژکرد. فازڵ میرانی لەبارەی ئەو ڕەخنانە گوتی کە پارتی تەحەمولێکی باشی کرد "ئەگەر ئاراممان نەگرتبا لە ئامانجە ستراتیژییەکانمان دوور دەکەوتینەوە".

میرانی هەر لەوبارەیەوە گوتی "لەسەر شنگال تەحەمولێکی زۆری ڕەخنەی موزایەدەچییەکانمان کرد، بەڵام ئێمە بەرەو یەکڕیزی گەلی کورد دەچین، لەگەڵ ئەوانەشی کە موزایەدەیان لەسەر دەکردین".

هەروەها گوتی "تاوەکو پارتی بەهێزتر بێ نەرمتر دەبین و سیاسەتمان کراوەتر دەبێت لە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی کوردستان". گوتیشی "دانوستاندن خاڵی ستراتیژی سیاسەتە، ئەوەی باوەڕی بە خۆی بێت لە دانوستاندن ڕاناکات، هەر وەکو کەسێک ئەگەر تاوانبار نەبێت لە دادگا ناترسێت".

ئیدارەی شنگال دەدرێتە دەست ئێزدییەکان

لە کاتی هێرشی داعش بۆ سەر شنگال، فەرماندەکانی پێشمەرگە بەرگرییەکی ئەوتۆیان نەکرد و زۆربەی بەرپرسانی شارەکەش کە خەڵکی دەرەوەی شنگال بوون و ئێزدی نەبوون، زوو شارەکەیان چۆڵ کرد.

دوای داگیرکردنی شنگال زۆر لە ئێزدییەکان پێیانوابوو بەهۆی ئەوەی زۆربەی بەرپرسانی شارەکە خەڵکی دەرەوەی شارەکە بوون، بۆیە بە پەرۆش نەبوون بۆ شارەکە و بەرگرییان نەکرد.

سەبارەت بە ئایندەی ئیدارەی شنگال کە لەڕووی ئیدارییەوە سەر بە پارێزگای موسڵە. سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی گوتی "ئیدارەی شنگال و ئاسایشەکەی دەدرێتە دەست ئێزدییەکان خۆیان، ئەوان بۆ خۆیان ئیدارەی شارەکە دەکەن".

فازڵ میرانی سەبارەت بەو هێزەی لە ئایندەدا پارێزگاری لە ناوچە ئێزدینشینەکان دەکەن گوتی "بەهەزاران کوردی ئێزدی وەکو خۆبەخش چەکیان هەڵگرتووە، ئێستا لیوایەک لە ئێزدییەکان دروستکراوە کە لە پێشەوەی بەرەکانی شەڕن، ئەوانە سەرجەمیان مەشقیان پێکراوە و دەتوانن پارێزگاری لە ئاسایشی ناوچەکە بکەن". هەروەها گوتیشی "ئێستاش هەزار پۆلیسی مەشقپێکراو ئامادەکراون بۆ پاراستنی ناوچە تازە ئازادکراوەکان".

رووداو
راپۆرت
ژمارە (339) دووشەممە 2014/12/22

## پەرلەمانتارێک داوای تەختکردنی گەڕەکێک دەکات



**رووداو- هەولێر**

بێستون فایەق، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان لە بەرنامەی گوتوبێژی رادیۆی (رووداو) رایگەیاند "پێویستە بە زووترین کات یارمەتی ماددی ئاوارەکانی قەزای شنگال و دەوروبەری و ناحیەی جەلەولا بدرێت، بەهۆی ئەو کارەسات و ماڵوێرانییەی بەسەریان هاتووە".
بێستوون فایەق هەروەها گوتی "خاڵێک جەلەولا لە شنگال جیادەکاتەوە، ئەویش گەڕەکی وەحدەیە، کە ئەو گەڕەکە بە سەرپێچی دروستکراوە و دانیشتووانەکەی عەرەبی کرەوین". داواشیکرد ئەو گەڕەکە بەتەواوی تەخت بکرێت " چونکە دانیشتووانی ئەو گەڕەکە عەرەبنشینە هاوکاری باشی داعش بوونە و هاتنەوەیان جێگای مەترسییە".

### سەرمووچەی بۆ دێت و پلەشی بەرزکراوەتەوە

# بێ سەروشوێنێک 20 ساڵە مووچەکەی وەردەگرێت


هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە
ب.گ.ف. بنەڕەتی و باخچەکانی ساوایان
بەڕێوەبەرایەتی فێرکردنی بنەڕەتی

إقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التربية
المديرية العامة للتعليم الاساسي ورياض الاطفال
مديرية التعليم الاساسي

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Education

ژمارە: ١٦٦٤٩
No:
Date:

وەزارەتی پەروەردە

بۆ/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران /سەرۆکایەتی دیوان/فەرمانگەی کاروباری کارگێڕی و دارایی
بابەت/ خانەنشین کردن

بەڕێز ([redacted]) مامۆستای بنەڕەتی لە سەر میلاکی وەزارەتەکەمان بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر ناوبراو لە دایک بووی (١٩٥١/٧/١)ە لە شەڕی ناوخۆ وون بووە و چارەنووسی نادیارە کەس و کاری مانگانە مووچەی ناوبراو وەردەگرن بە پێی نووسراوتان ژمارە (٩٠٤٩) لە (٢٠١٣/٩/١٨) رەزامەند بتان داوە بە بەردەوام بوونی مووچەی تەواو بۆ ناو براو. بەڵام ئێستا تەمەنی یاسای تەواو کردووە ئایا خانەنشین دەبێت یان نا تکایە ئاگادارمان بکەنەوە.

لەگەڵ ریزدا...

هاوپێچ:
نووسراوتان ژمارە (٩٠٤٩) لە (٢٠١٣/٩/١٨).

د.پشتیوان صادق عبدالله
وەزیری پەروەردە


هەرێمی کوردستان - عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی دیوان
فەرمانگەی کاروباری کارگێری و دارایی
بەڕێوەبەرایەتی کارگێری

رئاسة مجلس الوزراء
رئاسة الديوان
دائرة الشؤون الادارية والمالية
مديرية الادارة

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers

ژمارە: ٦٣٠١
No:
Date:

بۆ/ وەزارەتی پەروەردە/ ب.گ.ف. بنەڕەتی و باخچەکانی ساوایان

نووسراوتان ژمارە (١٦٦٤٩) لە ٢٠١٤/٩/٢٣

رەزامەندی درا لە سەر درێژ کردنەوەی ماوەی خزمەتی بەڕێز [redacted] مامۆستای بنەڕەتی لە سەر میلاکی وەزارەتەکەتان/بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر بۆ ماوەی (٢) دوو ساڵی تر لە رێکەوتی تەواو بوونی تەمەنی یاسایی بۆ کاری پێویست.

لەگەڵ رێزدا...

نێچیرڤان احمد عبدالله
سەرۆکی دیوان (بە وەکالەت)

Kurdistan Region - Erbil

**ساڵح قادر**
**رووداو- هەولێر**

مامۆستایەکی سنووری پەروەردەی گشتی هەولێر لە سەردەمی شەڕی ناوخۆوە بێسەروشوێنە، بەڵام تاوەکو ئێستاش مووچەکەی هەر وەردەگیرێ، سەرەڕای ئەوەی تەمەنی یاسایی خانەنشینی تەواوکردووە، بەڵام تاوەکو ئێستا خانەنشین نەکراوە.

بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی دەست (رووداو) کەوتوون، مامۆستایەکی شاری هەولێر بە ناوی (م.ج.ع) کە لە سەردەمی شەڕی ناوخۆوە دیار نەماوە، تاوەکو ئێستا مووچە وەردەگرێت و ساڵانە سەرمووچەی بۆ دێت و پلەکەشی بەرزکراوەتەوە. ئێستا ناونیشانی ئەو مامۆستایە (مامۆستای پێشکەوتوو/1)ە.

### چارەنووسی یەکلایی بکرێتەوە

بەپێی نووسراوی ژمارە (18362) کە لە رۆژی 2014/9/4 دەرچووە و نووسراوەکە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێرەوە ئاراستەی وەزارەتی پەروەردە/ ب.گ.ف بنەڕەتی و باخچەی ساوایان/ ب.ف بنەڕەتی کراوە، داوا دەکرێت ئەم مامۆستایە خانەنشین بکرێت.

وەک لە نووسراوەکەدا هاتووە کە واژۆی بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێری لەسەرە، "بەڕێز (م.ج.ع) مامۆستای بنەڕەتی لە قۆناغی فێرکردنی بنەڕەتی لەسەر میلاکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەکەمان لەدایکبووی (1951/7/1) لە شەڕی ناوخۆ چارەنووسی ونبووە و نادیارە، کەسوکارەکەی مانگانە مووچەکەی وەردەگرن، بەڵام تەمەنی یاسایی تەواو بووە، ئایا خانەنشین دەبێت بەهۆی تەواوبوونی تەمەنی یاسایی یان نا، تکایە لە ئەنجامەکەی ئاگادارمان بکەنەوە".

هەرچەندە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر لە مانگی ئەیلولدا ئەو نووسراوەی بەرزکردووەتەوە، بەڵام کەسوکاری ئەو مامۆستایە مووچەی مانگی 10یان وەرگرتووە کە بڕەکەی ملیۆنێک و 676 هەزار و 100 دینارە.

### دوو ساڵی دیکەی بۆ درێژ دەکرێتەوە

وەزارەتی پەروەردە بە نووسراوی ژمارە 16649 لە رۆژی 2014/9/23 کە واژۆی پشتیوان سادق، وەزیری پەروەردەی لەسەرە، دۆسیەی خانەنشینکردنی ئەو مامۆستایەی بۆ ئەنجوومەنی وەزیران ناردووە.

لە نووسراوەکەی پەروەردەدا هاتووە "بەڕێز (م.ج.ع) مامۆستای بنەڕەتی لەسەر میلاکی وەزارەتەکەمان/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر، لەدایکبووی 1951/7/1ەو لەشەڕی ناوخۆ ون بووە و چارەنووسی نادیارە، کەسوکاری مانگانە مووچەکەی وەردەگرن، بەپێی نووسراوتان ژمارە 9049 لە 2013/9/18 رەزامەندیتان داوە بە بەردەوامبوونی مووچەی تەواوی ناوبراو، بەڵام ئێستا تەمەنی یاسایی تەواو کردووە، ئایا خانەنشین دەبێت یان نا، تکایە ئاگادارمان بکەنەوە".

وەک لە نووسراوەکەی وەزارەتی پەروەردەدا هاتووە، ناوبراو تەمەنی یاسایی خانەنشینی تەواو کردووە، بەڵام لە جیاتی خانەنشینکردنی ئەو فەرمانبەرە، ئەنجوومەنی وەزیران داوای بەردەوامبوونی خزمەتی ئەو مامۆستا نادیارەی کردووە.

بەپێی مادەی 10 لە یاسای خانەنشینی یەکگرتووی ساڵی 2014، هەر فەرمانبەرێک تەمەنی بگاتە 63 ساڵ، دەبێت خانەنشین بکرێت، بەڵام لە دەسەڵاتی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانە کە لەسەر پێشنیازی وەزیرێک، یان پارێزگار، یان ئەو دەستە و دەزگایانەی سەر بە وەزارەتەکان نین، ماوەی خزمەتی فەرمانبەرێک درێژ بکاتەوە بۆ (3) ساڵ دوای تەواوبوونی ماوەی خانەنشینی، بەڵام بەو مەرجەی پێویستیان بە پسپۆڕییەکەی هەبێت.

بەپێی ئەو دۆکۆمێنتانەی دەست (رووداو) کەوتوون، ئەنجوومەنی وەزیران/ فەرمانگەی کارگێڕی و دارایی/ بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی بە نووسراوی ژمارە 6103 لە رۆژی 2014/10/13 وەڵامی نووسراوەکەی وەزارەتی پەروەردەی داوەتەوە.

وەڵامی نووسراوەکە کە واژۆی نێچیرڤان ئەحمەد عەبدولڵا، سەرۆکی دیوان (بە وەکالەت)ی لەسەرە، تێیدا هاتووە "رەزامەندی درا لەسەر درێژکردنەوەی ماوەی خزمەتی بەڕێز (م.ج.ع) مامۆستای بنەڕەتی لەسەر میلاکی وەزارەتەکەتان/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر بۆ ماوەی (2) ساڵی تر لە رێکەوتی تەواوبوونی تەمەنی یاسایی بۆ کاری پێویست".

بەپێی ئەو نووسراوە بێت، ئەم مامۆستا ونبووە تاوەکو رێکەوتی 2016/7/1 مووچە وەردەگرێت، بەبێ ئەوەی دەوام بکات، یان خانەنشین بکرێت. ئەمە لە کاتێکدایە بەپێی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەران، هەر فەرمانبەرێک ئەگەر بۆ ماوەی مانگێک بەبێ هیچ هۆیەک لە دەوام دابڕا فەسڵ دەکرێت، بەڵام ئەگەر سەلمێنرا ئەو فەرمانبەرە بێ سەروشوێنە یان کوژراوە، ئەوا بە مووچە بنەڕەتییەکەی خانەنشین دەکرێت.

### لەسەر داوای کەسوکارەکەی بووە

بەپێی ئەو دۆکۆمێنتانەی لەلای (رووداو)ن، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەدەی هەولێر بە نووسراوی ژمارە 16036 لە 2013/7/11 داواکاری (ف.ت.م) کە هاوسەری مامۆستا ونبووەکەیە بۆ وەزارەتی پەروەردە بەرزکردووەتەوە و داوای بەردەوامبوونی مووچەکەی کردووە.

ئەنجوومەنی وەزیرانیش لە رێکەوتی 2013/9/18 بە نووسراوی ژمارە 9049 وەڵامی نووسراوەکەی وەزارەتی پەروەردەی داوەتەوە. نووسراوەکە کە واژۆی نێچیرڤان ئەحمەد، سەرۆکی دیوان بە وەکالەتی لەسەرە، تێیدا هاتووە "رەزامەندین لەسەر بەردەوامبوونی مووچەی تەواوی مامۆستا (م.ج.ع) تاوەکو چارەنووسی دیار دەبێت بۆ جێبەجێکردنی کاری پێویست".

مامۆستا بەکر کەریم، بەڕێوەبەری گشتی پەروەدەی هەولێر لەبارەی چارەنووسی ئەو مامۆستایە بە (رووداو)ی گوت "ئێمە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی پەروەردە نووسراومان بۆ کراوە، کە ئەو مامۆستا بەڕێزە مووچەکەی خۆی بدرێتێ، لەبەر ئەوەی شوێنبزرە".

سەبارەت بە خانەنشیننەکردنی ئەو مامۆستایە کە تەمەنی یاسایی تەواوکردووە. مامۆستا بەکر کەریم گوتی "دەبێ ئەو مامۆستایە خانەنشین بکرێت، بەدواداچوون بۆ بەرابییەکانی ئەو مامۆستایە دەکەین و لێژنەی بۆ پێکدێنین، هەر کەسێک کەمتەرخەم بووبێت دەبێ سزا بدرێت".

مامۆستا بەکر گوتی "بەپێی دیسپیلینی رێکاری فەرمانبەران، هەر فەرمانبەرێک بەبێ هیچ هۆکارێک ماوەی مانگێک دەوام نەکات دەبێ فەسڵ بکرێ، بەڵام ئەگەر پاساوی مەعقولی هەبوو، دوای ئەو مانگە خانەنشین دەکرێت، بەڵام ئەم فەرمانبەرە رەزامەندی بەردەوامبوونی پێدانی مووچەکەی لە ئەنجوومەنی وەزیران بۆ کراوە، ئێمەش بڕیاری سەرووی خۆمان جێبەجێ دەکەین".

### پێشنیاز کراوە لابدرێ

# داوای دادگایی بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر دەکرێت

**ساڵح قادر**
**رووداو- هەولێر**

لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە لە وەزارەتی پەروەردە پێشنیازی لادانی بەڕێوەبەری گشتی پەروەدەی هەولێر دەکات. داواش دەکات بەپێی دوو مادده لە یاسای سزادانی عێراقی بدرێتە دادگا کە یەکێک لە ماددەکان پەیوەندی بە زیانگەیاندن بە موڵکی گشتییەوە هەیە.

لەسەر سکاڵای چەند مامۆستایەک و داوای ئەنجوومەنی وەزیران، لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیرانی ئەمساڵدا، وەزارەتی پەروەردە لێژنەیەکی لێکۆڵینەوەی لە خەرجییەکانی کڕینی کەلوپەل و پێداویستییەکانی هەردوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر و پەروەردەی ناوەندی هەولێر پێکهێنا.

دوای تەواوبوونی کارەکانیان، لێژنەکە لە راسپاردەکانیدا داوای دادگاییکردنی بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێری کرد، ئەویش بە تۆمەتی زیانگەیاندن بە موڵکی گشتی و ئامادە نەبوون لەبەردەم لێژنەی لێکۆڵینەوەدا. هەروەها پێشنیازی لادانی بەڕێوەبەری گشتییان لە پۆستەکەی کردووە.

بەپێی ئەو دۆکومێنتانەی دەست (رووداو) کەوتوون، بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر بە نووسراوی ژمارە (38729) لە رۆژی 2013/12/4 بڕیاری داوە بە پێکهێنانی لێژنەیەکی پێنج کەسی بۆ خەرجکردنی بڕی ملیارێک و 581 ملیۆن دینار بە مەبەستی کڕینی کەلوپەلی پێویست بۆ قوتابخانەکانی سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر.

هەر هەمان رۆژ و بە نووسراوی ژمارە 38730، بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر لێژنەیەکی دیکەی پێنج کەسی پێکهێناوە بۆ خەرجکردنی بڕی 730 ملیۆن و 750 هەزار دینار بە مەبەستی کڕینی کەلوپەلی پێویست بۆ قوتابخانەکانی سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر.



دوای ئەوەی ژمارەیەک مامۆستا لە ئەنجوومەنی وەزیران گلەیی لە کوالێتی ئەو کەلوپەلانە دەکەن کە بەم پارانەی سەرەوە کڕدراون، ئەنجوومەنی وەزیران داوا لە وەزارەتی پەروەردە دەکات بەدواداچوون بۆ سکاڵای ئەو مامۆستایانە بکات. وەزارەتیش فەرمانبەرێکی بەشی یاسایی وەزارەت بۆ ئەم کارە رادەسپێرێت، دواتر ئەو فەرمانبەرە داوا دەکات کە کارەکە لە بەدواداچوون زۆرتر هەڵدەگرێت و دەبێت لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێکبێت.

بۆیە وەزارەتی پەروەردە بە نووسراوی ژمارە 10250 لە رۆژی 2014/6/12 بڕیاری پێکهێنانی لێژنەیەکی سێ کەسی داوە "بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە کڕینی سەرجەم کەلوپەلەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی ناوەندی هەولێر".

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (رووداو) کەوتوون، لێژنەکە لە ناوەڕاستی مانگی رابردووەوە کارەکانی تەواوکردووە و راپۆرتەکە و راسپاردە و پێشنیازەکانی بۆ وەزیری پەروەردە بەرز کردووەتەوە، بەڵام وەزیری پەروەردە تاوەکو ئێستا راسپاردە و پێشنیازەکانی لێژنەکەی جێبەجێ نەکردووە.

### چاوەڕێی بڕیاری وەزیر دەکەن

دادوەر شوکر قادر، نوێنەری داواکاری گشتی لە لێژنەی لێکۆڵینەوەی وەزارەتی پەروەردە، پشتڕاستیکردەوە کە کارەکانی لێژنەکە تەواو بووە و گوتی "راسپاردە و پێشنیازی خۆیان لە راپۆرتەکەدا باس کردووە و ناردوویانە بۆ بەردەم وەزیر و چاوەڕێی وەڵامی وەزیر دەکەین".

ئەو دادوەرە هەروەها بە (رووداو)ی گوت "لە رۆژی 2014/11/18 راپۆرتەکە بەرز کراوەتەوە بۆ وەزیری پەروەردە، دەبێت لە ماوەی یەک مانگدا وەڵام بداتەوە. بەڵام داخەوە جەنابی وەزیر نە بە پەسەندکردن نە بە پەسەندنەکردن وەڵامی راپۆرتی لێژنەکەی نەداوەتەوە، بۆیە ئێمە لە رۆژی 2014/12/21 بە نووسراوی رەسمی ئاگاداریان دەکەینەوە، ئەگەر هیچ ئیجرائاتیان نەکرد، ئەوکات ناچار دەبین رێکاری یاسایی بەرامبەر وەزیری پەروەردە بگرینەبەر".

### داوای دادگایی بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە دەکرێت

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (رووداو) کەوتوون، لێژنەکە پێشنیازی کردووە بەکر کەریم، بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر لە پۆستەکەی لابدرێت.

هەروەها بەپێی دوو مادە لە یاسای سزادانی عێراقی داوای دادگایی بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێریان کردووە. یەکەمیان بەپێی مادەی 238 کە تایبەتە بە ئامادە نەبوون لەبەردەم لێژنەی لێکۆڵینەوە. دووەمیش ماددەی 238 لە یاسای سزادانی عێراقی کە تایبەتە بە زیانگەیاندن بە موڵکی گشتی.

هەر بەپێی زانیاری (رووداو)، لێژنەکە داوای سزای ئیداری بۆ چەند کەسێکی دیکەش کردووە کە پەیوەندییان بەم دۆسیەوە هەیە.

(رووداو) سەردانی بەکر کەریم، بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێری کرد، بەڵام ناوبراو بە بیانووی ئەوەی تاوەکو ئێستا راپۆرتەکەی نەبینیوە، ئامادە نەبوو قسە لەسەر ئەو بابەتە بکات.

### سزاکەی چییە؟

لە مادە 238 لە یاسای ژمارە 111ی ساڵی 1969ی یاسای سزادانی عێراقیدا هاتووە "هەر کەسێک بەپێی یاسا داوای لێکرابێ یان داوای لێبکرێ خۆی یان بریکارەکەی لە پێش دادگا ئامادە بێ، یان فەرمانبەری سەرپشککراو لەلایەن یاساوە، ئەگەر ئەو کەسە ئامادە نەبوو لە کاتی دیاریکراو بچێتە بەردەم دادگا، سزا دەدرێ بە زیندانی بۆ ماوەیەک لە 6 مانگ کەمتر نەبێت، یان غەرامە دەکرێت بەبڕی 100 دینار، یان بە یەکێک لەو دوو سزایە سزا دەدرێت".

هەروەها لە مادە 341 لە یاسای ژمارە 111ی ساڵی 1969ی یاسای سزادانی عێراقیدا هاتووە "هەر فەرمانبەرێک یان راسپێردراوێک بۆ ئەنجامدانی ئەرکێکی گشتی بە مەبەست یان بێ مەبەست زیانێکی گەورە بە سامان و بەرژەوەندی خاوەنکار بگەیەنێت، جا چ بەهۆی کەمتەرخەمی بێت، یان خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، سزا دەدرێت بە زیندانیکردن کە لە سێ ساڵ کەمتر نەبێت، یان غەرامە دەکرێت بە بڕێک پارە کە لە 300 دینار کەمتر نەبێت".

ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (339)    دووشەممە    2014/12/22

## یەکگرتوو لە وەرگرتنی وەزارەتی کارەبا پەشیمانە

**ڕووداو- هەولێر**

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە وەرگرتنی وەزارەتی کارەبا پەشیمانە و هەوڵی گۆڕینی ئەو وەزارەتە دەدات. بەپێی زانیارییەکانی تۆڕی میدیایی ڕووداو، لە ئاستی باڵا پێشنیازکراوە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان دەستبەرداری وەزارەتی کارەبا ببێت و لە بەرامبەردا وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن وەربگرێت کە ئێستا مەولود باوەمراد، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان و حکومەت، کە لە هەمان کاتدا سەرۆکی شاندی دانوستاندنکاری یەکگرتووشە، بە وەکالەت ئەو وەزارەتە بەڕێوەدەبات.

## هەڵبژاردنەکەی گۆڕان لە کەرکووک و دهۆک بۆ 6 مانگی دیکە دوادەکەوێ

# بە واژۆیەکی نەوشیروان مستەفا سەرکردە ناڕازییەکان دەگەڕێنەوە



**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

هەڵبژاردنە نێوخۆییەکەی بزووتنەوەی گۆڕان لە شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان وەک دوو هەڵبژاردنەکەی پێشوو بێ کێشە بەڕێوەنەچوون و بەرپرسانی ئەو بزووتنەوەیەش دەڵێن لە تەواوی ئەو شوێنانەی ماون، هەڵبژاردن دەکرێت، بەڵام کەرکووک دوایین شار دەبێت کە هەڵبژاردنی تێدا دەکرێ.

زمناکۆ جەلال، بەرپرسی ژووری هەڵبژاردنی بزووتنەوەی گۆڕان، ڕەتیکردەوە ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن لە پارێزگای دهۆک و کەرکووک پەیوەندی بە کێشەی نێوخۆیی بزووتنەوەکە هەبێت "لە دهۆک شێوازی خۆڕێکخستنەوە و کارکردنمان جیاوازە و لەوێ بەقۆناغی خۆڕێکخستنەوەدا تێدەپەڕین، هەروەها دەبێ تۆماری دەنگدەرانیش ڕێکبخرێ". ناوبراو گوتی ئێستا ئەوان لەو دوو پارێزگایە سەرقاڵن بە ڕێکخستنەوە و چێککردنی تۆماری دەنگدەران.

لە کۆنگرەی یەکەمی بزووتنەوەکەدا کە لەهەولێر بەسترا، دەستووری نێوخۆی بزووتنەوەکە پەسەند کرا و بەپێی دەستوورەکە لەدوای ئەم هەڵبژاردنەوە، گۆڕان دوو ساڵ جارێک هەڵبژاردنی نێوخۆیی ئەنجام دەدات.

ڕۆژی هەینی 2014/12/11 قۆناغی یەکەمی هەڵبژاردن لە شاری سلێمانی و هەولێر بەڕێوەچوو، ڕۆژی 12/19ەش وادەی قۆناغی دووەمی هەڵبژاردنە نێوخۆییەکە بوو لە قەزا و ناحیەکانی پارێزگای سلێمانی، بەڵام بەهۆی کێشەی نێوخۆییەوە نەتوانرا لە سەیدسادق و هەڵەبجە و دەربەندیخان و ڕانیە هەڵبژاردن بکرێت.

لە سەیدسادق بەشێک لە هەڵسووڕاوان و ئەندامانی بزووتنەوەکە سکاڵایان لە دژی ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەکە بەناوی جەبار جەلال تۆمار کردبوو کە یەکێک لە بەربژێرەکانی ئەوێ بووە بۆ بازێڕوانی سەیدسادق، بەوپێیەی ماڵی لە سەیدسادق نییە. دواتریش بزووتنەوەی گۆڕان لیژنەیەکی بۆ یەکلاکردنەوەی سکاڵاکان پێکهێنا. لەئەنجامدا سکاڵاکان ڕەتکرانەوە بەو پێیەی جەبار جەلال، خەڵکی سەیدسادقە و مافی خۆهەڵبژاردنی هەیە بەو مەرجەی ماڵەکەی بباتەوە بۆ سەیدسادق.

جەبار جەلال، بە (ڕووداو)ی گوت "کێشەکە چارەسەر بووە و تاوەکو هەفتەی داهاتوو هەڵبژاردن لە سەیدسادق و دەربەندیخان و هەڵەبجە و ڕانیەش دەکرێت".

لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا، بزووتنەوەی گۆڕان لە پارێزگای دهۆک و کەرکووک دەنگێکی ئەوتۆی نەهێنا. قادر زیرەک، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی گۆڕان لە کەرکووک دەڵێ، کێشەیەکیان نییە لە کەرکووک جگە لە ئامار و سەرژمێریی ڕێکخستنەکانیان "ژووری هەڵبژاردن پێیانوایە سەرژمێری و ئامار و تۆماری دەنگدەران لە کەرکووک کەموکوڕی هەیە و ئێستا خەریکن کاری تێدا دەکەن".

ناوبراو گوتیشی کێشەی ئەمنی وای لێنەکردوون هەڵبژاردن دوابخەن "لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو، دۆخی ئەمنیی کەرکووک لە ئێستا خراپتر بوو کە هەڵبژاردنمان کرد".

پێشتر و لەوکاتەی بزووتنەوەی گۆڕان ئۆپۆزیسیۆن بوو، نەوشیروان مستەفا ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان بە هێماکردن بۆ هەولێر و دهۆک، گوتی کە ئەوان هەڵبژاردن لە شوێنێک ناکەن خەڵک بە دەمامکەوە بچنە دەنگدان بۆ ئەوەی نەناسرێنەوە، بەڵام ماوەیەکی زۆرە گۆڕان لەو دوو پارێزگایە بارەگا و مەکۆکانی کردووەتەوە و بەشداری هەڵبژاردنەکانیشی کردووە.

شەماڵ عەبدولوەفا، بەرپرسی ژووری پەیجووری بزووتنەوەی گۆڕان، باسی هۆکاری دواخستنی هەڵبژاردن لە دهۆک و کەرکووک دەکات و دەڵێ "نەمانتوانیوە ڕێکخستنەکانمان وەک هەولێر و دهۆک ڕێکبخەین و تۆماری دەنگدەرانیشمان تەواو نەبووە". ناوبراو گوتیشی "پێویستمان بە 6 مانگ دەبێت بۆ ئەوەی هەڵبژاردن لەوێ بکەین".

### داواکاری سەرکردە ناڕازییەکان

ماوەی چەند مانگێکە لە ڕێگەی دروستکردنی لیژنەوە گفتوگۆ لەنێوان نەوشیروان مستەفا و سەرکردە ناڕازییەکانی گۆڕان دروستبووە. ئەو سەرکردانەی کە بەشێکیان لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەکەن و بەهۆی ناڕەزایەتیان لە شێوازی بەڕێوەبردنی گۆڕان و مامەڵەی نەوشیروان مستەفا چوونە ماڵەوە. چاوەڕوان دەکرا بزووتنەوەی گۆڕان ئەو هەڵبژاردنە نێوخۆییە بەدەرفەت بزانێ بۆ گەڕانەوەی ئەوان، بەڵام یەکێک لەسەرکردە ناڕازییەکان بە (ڕووداو)ی گوت "گفتوگۆکانمان هیچ ئەنجامێکی نەبووە، بە بنبەستیش نەگەیشتووە".

ئەو سەرکردەیەی بزووتنەوەکە کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، گوتی "داواکارییەکانمان هەمووی بە ڕاپۆرتێک ئامادەکراوە و خراوەتە بەردەم کاک نەوشیروان "ئەگەر ئیمزای بکات، مانای وایە بە داواکانمان ڕازی بووە و دەچینەوە سەر کارەکانمان، ئەگەر ئیمزاشی نەکات، مانای وایە بە داواکانمان ڕازی نییە".

داواکانی ئەو سەرکردە ناڕازییانە لە (شێوازی بەڕێوەبردنی بزووتنەوەکە، خانەی ڕاپەڕاندن، جڤاتی نیشتمانی، بڕیارەکانی بزووتنەوەکە) و چەند داواکارییەکی دیکەدا خۆی دەبینێتەوە. بەڵام شەماڵ عەبدولوفا، ڕەتیکردەوە گفتوگۆکان کۆتاییان هاتبێت و تەنیا گوتی "هەوڵەکان بەردەوامن بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە".

---

## کۆمەڵی ئیسلامی:

# پارتی ڕێککەوتنی پێکهێنانی حکومەتی جێبەجێ نەکردووە



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

**ڕووداو- سلێمانی**

بیلال سلێمان ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان ڕایدەگەیەنێت کە پارتی ڕێککەوتنی پێکهێنانی حکومەتی جێبەجێ نەکردووە و تاوەکو ئێستا تەنیا وەزارەتی کشتوکاڵیان وەرگرتووە.

لەو کابینەیەی حکومەتدا کۆمەڵ بە وەرگرتنی وەزارەتەکانی (کشتوکاڵ، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژینگە و دەستەی مین) بەشداری کردووە، ئەمە جگە لەوەی کە بەپێی ڕێککەوتنی ئەوان و پارتی، پێویستە پارتی چەند پۆستێکی دیکەش بداتە کۆمەڵ.

بیلال سلێمان، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی بە (ڕووداو)ی گوت، لە کۆبوونەوەکەدا باس لەوە کرا کە پارتی تائێستا ناوەڕۆکی ڕێککەوتنی پێکهێنانی حکومەتی جێبەجێ نەکردووە و پۆستەکانی دیکەی پێنەداون و داوا دەکەن بەزووترین کات ئەو ڕێککەوتنە جێبەجێ بکرێ "تەنیا وەزیری کشتوکاڵ نەبێت، ئەگینا وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژینگە تەنیا وەزیری هەرێمە و سەرۆکی دەستەی (مین)یش تاوەکو ئێستا دەستبەکار نەبووە".

ڕێککەوتنەکەی کۆمەڵ و پارتی لەسەر بنەمای بەرکەوتەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی ڕابردووە کە تێیدا کۆمەڵ شەش کورسی بەدەستهێنا و داوای چەند بەڕێوەبەرێکی گشتی و ڕاوێژکاری لە سەرۆکایەتی هەرێم کردبوو، بەڵام بەگوتەی بیلال سلێمان "تائێستا هیچی جێبەجێ نەکراوە، هەروەها ئێمە بەپێی ڕێژەی 6%یش پۆستمان ناوێ، بەڵکو بەپێی ئیستیحقاقی خۆمان".

ئەو بەرپرسەی کۆمەڵ پێیوایە کە بارودۆخی ئێستای کوردستان و شەڕی داعش هۆکاری سەرەکییە بۆ یەکلانەکردنەوەی ئەو پۆستانە.

بیلال سلێمان هەر لە درێژەی ئەو قسانەدا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە لەکۆبوونەوەکەدا جەختیان لەسەر بەردەوامبوون و بەهێزترکردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ لایەنە سیاسییەکاندا کردووەتەوە.

سەبارەت بە پەیوەندییەکانیشیان لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامی، گوتی "لەگەڵ یەکگرتوو زۆر باشین و لیژنەشمان هەیە بۆ بەهێزترکردنی ئەو پەیوەندییە".

لەلایەکی دیکەوە، ڕۆژی 2014/12/20 ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی بە سەرۆکایەتی عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵ لە شاری هەولێر کۆبووەوە و بڕیاری دا کە کۆنگرەی سێیەمی کۆمەڵ بۆ ساڵی داهاتوو دوابخرێ.

هەرچەندە بڕیار بوو ئەم مانگە کۆنگرەی سێیەمی کۆمەڵ ببەسترێ، بەڵام بەهۆی تەواونەبوونی کارەکان لەڕووی تەکنیکییەوە بڕیاری دواخستنی کۆنگرەکە درا بۆ ساڵی داهاتوو بێ دیاریکردنی کات.

سەبارەت بەدرێژکردنەوەی تەمەنی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی ئێستایان، بیلال سلێمان ئاشکرای کرد کە لەکۆتایی ئەم مانگەدا یاخود لە مانگی داهاتوودا کۆبوونەوەیەکی فراوان بە بەشداری نزیکەی 350 ئەندام دەبەستن بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی سەرکردایەتی تا بەستنی کۆنگرەی سێیەم.

### پەیوەندییان لەگەڵ گۆڕان

کۆمەڵی ئیسلامی چوار ساڵ لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان و یەکگرتوو ئۆپۆزیسیۆن بوون، بەڵام بە ڕێککەوتنی نێوان گۆڕان و یەکێتی بۆ پێکهێنانی حکومەتی نێوخۆیی سلێمانی و دابەشکردنی پۆستەکان نیوە بەنیوە، فراکسیۆنی خزمەت (فراکسیۆنی یەکگرتوو و کۆمەڵ) لەئەنجومەنی پارێزگاکەیان تەواو نائومێد کرد، بەڵام سەرەڕای ئەوەش بیلال سلێمان دەڵێت "لەگەڵ گۆڕان پێش ڕێککەوتن و کاتی ڕێککەوتن و ئێستاش، پەیوەندیمان ئاساییە".

بۆ حکومەتی نێوخۆی سلێمانیش، ناوبراو ئاماژەی بەوەکرد کە "بە گۆڕان و یەکێتیمان گوتووە بەو بەشەی بۆتان دیاری کردووین بەهیچ شێوەیەک ڕازی نابین، ئەوانیش گوتیان قسەتان لەگەڵ دەکەین و قەناعەتتان پێدەکەین، بۆیە ئێمەش چاوەڕێین، ئەگەر قەناعەتیان پێکردین ئەوا بەشدار دەبین و ئەگەریش قەناعەتیان پێنەکردین، بەشی ئێمەش پیرۆزی ئەوان بێت".

هەرچەندە یەکێتی وگۆڕان جگە لەدابەشکردنی پۆستەکانی سنووری سلێمانی لەنێوان خۆیاندا، پارێزگار و سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجەشیان بۆ خۆیان دابەشکردووە، بەڵام بیلال سلێمان جەختیکردەوە کە "دابەشکردنی پۆستەکانی ئەو دوو پارێزگایە جیایە و بەهیچ شێوەیەک تێکەڵی ناکەین".

### لەگەڵ پارتی ڕێککەوتوون

کۆمەڵی ئیسلامی لەلایەکەوە لەگەڵ پارتی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان گلەیی هەیە و لەلایەکی دیکەشەوە گەشبینە بەڕێککەوتنیان بۆ حکومەتی نێوخۆیی هەولێر و دهۆک کە پارتی لەو دوو پارێزگایە براوەی یەکەمە و پێشتر لەگەڵ هەندێک کەمینەی نەتەوەیی بێ بەشدارکردنی چوار لایەنە سەرەکییەکە پۆستەکانی ئەو دوو پارێزگایەی دابەشکرد.

بیلال سلێمان ئاشکرای کرد کە هەفتەی ڕابردوو لەگەڵ پارتی بۆ پۆستەکانی هەولێر گفتوگۆیان کردووە و لە ڕێککەوتن نزیکبوونەتەوە و شتێکی وایان نەماوە. بۆ دهۆکیش پارتی گوتوویانە "دەیکەینە حکومەتی بنکەفراوان".

ڕووداو
ژمارە (339) دووشەممە 2014/12/22

## "کۆمەڵە و تاڵیبان جیاوازیان نییە"



**ڕووداو — سنە**

سەید محەممەد حوسێنی شاهروودی، نوێنەری عەلی خامنەیی لە پارێزگای سنە هێرشی توندی کردە سەر حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێران بە تایبەتی کۆمەڵە و ڕایگەیاند "ئەو حیزبە و حیزبەکانی دیکە لەگەڵ بزووتنەوەی تاڵیبان جیاوازییەکیان نییە".

ئەو ئاخوندە ئێرانییە حیزبە ئۆپۆزیسیۆنە کوردییەکانی ئێرانی بە "دوژمنی خودا" لە قەڵەمدا و گوتی پیاوە ئاینی و ئاخووندەکانی ناوچەی سنەی بە دژی بیرۆکەی دژە شۆڕش چالاکیان هەبووە. هەروەها تۆمەتی کوشتنی یەکێک لە ئیمام جومعەکانی شاری سنە بەناوی کریمیان خستووەتە ئەستۆی حیزبە کوردستانییەکان.

# هاوکاریکردنی PKK مشتومڕ دەخاتە نێو پارتەکانی ئەڵمانیا



**ئالا شاڵی**
**ڕووداو- بەرلین**

بەهۆی شەڕکردنی لەدژی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش، لەناو پارتەکانی ئەڵمانیا و لەنێو میدیاکانیشیاندا کورد بووەتە مژاری سەرەکی و ناوی پارتی کرێکارانی کوردستانیش کەوتووەتە سەر زاری بەرپرسانی ئەڵمانیا کە هەندێکیان ڕاشکاوانە باسیان لە پێویستیی ناردنی چەک بۆ PKK کردووە.

ڤۆلکە کاودەر، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی (CDO) یەکەم کەس بوو کە باسی ناردنی چەکی کرد بۆ PKK. کاودەر بە (ڕووداو)ی گوت "دەبێت چەک بدەین بە کورد، تەنانەت ئەگەر ئەو چەکە بکەوێتە دەستی PKK، چونکە ئێستا ئەوانیش شەڕی دژە تیرۆر دەکەن". گوتیشی "گەریلاکانی PKK لە کاتی هێرشی داعش بۆ سەر شنگال، ڕێگای دەربازبوونیان بۆ هەزاران کوردی ئێزدی کردەوە، تاوەکو نەکەونە دەستی داعش".

ناردنی چەک بۆ PKK بووەتە مژاری گەرمی میدیاکانی ئەڵمانیا، بەوپێیەی ئەو پارتە خراوەتە لیستی تیرۆری یەکێتی ئەورووپا و ئەمریکاوە و لە ساڵی 1993وە هەموو چالاکییەکی لە ئەڵمانیا قەدەغەکراوە.

دوای شەڕی داعش، ئێستا هەوڵێکی زۆر لەلایەن ئەو پارتە و چەپەکانی ئەورووپاوە خراوەتە گەڕ بۆئەوەی PKK لە لیستی تیرۆری یەکێتی ئەورووپا بهێنرێتە دەرەوە. زۆر لە چاودێران پێیانوایە کە ئێستا PKK لە چوارچێوەی پرۆسەی ئاشتی دانوستاندن لەگەڵ تورکیا دەکات و نابێت لە لیستی تیرۆردا بێت.

بەڵام لابردنی PKK لە لیستی تیرۆر نەبووەتە بابەتێکی گرنگ لای دەسەڵاتدارانی ئەڵمانیا، وەزیری ناوخۆی ئەڵمانیا گوتی "بەنیاز نین گۆڕانکاری لە بڕیاری بە تیرۆریست دانانی ئەو ڕێکخراوەدا بکەین".

ڕالف جاگەر، وەزیری ناوخۆی هەرێمی نۆردراین فێستڤاڵن، هەمان بۆچوونی وەزیری ناوخۆی ئەڵمانیای فیدراڵی هەیە. ئەو بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە بەپێویستی نازانین گفتوگۆ بکەین لەسەر لابردنی PKK لە لیستی تیرۆر، لای ئێمە ئەوە گرنگ نییە PKK ئێستا دژی چەکدارانی داعش شەڕ دەکەن یان نا، پرسیاری گرنگ ئەوەیە ئەو ڕێکخراوە لە وڵاتێکی دیموکراسی وەک ئەڵمانیا قبوڵکراوە یان نا. نەخێر قەدەغەیە و تا ئێستاش بۆ ئێمە نەبووەتە بابەت کە PKK لە لیستی تیرۆر دەربهێنین".

بەڵام هەندێک لە بەرپرسانی ئەڵمانیا پێیانوایە بوار هەیە بۆئەوەی قسە لەسەر ئەو بابەتە بکرێت، بەو مەرجەی PKK واز لە کاری توندوتیژی بهێنێت.

نۆبەرت ڕوتگن، سەرۆکی کۆمیسیۆنی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە پەرلەمانی فیدراڵی ئەڵمانیا کە هاوکات ئەندامی فراکسیۆنی (CDO)یە گوتی "پێویستە PKK واز لەکاری توندوتیژی بهێنێ، نابێ داواکارییەکانی لەڕێگەی توندڕەوییەوە بسەپێنێ بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجە سیاسییەکانی، ئەوکات پەڕەیەکی تازە هەڵدەدرێتەوە، بۆ ئێمەش بارودۆخێکی نوێ دێتە پێشەوە، بەڵام هێشتا نەگەیشتووینەتە ئەو بارودۆخە". گوتیشی "PKK هێشتا دان بە کارە تیرۆرستییەکانیدا نانێت و هەڕەشەی کاری توندوتیژی دەکات، PKK هەڵگری بنەمای کاری دیموکراسی نییە، بۆیە ناتوانین پشتگیری بکەین بۆ دەرهێنانی لە لیستی تیرۆر".

# کەبودوەند خەڵاتێکی نێودەوڵەتی بۆ مافی مرۆڤ وەردەگرێت

**ئاڤا هۆما**
**ڕووداو- تۆرنتۆ**

ڕۆژنامەنووسی کورد محەممەد سدیق کەبودوەند کە ئێستا لە زینداندایە، خەڵاتی سەنتەری نێودەوڵەتی مافی مرۆڤی بۆ ساڵی 2014 وەرگرت، خەڵاتەکەی کەبودوەند بەهۆی کارەکانی بووە لە بواری مافی مرۆڤدا.


ئەردەشێر زارەزادە، هاودامەزرێنەر و بەڕێوەبەری سەنتەری نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێت، کەبودوەند "لەبەر کارە زۆر و زەوەندەکانی لە بواری پێشخستن و پاراستنی مافی مرۆڤی کورد لە ئێران و وڵاتانی دراوسێدا، بۆ خەڵاتی ئەمساڵ هەڵبژێردراوە".

کەبودوەند سەرنووسەری گۆڤاری پەیامی مەردوم و هاودامەزرێنەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستانە و لە ساڵی 2007 لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانی ئێرانەوە دەستگیرکرا و تۆمەتی کارکردن لە دژی "ئاسایشی نەتەوەیی" دراوەتە پاڵ.

ئێستا ئەو چاوەڕێی تەواوکردنی 10 ساڵ و نیو سزاکەیەتی لە زیندانی ئەوینی تاران.

بەخشینی خەڵاتەکە بە کەبودوەند لە چوارەمین ساڵیادی دامەزراندنی ڕێکخراوەکەدا بوو کە لە شاری تۆرنتۆی پایتەختی کەنەدا بەڕێوەچوو. لە ساڵیادەکەدا چالاکڤانانی مافی مرۆڤ و پەرلەمانتاران و کەسایەتییە ئاینییەکان ئامادە بوون.

"ئێمە ئەم خەڵاتە پێشکەش بە بەڕێز کەبودوەند و هەموو کوردی ئێران، عێراق، تورکیا و سووریا دەکەین".



ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی کەبودوەند وەکو "زیندانی هۆشیاری" لە قەڵەم دەدات و دەڵێت "کەبودوەند تەنیا لەبەر کارەکانی لە بواری مافی مرۆڤ و نووسینەکانی بۆ ئاشتی دەستگیرکراوە".

ساڵی 2009 لە بەریتانیا کەبودوەند نازناوی ڕۆژنامەنووسی ساڵی پێ بەخشرا. ئێستا ئەندامی PENی نێودەوڵەتی و نووسەرانی زیندانە.

تەندروستی کەبودوەند لە زینداندا خراپ بووە و چەند جارێکیش مانی گرتووە. چالاکوانان دەڵێن پێداویستی تەندروستی بۆ دابین ناکرێت.

لە نامەیەکدا کە لە زینداندا نووسیویەتی، کەبودوەند دەڵێت "دوور لە هەڵوێست و لایەنگیری ناسیۆنالیستی، من پێموایە کوردی ئێران لە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ بێبەش کراون. مافی کەرامەتی مرۆڤبوونیان لێ زەوتکراوە و یەکسانی و ئازادییان نییە".

ئەو هەروەها نووسیویەتی کە کورد مافی خۆیانە مژاری سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان بە شێوەیەکی دیموکراتیکانە بەڕێوەببەن "کورد مافی سەروەری دوور لە فشاری دەرەکی هەیە. ئەمە مافێکە کە لەلایەن هەموو کۆمەڵگە سڤیلەکانەوە نرخی بۆ دادەنرێت و پشتگیری لێ دەکرێت." لە نامەکەدا کەبودوەند وا دەڵێت.

زارەزادە دەڵێت سەنتەری مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی هەوڵەکانی کەبودوەند بەرز دەنرخێنێ و ڕێکخراوەکەیان کاردەکات بۆ ئەوەی سەرنجی جیهان بۆ ئەو خەڵکانە ڕابکێشێت کە بەدەست مامەڵەی نایەکسان و زۆردارانەی دیکتاتۆرەکانەوە دەناڵێنن.

# ئێرانییەکانیش لەسەر زیندانییە مانگرتووەکانی ورمێ هاتنە دەنگ




**ڕووداو- تاران**

22 کۆمەڵە و ڕێکخراوی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ کە هەندێکیان ئێرانین، لە ڕاگەیێندراوێکدا داوا لە حکومەتی ئێران دەکەن هەرچی زووە بە دەنگ داواکاری زیندانیانی سیاسی بەندیخانەی ورمێ‌وە بچێ، کە ماوەی مانگێکە دەستیان بە مانگرتن کردووە و دۆخی تەندروستییان لە مەترسیدایە. هەروەها داوا لە حکومەتی ئێران دەکەن کە بە دۆسیەی ئەو زیندانیانەدا بچێتەوە.

ڕاگەیێندراوەکە بە دەستپێشخەری کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران- ژنێڤ بڵاوکراوەتەوە و 22 ڕێکخراوی ئێرانی و نێودەوڵەتی وەکو ڕێکخراوی پارێزەرانی مافی مرۆڤ، ڕێکخراوی نەهێشتنی سزای لەسێدارەدان، ڕێکخراوی سویسی نەتەوە مەترسی لەسەرەکان و ناوەندی تەبایی نێونەتەوەیی واژۆیان کردووە.

لە ڕاگەیێندراوەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە، بەپێی مادەی 39ی دەستووری کۆماری ئیسلامی ئێران، هەڵسوکەوتی دژ بە کەرامەتی کەسانی بەندکراو قەدەغەیە. جگە لەمەش هەندێک بەند و یاسای دیکە داوای جوداکاری لەنێوان بەندکراوەکاندا دەکەن بەپێی ئەو تاوانانەی کە ئەنجامیان داوە.

ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییانەی پارێزەری مافی مرۆڤ هەروەها دەڵێن بە پێچەوانەی بەڵێنەکانی حکومەتی تازە دەستبەکاربوو، ژمارەی ئەو کەسانە لە زیادبووندایە کە سەر بە نەتەوە جیاوازەکانن و لەگەڵ زیندانیکردن، ئەشکەنجە و لەسێدارەدان ڕووبەڕوون.

ماوەی 33 ڕۆژە زیندانیانی سیاسی بەندی 12ی گرتووخانەی ورمێ بە مەبەستی جێبەجێکردنی داوکارییەکانیان لەلایەن بەرپرسانی ئێرانەوە، مانیان لەخواردن گرتووە.

مانگرتووان داوا دەکەن بەندی زیندانیانی سیاسی لە زیندانیانی دیکە کە زۆرتر بەهۆی بازرگانی بە ماددەی هۆشبەر یان تاوانی کۆمەڵایەتی دەستگیرکراون، جیا بکرێنەوە و لە بەندێکی تایبەتیدا ڕابگیرێن. لە بەرامەریشدا بەرپرسانی بەندیخانەی ورمێ داواکارییەکەیان ڕەتکردوونەتەوە و هەڕەشەیان لێکردوون ئەگەر مانگرتنەکەیان نەشکێنن سزا دەدرێن، هەروەها سزای ئەو کەسانەی کە لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپاوە، جێبەجێ دەکەن.

تا دێت پشتگیری لە مانگرتووانی زیندانی ورمێ لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات فراوانتر دەبێت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش لەوانە ڕێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ بەیاننامەیەکی لەسەر ئەو مانگرتووانە دەرکرد.

ڕێکخراوەکە زیاتر تیشکی خستووەتە سەر گیراوی سیاسی کورد سامان نەسیم. وەک لە ڕاپۆرەکەدا هاتووە "سامان نەسیم ئەو کاتەی مێرد منداڵ بووە، قۆڵبەست کراوە، دواتر لە ژێر ئەشکەنجەدا دانی بە تاوانێک داناوە کە نەیکردووە، دواتریش لەلایەن دادگاکانی ئێرانەوە سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە".

بەپێی زانیارییەکانی ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافەکانی مرۆڤ، ئێستا 900 کەس بە هۆکاری سیاسی یان لەسەر بیروڕای جیاواز گیراون، کە 400 یان کوردن.

ئەوان هەروەها دەڵێن بارودۆخی بەندکراوانی سیاسی بەندیخانەی ورمێ نموونەیەکی بەرچاوە لە باردۆخی مەترسیداری زیندانیانی دیکە لە ئێراندا و ئەو توندوتیژیە جەستەییانە و مەترسیانەی کە لەسەر ژیانی بەندکراوان هەیە، دژی یاسا نێودەوڵەتییەکانە، بەتایبەت مادەی 7ی کۆنڤانسیۆنی مافە سیاسیی و مەدەنییەکانە کە ئێران واژۆی کردووە و هەموو چەشنە ئەشکەنجە و هەڵسوکەوتێکی نامرۆڤانە و توندوتیژانە قەدەغە دەکات.

لە کۆتاییشدا ئەو 22 ڕێکخراوە داوا دەکەن، هەرچی زووتر و بەبێ مەرج زیندانیانی سیاسیی بەندیخانەی ورمێ لە کەسانی دیکە کە بە تاوانی جیاواز سزادراون، جیا بکرێنەوە و خزمەتگوزاری تەندروستی و پێویستیان بۆ دابین بکرێ. داواش دەکەن زیندانیانی سیاسی بەهیچ شێوەیەک ئەشکەنجە نەدرێن و دووبارە چاو بە پەروەندەی زیندانیانی سیاسیی ورمێدا بخشێنرێتەوە و سزای لەسێدارەدانیان لەسەر لاببرێ. هەروەها هەموو ئەو کەسانەی کە تەنیا بەهۆی پێشێلکردنی مافە سەرەتاییەکانیان وەک ئازادی ڕادەربڕین یان ئازادی پێکهێنانی کۆڕ و کۆمەڵە بەندکراون، ئازاد بکرێن.

**شێخ عەبدولڕەحمان مونشید، سەرۆکی ئەنجومەنی سیاسی عەرەبی لە کەرکووک بۆ (ڕووداو):**

# کەرکووک بەشێک نییە لە هەرێمی کوردستان و ناشبێت



شێخ عەبدولڕەحمان مونشید ئەلعاسی، سەرۆکی ئەنجومەنی سیاسی عەرەبی لە کەرکووک وەک بەهێزترین پیاوی سوننە دەردەکەوێت لەو پارێزگایە. لە قسەکانیدا بەردەوام جەختی لەسەر عێراقیبوونی کەرکووک دەکردەوە و دەیگوت مەحاڵە کورد بتوانێت کەرکووک بکاتە شارێکی کوردی یان کوردستانی. شێخ دۆستایەتی لەگەڵ پارێزگارە کوردەکەی کەرکووک خۆشە، بەڵام دوای ئەوەی د.نەجمەدین کەریم بەشداری لە ڕۆژی ئاڵای کوردستان کرد، وەک هۆشدارییەک گوتی "ئەمە لەسەری حیسابە".

شێخ عەبدولڕەحمان مونشید دەڵێت ئێستا عەرەبە سوننەکانی کەرکووک کۆمەڵکوژ دەکرێن، بۆ ئەمەش پەنجەی تۆمەت بۆ کورد درێژ دەکات و دەڵێت "ئاسایشی یەکێتی و پارتی یەکدی بە کوشتنی گەنجانی عەرەب تۆمەتبار دەکەن".

هەڤپەیڤین: هێمن عەبدوڵڵا
ڕووداو- کەرکووک

**خوا لە دەستێوەردانی هەرێمی کوردستان بمانپارێزێ**

**دەبووایە پارێزگاری کەرکووک ئاڵای عێراقی هەڵبدایە نەک کوردستان**

**هەڵکردنی ئاڵا لەلایەن دکتۆر نەجمەدین لەسەری حیسابە**

**ڕووداو: لە کەرکووک هەر پێکهاتەیەک باسی ئایندەی کەرکووک دەکات، بەڵام دیالۆگتان لەنێواندا نییە، هەرلایەنە و دیدگای خۆی هەیە، دیدگای عەرەبی کەرکووک چۆنە بۆ ئایندەی شارەکە؟**

**شێخ عەبدولڕەحمان:** دادپەروەرترین دیدگا لە کەرکووک دیدگای عەرەبە. برایانی کورد دەڵێن کەرکووک شارێکی کوردستانییە، برایانی تورکمان دەڵێن تورکمانیە، بەڵام عەرەبەکان دەڵێن شارێکی عێراقییە، ناڵێن عەرەبییە. هیچ سەرکردەیەک و سیاسیەک و سەرۆک هۆزێک و هیچ پیاوێکی دەسەڵاتداری عەرەب نەیگوتووە کەرکووک شارێکی عەرەبییە، ئەمەش دیدگای ئێمەیە و لە ڕاستیشدا کەرکووک عێراقییە و بۆ هەموو عێراقییەکانە، چونکە وەکو دەڵێن تێکەڵەی هەموو عێراقییەکانە، کوردی تێدایە تورکمان و عەرەبی سوننە و شیعەی تێدایە، مەسیحی و کلدۆئاشووری تێدایە. لەبەر ئەم هۆیەش ئێمە نابین بە لایەنێکی تایفی نەتەوەیی، بەڵکو کراوە دەبین و هەوڵدەدەین پارێزگاری لەو شارە عێراقییە بکەین، چونکە عێراق لەو پێکهاتە سەرەکیانە پێکدێت. ڕەخنەمان لە برایانی کورد هەیە کاتێک بەو شێوەیە باسی کەرکووک دەکەن. هەر ئەمەشە کێشە و دووبەرەکی لێدەکەوێتەوە، وەکو پێکهاتەی عەرەبی ڕەتیدەکەینەوە کەرکووک شارێکی کوردی بێت، هاوکات ڕەتیشیدەکەینەوە کەرکووک شارێکی تورکمانی بێت، تەنانەت لە ڕووی تام و چێژیشەوە تامێکی عێراقی هەیە".

**ڕووداو: پارێزگاری کەرکووک لە ڕۆژی ئاڵای کوردستاندا، بەشداری هەڵکردنی ئاڵای کوردستانی کرد، ڕاتان چییە لەسەر ئەوە؟**

**شێخ عەبدولڕەحمان:** پەیوەندییەکی باشم لەگەڵ جەنابی پارێزگاری کەرکووک هەیە، من ئەمڕۆ بە توندی گلەیی لێدەکەم، ئەمە لەسەری حیسابە و وەکو خاڵێکی نەرێنی لەدژی تۆمار دەکرێت. چونکە ئەو پارێزگاری کەرکوکە و پارێزگاری هەموو پێکهاتەکانە. باشتر وابوو لەم بۆنەیەدا ئاڵای عێراقی هەڵکردبایە، نەک ئاڵای هەرێمی کوردستان، چونکە کەرکووک بەشێک نییە لە هەرێمی کوردستان و ناشبێت، هەرچەندە کورد و زۆربەی سەرکردە سیاسییەکان ئەمە ئامانجیانە، تەنانەت میللەتیش هەمان ئاراستەی هەیە، بەڵام کەرکووک ناخرێتەوە سەر کوردستان سەرەڕای ئەو ڕەوشەی ئێستا تێیداین. چونکە ئەگەر کەرکووک بە ڕێگایەکی هەڵە خرایەوە سەر هەرێمی کوردستان، لەوانەیە سەقامگیری بەخۆیەوە نەبینێت، عێراقیش سەقامگیری بەخۆیەوە نابینێت.

**ڕووداو: گەنجانی کورد لە زانکۆ دەڵێن لە نێو زانکۆ ئاڵای "داعش"یان بینیوە لەلایەن هەندێک لە قوتابیانی عەرەبەوە هەڵکراوە؟**

**شێخ عەبدولڕەحمان:** بیانووە، ئەمەش بیانوویەکە هاوشێوەی قۆناغەکانی پێش 10/6 لە عێراق کە هەموو عەرەبێک بە تیرۆریست هەژماردەکرا، مادە چواری تیرۆر کرابووە چواری عەرەب، ئێستا شێوەزارەکە گۆڕاوە، چونکە قۆناغی تیرۆر قۆناغێک بوو تێپەڕی، ئێستا عێراق پێی ناوەتە قۆناغێکی دیکە پێیدەڵێن قۆناغی "داعش" یان دەوڵەتی ئیسلامی یان ئاڵای تایبەت بەو ڕێکخراوە، کەواتە ئەو بیانوو و پاساوانە لەگەڵ عەرەب دەمێننەوە تاوەکو قۆناغێکی دیکە دێتە پێش، وەکو دەرکەوتنی ڕێکخراوێکی دیکە یان لایەنێکی دیکە. ئەمڕۆ هەموو عەرەبەکان لە شەقام لەلایەن برایانی کوردەوە بە "داعش" هەژمار دەکرێن، ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە. ڕەنگە ئەم پرۆسەیەش فێڵێک بێت بەدڵنیاییەوەش فێڵێکە، چونکە ئەو قوتابیانە لە کەسوکاریان دوورن و هەندێکیان خەڵکی پارێزگا دوورەکانن. کەرکووکیش گەمارۆدراوە، چۆن دەتوانن بەو شێوەیە بیربکەنەوە، هەر کەسێکی ژیر بێت بەو شێوەیە بیر ناکاتەوە ئاڵای"داعش" لە نێو بەشە ناوخۆیی قوتابیان هەڵبکات. لە شەقامەکان ڕێی تێدەچێت، بەڵام بەشە ناوخۆیی نابێت.

**ڕووداو: پەیوەندیتان لەگەڵ سەرکردایەتی کورد لە هەولێر چۆنە؟**

**شێخ عەبدولڕەحمان:** پەیوەندیمان لەگەڵ گەلی کورد پەیوەندییەکی تۆکمە و مێژووییە ئێستا و لە ڕابردووش، گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە. پەیوەندیەکانمان لەگەڵ بنەماڵەی بارزانی زۆر بەهێزە، چ ئێستا و چ لە ڕابردووش. ئێمە ڕێز لەو پەیوەندییە دەگرین، وەکو بنەماڵە هیچ کێشەیەکمان نییە، بەڵام لەڕووی سیاسیەوە بیروڕامان جیاوازە، چونکە ئامانجی بنەماڵەی بارزانی کە زۆرجار لە مەسعود بارزانیمان بیستووە، باسی شاری کەرکووک دەکات و هیچ حیسابێک بۆ پەیوەندی عەرەبی ـ کوردی لە پارێزگای کەرکووک ناکات، بەڵکو بەوپەڕی جدییەوە دەڵێت کەرکووک کوردستانییە، ئەم قسەیە ڕاست نییە و قبوڵکراو نییە، چونکە دەبێ ڕێز لە هەستی عەرەبەکان، هۆزەکان و ئەو بنەماڵانە بگرێت کە پەیوەندییەکی زۆر بەهێزیان لەگەڵ بنەماڵەی ئەودا هەیە، لەگەڵ باب و باپیرانی بەو پێیەی ئەو وەچەی ئەو بنەماڵەیەیە، ڕێزی لە هەستی ئەو بنەماڵەیە نەگرتووە کە ناوێکی ناسراوە لە کەرکووک و سەرکردایەتی هۆزێکی گەورە دەکات لە پارێزگای کەرکووک کە ئەوانیش هۆزی (عوبەید)ە، باشتر وایە ڕێز لە سەرکردەو هەستی ئەو هۆزە بگرێت، ئایا سێ پارێزگا بەس نییە بۆ کورد؟

باشترە بۆ سەرکردایەتی سیاسی کورد ئەو ڕاستیە بزانن کە شاری کەرکووک بۆ پێکەوەژیانە نەک بۆ بەش بەشێنەی فلان و فلان لایەن.

**ڕووداو: بەڵام هەندێک لە عەرەب و تورکمانەکانیش دەڵێن کەرکووک شارێکی کوردستانییە و دەبێت بخرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان؟**

**شێخ عەبدولڕەحمان:** ئەمانە بە قودرەتی قادر لەملاو لەملا هەندێک دەنگیان بەدەستهێناو دەڵێن دەبێت کەرکووک بخرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئێمە بەو کەسانە دەڵێین خۆفرۆش (جاش) وەک چۆن کورد لەسەردەمی ڕژێمی پێشوو بەو جۆرە کەسانەی دەگوت خۆفرۆش، ئێمەش پێیاندەڵێین خۆفرۆش. جاشە عەرەبەکان و هەموو ئەو کەسانەی ئەو جۆرە لێدوانانە دەدەن، کەرکووک شارێکی کوردستانی نابێت و قەتیش نابێتە کوردستانی، بەڵکو شارێکی عێراقی دەبێت. ئەگەر هەموو ئەو لایەنانەی مەبەستی پیسیان هەیە کۆک بن و کۆببنەوە هێشتا کەرکووک هەر شارێکی عێراقییە.

**ڕووداو: تورکمانەکان پێداگری لەسەر ناسنامەی تورکمانیی کەرکووک دەکەن، لە داهاتوودا چی ڕوودەدات، ئێوە ناترسن شەڕی ناوخۆ دروستبێت لە کەرکووک؟**

**ئەو عەرەبانەی داوا دەکەن کەرکووک بخرێتەوە سەر کوردستان جاشن**

**پێشمەرگە بارەگای فیرقەی 12ی تاڵانکرد**

**شێخ عەبدولڕەحمان:** ئەوەی ئێستا عەرەبەکان لە شاری کەرکووک ڕووبەڕووی دەبنەوە ئاسان نییە، گەنجەکانمان تاوەکو ئێستاش ئەگەر دەتەوێ ناوەکانت پێدەڵێم، بەشێکیان کە زانیاریمان لەسەریان هەیە دەستگیرکراون، ونن، یان تەرمێکی بێدەنگە لە شەقام. لەدوای 10/6 ڕێژەکە بەرزبووەتەوە، بەرزبوونەوەیەکی ناسروشتی، ئەگەر سەردانی پزیشکی داد یان بنکەی پۆلیسی (لەیلان) یان بەئاراستەی (قەرەهەنجیر) بڕۆی ئینجا دەزانی و باسی ئەو تەرمانەت بۆ دەکەن کە فڕێدەدرێنە سەر شەقامەکان و زۆربەیان هی گەنجە عەرەبەکانن.

**ڕووداو: کێ گەنجە عەرەبەکان دەکوژێت؟**

**شێخ عەبدولڕەحمان:** عەرەبەکانی کەرکووک ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژی دەبنەوە.

لە بنەڕەتەوە ئەوان پەراوێزخراون، دوای ئەوەی ئیدارەی ئەمریکا لە دوای ساڵی 2003 ئیدارەی کەرکووکی ڕادەستی کورد کرد، بە زۆرینەش ئەو مافەی پێبەخشین، لە کاتێکدا بەپێی ئاماری ساڵی 1997 بە پێکهاتەی تورکمانیشەوە 12%ی دانیشتووانیان پێکنەدەهێنا کە ئەو ڕێژە دانیشتووانە کوردە ڕەسەنەکانی شاری کەرکووک بوون، بەڵام دوای هاتنی ئەمریکیەکان و بواردانیان بە پارت و هێزە سیاسییە کوردیەکان، تەنانەت هاووڵاتی کوردیان کڕی و هەریەکە و بڕی 4 هەزار دۆلاریان پێدان بۆ دروستکردنی خانوو لە نێو شاری کەرکووک، ئێستاش بناغەکانیان ماون و تەواو نەکراون، چونکە لە سەرەتاوە هەندێک پارەیان هەبوو دواتر پارە نەما، بۆیە ناچاربوون واز لەو پرۆژەیە بێنن. ئێمە دەڵێین ئەمریکییەکان دەسەڵاتیان بەخشیە کورد، عەرەب و تورکمانەکانیشیان لە ئیدارەی کەرکووک وەلانا، بەڵام ئێمە تاوەکو ئەمڕۆ بەرگەی ئەم ڕەوشەمان گرتووە، وەکو پێمگوتی عەرەبەکان ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژی و دەستگیرکردن دەبنەوە لە ئاکامی ناکۆکییەکانی نێوان لایەنە سیاسیەکان، قسە لەگەڵ پارێزگار دەکەی وەڵامت ناداتەوە، بەڵام هەندێک سەرکردەی یەکێتی ئۆباڵەکە دەخەنە ئەستۆی پارتی، قسە لەگەڵ پارتی دەکەی دەڵێن ئەوە کاری ئاسایشی یەکێتییە، ئەویش دەڵێت ئەوە ئاسایشی پارتییە، ئێستا ئێمە کەوتووینەتە نێوان ململانێی ئەو دوو پارتە، ئایا ئەمە ململانێیەکی زیرەکانەیە بۆ چۆڵکردنی ئەو پارێزگایە لە عەرەب و تورکمانەکان و گەنجانی ئێمە دەبنە قوربانی؟ بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو کێشانەش ئامادەین لەسەر مێزی گفتوگۆ دانیشین، ئەگەر دەستیان لەهەندێک شت هەڵگرت. لەو باوەڕەشداین لە کۆتاییدا بەدڵنیاییەوە توێژێکی سیاسی گەنجی کورد لە قۆناغی داهاتوو دێنە پێشەوەو ڕازی دەبن، چونکە زۆربەی گەنجەکانی کورد بەرەو دەرەوەی وڵات کۆچیان کردووە و شێوازی پێکەوەژیانی پێکهاتەکانیان بینیوە لە ئەڵمانیا، سوید و نەرویج، خوازیارین ئەو گەنجانە کە گەڕاونەتەوە و ڕەنگە هەندێکیان پۆستی باڵایان لە نێو دەسەڵاتدا هەبێت، پێکەوەژیانی پێکهاتەکان قبوڵ بکەن وەک چۆن خۆیان لە وڵاتانی ئەورووپا ژیاون.

**ڕووداو: مەبەستت دکتۆر نەجمەدینە؟**

**شێخ عەبدولڕەحمان:** نەخێر دکتۆر نەجمەدین نا، ئەو پیاوە ناگرێتەوە، چونکە لەوانەیە تەمەنەکەی ڕێگەی پێنەدات بەو شێوەیە بێت.

**ڕووداو: بەڵام عەرەب و تورکمانەکانیش دەنگیان بە دکتۆر نەجمەدین داوە لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان؟**

**شێخ عەبدولڕەحمان:** عەرەبە جاشەکان، ئەو عەرەبەی جگە لە لیستەکەی خۆی دەنگی بەهەرکەسێک داوە، تەنانەت نەجمەدین، ئەوە لە عەرەبە جاشەکانە. ئەمە بۆ تورکمانەکانیش هەر ڕاستە. ئەو عەرەبانەی دەنگیان داوە با سەیری ڕەوشی حەویجە و ناوچەکانی دەوروبەری بکەن، بەتایبەتی هێڵی نێوان ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی"داعش"و هێزی پێشمەرگە. خێزانەکان گەمارۆدراون، گەمارۆیەکی ئابووری و پزیشکی و شارستانی و کۆمەڵایەتی. خێزانەکان ناتوانن سەردانی یەکدی بکەن، لە کاتێکدا ئێمە ڕەگ و ڕیشەمان لە حەویجەیە، کەسوکارمان لە حەویجەیە. بۆیە داوا لە نەجمەدینی برامان دەکەین سەرپەرشتی دیالۆگ بکات لە ڕێگەی ئەو پرۆژانەی ئەنجامی دەدات. خوازیارین دڵی فراوان بکات بۆ دیالۆگ و زانیاریشمان هەیە کە ئەو لەلایەن پارتییەوە کەسێکی قبوڵکراو نییە، بەو پێیەی لەدەرەوەی دەسەڵاتی ئەوان لەدەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان کاردەکات و بە شێوازی خۆی کاردەکات. من لەو ڕووەوە لەگەڵیدام کە هەوڵبدات کەرکووکچی بێت. کەرکووک نەخاتە نێو دڵی هەرێمەوە، بەڵام بە هەڵکردنی ئاڵای هەرێمی کوردستان ئەو بۆچوونەمان لە بەرامبەر ئەو دەگۆڕێت. بەپێی زانیارییەکانی ئێمە ئەو بانگەشەی بەهەرێمبوونی کەرکووکی دەکرد، پرۆژەیەکە دەکرێت لەبارەیەوە گفتوگۆ لەگەڵ نەتەوەکانی عەرەب و تورکمان بکرێت. دەکرێت لەم ڕووەوە بگەینە ئەنجامێک، بەڵام ئەوە مانای وانییە ئێمە ڕازین بەوەی کەرکووک بکرێتە هەرێم. ئێمە دژی بەهەرێمکردنی عێراقین. دژی بە فیدراڵیکردنی عێراقین، دەمانەوێ عێراق یەکگرتوو بێت دوور لە هەرێمی شیعە و سوننە و کورد، بەڵام پرۆژەکە نوێیە و بیرۆکەیەکی نوێیە، دەکرێت لەڕێگەی گفتوگۆوە بگەینە ئەنجامێکی باش.

**ڕووداو: قسەمان لەگەڵ حەسەن تۆران کرد لە بەرەی تورکمانی، بە بەراورد لەگەڵ عەرەب ئەوان لە سەرکردەکانی کورد ڕازین، بۆچی ئێوە لە تورکمانەکان زیاتر تێبینیتان هەیە؟**

**شێخ عەبدولڕەحمان:** نازانم، نامەوێ پێت بڵێم. دەزانم حەسەن تۆران چۆن بیردەکاتەوە و لەگەڵیشی دانیشتووم، بەڵام نامەوێ خۆمی تێوەبگلێنم. ئێمە وەکو پێکهاتەی عەرەب قبوڵ ناکەین بڵێن کەرکووک شارێکی کوردییە یان کوردستانییە، چونکە ئێمە گەلێکین لە نێو ئەو پارێزگایەدا دەژین، هیچ پێکهاتەیەکیش لە ئێمە کۆنتر نییە. لە کەرکووک و ناوچەکانی دەوروبەری مێژوومان هەیە، بەڵام دەکرێت پێکبێین و دەکرێت پێکەوە بژین. شیاوە ڕێگە بە هەر سەرکردەیەکی سیاسی بدەین زیادەڕەوی لەئاستی ئەو پارێزگایە بکات. تەنانەت لەسەر ئاستی هەموو عێراق سەرکردەکانی ئێستا و داهاتووش ناتوانن زیادەڕەوی لە بەرامبەر پارێزگایەکی وەکو کەرکووک بکەن، چونکە مێژوو ڕوحمیان پێناکات. پێشتر سەرکردەکانی کورد باسیان لە فیدراڵی دەکرد، کەچی ئێستا باسی کۆنفیدراڵی دەکەن، خۆم لە بەڕێز نێچیرڤانم بیستووە باسی کۆنفیدراڵی کردووە. کەواتە برایانمان بەرەو دامەزراندنی دەوڵەت هەنگاو دەنێن. ئەگەر فیدراڵیەت بێت دەکرێت دەست لە هەندێک شت هەڵبگیرێت، بەڵام ئەگەر فیدراڵی هەبێت واتا دەوڵەت هەیە. زیادەڕەوی لە ئاست کەرکووک ناکرێت نە لەلایەن سەرکردەکانی شیعە نە سەرکردەکانی سوننە.

**ڕووداو: ئێستا شەڕ لەگەڵ ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی "داعش" لە ئارادایە، ئێوە بەشداریتان کردووە یان بەشداری دەکەن لەو شەڕە، یان بێلایەنن؟**

**شێخ عەبدولڕەحمان:** لەکاتی هاتنی ئەمریکا بۆ عێراق لە ساڵی 2003 و پشتگیریکردنی ئاسایش و پێشمەرگە لە کەرکووک هەموو دەسەڵاتێکیان لە ئێمە داماڵی و تەنانەت شتی شاراوەشیان کرد، ئێمە هیچ هێزێکمان نییە ئێستا، داماڵراوین و ناتوانین بەرگری لە هیچ لایەنێک بکەین، ئەو چەکدارانەی لە شۆڕجەو ڕەحیماوە هاتوون لە دەرەوەی شوورەی زانکۆ تەقە دەکەن، ئەگەر چەکمان هەبووایە ڕێگەمان نەدەدا خەڵکی حوزەیران بەسەریاندا بدەن، دەمانتوانی خەڵکی حوزەیران لە زانکۆ دەربکەین.

**ڕووداو: پێتوایە دوای 10 ساڵ هیچ شتێک لە کەرکووک گۆڕاوە؟**

**شێخ عەبدولڕەحمان:** خوازیارین سەرکردە سیاسیەکانی کورد، ئەگەر دکتۆر نەجمەدین ڕێگام پێبدات، دەکرێت دیالۆگ بکەین بۆ نزیککردنەوەی بیروڕاکان و سازانی سیاسی لەو پارێزگایە و بگەینە ئەنجامێک. ئێمە کەسانێکین توندڕەو نین، کەسی بەرامبەر قبوڵ دەکەین. ئێمە برایانی کورد و تورکمان و کلدۆئاشوورییەکان بەهاوبەشی خۆمان دەزانین لەم پارێزگایە، برا و هاوبەشی ئێمەن تەنانەت ڕێژەی 32%شمان قبوڵە، هەرچەندە زەرەریش دەکەین کە بۆ ئیدارەکردنی ئەو پارێزگایە خراوەتەڕوو. خوازیارین لە 10 ساڵی داهاتوودا برایانی کوردمان باشتر تێبگەن، کە دانیشتووە ڕەسەنەکانی شاری کەرکووک خاوەن بڕیاربن و سەرکردەیان لێ دەربکەوێ و ڕازیبن لەگەڵ تورکمان و عەرەب و کلدۆئاشوورییەکان بژین بۆ بونیادنانەوە و پێشخستنی ئەم پارێزگایە.

ئێمە هیچ کێشەیەکمان نییە. ئەوە دراوسێکانمان هەموویان کورد و تورکمان و شیعەن و پێکەوەش دەژین و زۆریش تەباین، بەڵام خوا لە دەستێوەردانی هەرێمی کوردستان بمانپارێزێ، ئێمە بەوپەڕی ئومێدەوە دەژین. لەوانەیە لە 10 ساڵی داهاتوودا بەوپەڕی خۆشی و سەقامگیری و ئەمانەتەوە بژین و ئەمن و ئاسایش بگەڕێتەوە کەرکووک و عێراق و هەموو پارێزگاکانی دیکە.

**ڕووداو: میلیشیای شیعە لە پارێزگای کەرکووک هەیە، هەڵوێستتان چییە لەو میلیشیایانە؟**

**کورد هەموو عەرەبێک بە داعش حیساب دەکات**

**بارزانی هیچ حیسابێک بۆ پەیوەندی عەرەب و کورد لە کەرکووک ناکات**

**شێخ عەبدولڕەحمان:** هێزی خۆبەخشان (حەشدی شەعبی) پرۆژەیەکی کاتییە. ئێمە لەگەڵ دەسەڵاتداین، ئێمە لەگەڵ ئەوەداین چەک بەدەست سوپاو پۆلیسەوە بێت و سازش لەسەر ئەوە ناکەین، ئێستا هەندێک چەکدار لە گوندی بەشیر، تازەو خورماتوو هەن ئەوانە نابنە کێشە و هیچ ڕۆڵێکیشیان نابێت، بەم هێزە ناتوانن هیچ گۆڕانێک لە ناوچەکەدا بکەن، ئەگەر دەوڵەت هێزی زیاتر بێنێت بۆ ڕێکخستنەوەی ئەو سوپایە، ئێمە فیرقەی 12 مان هەبوو دوای ئەوەی بارەگای فیرقە پاشەکشەیان کرد، دەپرسین کێ بارەگای فیرقەی تێکدا، کێ بارەگای فیرقەی 12ی تاڵانکرد؟

**ڕووداو: هێزی پێشمەرگە بوو؟**


**شێخ عەبدولڕەحمان:** بەڵێ هێزی پێشمەرگە بوو. لەبەرچاوی هاووڵاتیان و هەموو جیهان، ئەوان بوون دەزگایەکی سەربازیی تەواویان وێران کرد، لە کاتێکدا هەموو کەرەستەکانی فیرقەی 12 گواسترابووەوە ئەوێ، پێشمەرگەش هەڵیکوتایە سەری و دەستدرێژییان کردە سەر ئەفسەرەکان و چەک و کەرەستەکانیان بەتاڵان برد، ئەگەر نیازیان پاک و ڕاستگۆبووایە مەبەستیان سەقامگیری ئەمن و ئاسایشی ناوچەکە بووایە، بارەگای فیرقەیان تاڵان نەدەکرد، لەوانەبوو ڕۆڵێکی باشیان لە ناوچەکە گێڕابایە، بەڵام پرۆسەکە بە مەبەست بوو، وەکو بڵێی ئەوانیش بەشێک بوون لەو پیلانگێڕییەی دژی عێراق ئەنجامدرا.

ڕووداو
ئابووری
ژمارە (339) دووشەممە 2014/12/22

## ئاشتی هەورامی ڕەخنە لە گرێبەستە نەوتییەکانی عێراق دەگرێت

**ڕووداو- هەولێر**

ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سرووشتییەکانی هەرێمی کوردستان، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی تەلەگرافی بەریتانی، باس لە گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان دەکات و لەگەڵ گرێبەستەکانی عێراق هەڵیاندەسەنگێنێت. هەورامی ڕەخنە لە گرێبەستە نەوتییەکانی عێراق دەگرێت و دەڵێت، حکومەتی عێراق کار بە جۆرە گرێبەستێک دەکات کە تەنیا لە ئێران و ڤەنزوێلا کاری پێدەکرێت، لە کاتێکدا ئێمە کار بە مۆدێلێک لە گرێبەست دەکەین کە لە دەریای باکوور کاری پێدەکرێت، بەشێوەیەک لەو گرێبەستانەدا ریسک و خەڵات لە نێوان حکومەت و کۆمپانیا نەوتییەکان هاوبەش دەکرێت.



بەهۆی کەمیی گەشتیارەوە

# کەرتی گەشتیاری لە کوردستان 850 ملیۆن دۆلار زیانی پێگەیشتووە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەرپرسێکی گەشتوگوزار دەڵێت بەهۆی هێرشی داعش و ئەو قەیرانە داراییەی تووشی هەرێمی کوردستان هات، کەرتی گەشتیاری لە پاشەکشەدایە، بە جۆرێک ڕێژەی هاتنی گەشتیار بۆ کوردستان بەراورد بەساڵی رابردوو 85% کەمی کردووە، بەم هۆیەشەوە کەرتی گەشتیاری زیانی 850 ملیۆن دۆلاری پێگەیشتووە.

بەپێی ئاماری دەستەی گەشتوگوزار، لە 6 ساڵی رابردوودا کەرتی گەشتیاری لە کوردستان گەشەسەندنی باشی بەخۆوە بینی، بەجۆرێک ژمارەی هاتنی گەشتیاران لە 600 هەزار گەشتیارەوە بۆ نزیکەی 3 ملیۆن گەشتیار لە ساڵێکدا بەرزبووەوە، بەڵام ئەمساڵ ژمارەی هاتنی گەشتیار زۆر کەمی کرد.

هێرش ئەحمەد، سەرۆکی کۆمەڵەی میوانخانە و چێشتخانە و ڕێستۆرانتەکانی کوردستان دەڵێت، ژمارەی هاتنی گەشتیار لە 6 مانگی یەکەمی ئەمساڵدا زۆرباش بوو، بەراورد بەساڵی رابردوو 8% زیادی کردبوو، بەڵام لەدوای گرتنی مووسڵ و گرتنی هەندێک لە ڕێگاکانی هاتوچۆی نێوان شارەکانی عێراق و کوردستان لەلایەن داعشەوە، ژمارەی هاتنی گەشتیار بە ڕێژەی 85% کەمی کرد، لەشەش مانگی رابردوودا تێکڕای ژمارەی هاتنی گەشتیار لە میوانخانەکان نەگەیشتووەتە 150 هەزار گەشتیار، ئەمەش زیانی زۆری بەداهاتی گەشتیاری گەیاندووە.

وەک بەرپرسانی گەشتوگوزار باسی دەکەن، داهاتی گەشتیاریش شانبەشانی ژمارەی گەشتیاران لە هەڵکشاندابووە. لەساڵی 2012دا داهاتی ئەو کەرتە گەیشتە زیاتر لە 700 ملیۆن دۆلار. ساڵی رابردووش کە نزیکەی سێ ملیۆن گەشتیار هاتبوونە کوردستان، داهاتی کەرتی گەشتیاری نزیکەی یەک ملیار دۆلار بوو.

هێرش ئەحمەد دەڵێت "ئەمساڵ بەهۆی کەمیی گەشتیار، داهاتی ئەم کەرتەش کەمی کردووە، بۆیە دەتوانین ئەمساڵ بەساڵی نەهاتی کەرتی گەشتیاری دابنێین، چونکە بەهۆی کەمیی گەشتیار زیاتر لە 800 تاوەکو 850 ملیۆن دۆلار زیان بە ئابووریی کوردستان گەیشتووە".

### ئامارێکی دروست نییە

نادر روستی، گوتەبێژی دەستەی گەشتوگوزار لەهەرێمی کوردستان، دەڵێت بەهۆی تێکەڵبوونی گەشتیار و ئاوارە، دەستەکەیان تاوەکو ئێستا نەیتوانیوە ئامارێکی دروستیان لەبارەی ژمارەی راستەقینەی هاتنی گەشتیاران دەستبکەوێ، بەڵام بەپێی داتا سەرەتاییەکان بەشێوەیەکی گشتی ژمارەی گەشتیاران بەراود بەساڵی رابردوو 60% کەمی کردووە".

ناوبراو گوتی "هێرشەکانی داعش و قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان و خراپبوونی بارودۆخی ئاسایشی ناوچەکە، زیانی زۆری بەکەرتی گەشتیاری گەیاندووە، بۆتە هۆی وەستان و سستبوونی بەشی زۆری پرۆژە گەشتیارییەکان، بەم هۆیەشەوە ئەمساڵ وەک پێویست نەمانتوانی پلانی گەشەپێدانی کەرتی گەشتیاری جێبەجێ بکەین".

سەرۆکی کۆمەڵەی میوانخانەو چێشتخانە و ڕێستۆرانتەکانی هەرێمی کوردستان دەڵێت لەم بارودۆخەی ئەمساڵ رووبەرووی هەرێمی کوردستان بووەوە، زیاتر لەهەموو کەرتەکانی دیکە زیان بەر کەرتی گەشتیاری کەوتووە و زەرەرمەندی یەکەم ئەوانن، بۆیە داوا لە حکومەت دەکات رەچاوی بارودۆخەکەیان بکات و ئەمساڵ لە باجی دەرامەت و کرێی کارەبا و بیمەی کرێکارانیان خۆش بێت.

ناوبراو هۆشداری کەوتنی کەرتی گەشتیاری دەدات و دەڵێت "بەهۆی کەمیی ژمارەی گەشتیار زیاتر لە32 میوانخانە دەرگایان داخستووە. زۆربەی میوانخانەکانیش ژمارەی کرێکارانیان بۆ 50% دابەزاندووە. تەواوی جموجۆڵی پڕۆژەکانی کەرتی گەشتیاری وەستاون، بۆیە ئەگەر ساڵی داهاتوو بارودۆخ بەمشێوەیە بمێنێ و حکومەت ئاسانکاری لەبازگەکان و فرۆکەخانەکان بۆ هاتنی گەشتیار نەکات، کەرتی گەشتیاری بەتەواوی هەرەس دەهێنێ".

گوتیشی "داواکارم لەحکومەت فریامان بکەوێت، پلانێکی تۆکمە دابڕێژێت تاوەکو ئەم کەرتە نەکەوێت، چونکە ئەم کەرتە ئەگەر بەرەوپێش ببردرێت هێندەی داهاتی نەوت سوود بەئابووریی کوردستان دەگەیەنێت".

نادر روستی دەڵێت، گەشتوگوزار بەبێ کەرتی تایبەت هەرگیز پێشناکەوێت، بۆیە ئەوان وەک دەستەی گەشتوگوزارداخوازییەکانی کۆمەڵەی میوانخانەو چێشتخانەکان لەبەرچاو دەگرن، گوتیشی "پێشبینی دەکەین سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخەکە بڕیارێکی لێبووردن لە هەندێ باج دەربکات، وەک چۆن بەبڕیارێک روسماتی کەرتە گەشتیارییەکانی لە 20%ەوە بۆ 15% کەمکردەوە".

ئیدریس رەمەزان، پسپۆڕی ئابووری و مامۆستای کۆلێژی ئابووری دەڵێت ئەمساڵ سێکتەری گەشتیاری تووشی پاشەکشەیەکی گەورە بووە، تەنانەت سێکتەرەکە بەجۆرێک لاواز بووە لەوانەیە تا چەند ساڵێکی دیکە ئەم کەرتە بەو ئاستە نەگاتەوە کە ساڵی رابردوو لەداهات و ژمارەی گەشتیاران تۆماری کرد".

گوتیشی "بارودۆخەکە لە حاڵەت دەرچووە کە حکومەت بتوانێ لەرێگەی کەمکردنەوەی باج و کرێی کارەبا و روسومات باری لاسەنگی ئەم کەرتە راستبکاتەوە، بۆیە بەبڕوای من تا بارودۆخی رامیاری و دارایی و ئاسایشی ناوچەکە وەکو خۆی لێ نەیەتەوە و گەشتیارانی خوارووی عێراق روو لە کوردستان نەکەنەوە بۆ گەشت، ئەم کەرتە گەشە ناکات و ناگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆی".



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

**ئاماری هاتنی گەشتیاران بۆ کوردستان لە 6 ساڵی رابرووودا**

| پارێزگا | 2008 | 2009 | 2010 | 2011 | 2012 | 2013 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 211,780 | 426.398 | 615,479 | 1,168,174 | 1,518,830 | 2,029,623 |
| سلێمانی | 119.416 | 131,932 | 229,663 | 314.974 | 374,276 | 444,807 |
| دهۆک | 227.664 | 233,015 | 468,699 | 219,242 | 302,004 | 444,414 |
| گەرمیان | - | - | - | - | 21,883 | 33,183 |
| کۆی گشتی | 558,860 | 791,345 | 1,313,481 | 1,702,390 | 2,216,993 | 2,952,027 |

ڕۆژانە پێویستیان بە یەک کیلۆیە

# وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ هەر مانگێک کیلۆیەک جۆی بۆ ئاژەڵ داناوە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

ئاژەڵدارانی کوردستان دەڵێن ئاژەڵەکانیان لە ساڵێکدا 5 مانگ پێویستیان بە ئالیک هەیە، بەڵام وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ هەر سەرێک ئاژەڵ بۆ ماوەی ئەم پێنج مانگە تەنیا 5 کیلۆ جۆ دەداتە جوتیاران، لە کاتێکدا هەر ئاژەڵێک رۆژانە کلیۆیەک جۆ دەخوات.

فاروق عەلی، بەڕێوەبەری بەرهەمهێنانی دانەوێڵە لە کوردستان دەڵێت، ئەمساڵ بەهۆی کەمیی بودجە نەیانتوانی جۆی پێویست بۆ ئالیکی ئاژەڵ دابین بکەن، ئەو بڕەشی دابەشیانکردووە زۆر کەمە، بۆیە داوا لە ئاژەڵداران دەکات پشت بەخۆیان ببەستن.

ساڵانە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، وەک پاڵپشتییەک بۆ ئاژەڵداران بەگوێرەی ژمارەی ئاژەڵەکانیان بە نیوەی نرخی بازاڕ جۆ بەسەر ئاژەڵداراندا دابەش دەکات، بۆ ئەمساڵیش بەدوو قۆناغ 22 هەزار و 600 تۆن جۆی بەسەر ئاژەڵداراندا دابەشکردووە.

فاروق عەلی کە سەرپەرشتی کڕینەوەی جۆی کردووە، بە (ڕووداو)ی گوت "کڕینەوەی جۆ بە دوو قۆناغ بوو، لەقۆناغی یەکەمدا لە مانگی ئەیلول 14 هەزار تۆن جۆمان لە جوتیاران کڕییەوە و بەسەر ئاژەڵداراندا دابەشمان کرد، لەقۆناغی دووەمیش 8600 تۆن جۆمان لە هەولێر کڕییەوە و دابەشمان کرد".

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ، 5 ملیۆن و 743 هەزار و 48 سەر ئاژەڵ (مەڕ و بزن و رەشەوڵاخ) لە هەرێمی کوردستاندا هەن.

فاروق عەلی دەڵێت "لەساڵانی پێشوودا وەزارەتی بازرگانیی عێراق دانەوێڵەی دەکڕییەوە، بەڵام لەساڵی رابردووەوە حکومەتی عێراق ئەرکی کڕینەوەی (جۆ)ی خستە سەر وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق، وەزارەتی ناوبراویش ئامادە نەبوو بەشی کوردستان دابین بکات، بۆیە وەزارەتی کشتوکاڵی کوردستان ئەمساڵ لە پارەی شیرینیی نەوت جۆی کڕییەوە".

حەسەن پیرەمێرد، ئاژەڵدارێکی گوندی مام چۆغانی سەر بەناحیەی کەسنەزانی پارێزگای هەولێرە، یەکێکە لەو ئاژەڵدارانەی ئەمساڵ سوودمەند بووە لەوەرگرتنی جۆ. ئەو دەربارەی نرخ و بڕی ئەو جۆیەی وەریگرتووە گوتی "بۆ هەر سەر ئاژەڵێک 5 کیلۆ و 500 گرام جۆیان بە نیوەی نرخی بازاڕ بۆ دابین کردووین، بەڵام ئەم بڕە زۆر کەمە، چونکە ئێمە بەهۆی نەبوونی لەوەڕ لە مانگی تشرینی دووەم تاوەکو مانگی ئادار کە دەکاتە 5 مانگ، ئالیک دەدەینە ئاژەڵەکانمان، هەر ئاژەڵێکیش رۆژانە بەلانیکەم کیلۆیەک جۆ دەخوات".

ئەو بڕە جۆیەی حەسەن بۆ ئاژەڵەکانی وەرگرتووە، پێی زۆر کەمە "وەک ئەوە وایە کەسێک لەبەیانییەوە تاوەکو ئێوارە بەڕۆژوو بێت، ئێوارەش کەوچکێک ئاوی بدەیتێ بۆ شکاندنی رۆژووەکەی"، بەڵام ئەو هێشتا پێی رازییە و دەڵێت "هەر هیچ نەبێت نرخی جۆ لە بازاڕ کەمێک دادەبەزێنێ".

بەشی سنووری پارێزگای هەولێر لەو بڕە جۆیەی وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ ئاژەڵدارانی دابینکردووە 7 هەزار و 100 تۆن بووە، ئەمە لەکاتێکدایە ئاژەڵدارانی هەولێر پێویستیان بە 62 هەزار تۆن جۆیە.

عەبدولخالق عەبدولقادر، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە هەولێر دەڵێت ئەو بڕە جۆیەی ئەمساڵ بۆ ئاژەڵداران دابینکراوە

بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە سلێمانی:

**داوامانکردووە بۆ ساڵانی داهاتوو چیدی جۆ بۆ ئاژەڵداران دابین نەکرێت**

زۆر کەمە و بەشیان ناکات. هەروەها دەڵێت بەهۆی کەمیی بڕەکەی نەیانتوانیوە جۆ بدەنە ئەو ئاژەڵدارانەی رەشەوڵاخیان هەیە.

وەک عەبدولخالق باسیکرد، ئەوان هەموو ساڵێک بۆ دابینکردنی پێداویستی ئالیک پلانی خۆیان بەگوێرەی زیادبوونی ژمارەی ئاژەڵەکان ئاراستەی وەزارەت دەکەن، بەڵام بەهۆی کەمیی بودجە، وەزارەت هەر ئەوەندەی لەتوانادا هەیە کە ساڵانە بۆ هەر سەر ئاژەڵێک 5 کیلۆ تا 7 کیلۆ جۆ دابین بکات، ئەم بڕەش تەنیا پێداویستی چەند رۆژێکی ئاژەڵدارانە، بەڵام کاریگەری زۆرباشی دەبێت لەسەر کەمکردنەوەی نرخ لە بازاڕ.

پسپۆڕانی بواری ئاژەڵداری دەربارەی پێداویستی هەر سەر ئاژەڵێک بۆ ئالیک دەڵێن، هەر ئاژەڵێک (مەڕ یان بزن) رۆژانە پێویستی بەیەک کیلۆگرام جۆ هەیە، رەشەوڵاخێکیش رۆژانە پێویستی بە 5 تا 7 کیلۆگرام ئالیک هەیە.

بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە هەولێر دەڵێت "ئێستا بەهۆی کەمیی بودجە حکومەت ناتوانێ جۆ بۆ ئاژەڵداران دابین بکات، ئەرکی حکومەت لەم قۆناغەدا تەنیا ئەوەیە کە پرۆژەکان رێکبخات و هاوسەنگیی نرخی ئالیک لە بازاڕ رابگرێت".

ناوبراو گوتیشی "پێویستە لەسەر ئاژەڵداران لەم قۆناغەدا پشت بەخۆیان ببەستن، تاکە رێگەش بۆ دەربازبوون لەو گرفتە ئەوەیە هەر ئاژەڵدارێک ئەگەر 200 تا 300 ئاژەڵی هەبێت، پێویستە 50 تاوەکو 100 دۆنم زەوی جۆ بچێنێت و بەرهەمەکەی بۆ پێداویستی ئاژەڵەکانی دابنێ".

هاوشێوەی پارێزگاکانی دیکە، بەشی پارێزگای سلێمانیش لەو بڕە جۆیەی وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ هاوکاریی ئاژەڵدارانی دابینکردووە، ئەمساڵ تەنیا 6 هەزار و 800 تۆن بوو.

شەوکەت عەزیز، بەڕێوەبەری سامانی ئاژەڵ لە سلێمانی دەڵێت "بەهۆی کەمیی بڕەکە ناچاربووین هەر سەر (مەڕ و بزن) ێک 4 کیلۆگرام و بۆ هەر سەر رەشەوڵاخێکیش یەک کیلۆگرام جۆ دابین بکەین، ئەم بڕەش زۆر کەمە، بەڵام توانای وەزارەتی کشتوکاڵ ئەمساڵ هەر ئەوەندە بوو".

گوتیشی "ئەگەر بڕیار بێت 100% ئالیک بۆ ئاژەڵداران دابین بکەین، لەوانەیە هەموو بودجەی کوردستان بەشی ئالیکی ئاژەڵەکانی کوردستان نەکات، بۆیە بەبڕوای من چیدی پێویست ناکات جۆ بۆ ئاژەڵدار دابین بکرێت، چونکە بەرنامەی دابەشکردنی جۆ لەبنەڕەتدا بۆ مانەوە و لەناونەچوونی ئاژەڵان بوو، بەرنامەکەش ئامانجی خۆی پێکا، بۆیە داوامانکردووە بۆ ساڵانی داهاتوو چیدی جۆ بۆ ئاژەڵداران دابین نەکرێت".



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

# کۆمەڵ و یەکگرتوو دەیانەوێ لە پەرلەمان یەکبگرن

ڕووداو- سلێمانی

هەنگاوەکانی هەردوو فراکسیۆنی (یەکگرتوو و کۆمەڵ)ی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان بەرەو یەکگرتن دەڕوات، بەڵام پێناچێت لە بەغدا بتوانن هەمان هەنگاو بنێن، چونکە پێیانوایە بارودۆخی کوردستان و عێراق جیاوازن.

یەکگرتووی ئیسلامی لە دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا 10 کورسی و کۆمەڵیش 6 کورسی بەدەستهێنا. هەردوولا جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە دەتوانن لە حاڵەتی یەکگرتنیاندا بە 16 کورسییەوە قورسایی زیاتریان هەبێت، بەڵام لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق یەکگرتوو کە 4 کورسی و کۆمەڵیش 3 کورسی هەیە، تائێستا ئەو هەماهەنگییەیان نییە.

## داوای ئەمیندار و ئەمیرە

محەممەد فەرەج، ئەمینداری یەکگرتووی ئیسلامی لەگەڵ عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵ بە ئامادەبوونی مەکتەبی سیاسی هەردوولا، چوار مانگ لەمەوبەر بڕیاریان دا هەماهەنگیی نێوان هەردوو حیزب زیاتر بێت، بەشێوەیەک بگاتە ڕادەی یەکگرتنی فراکسیۆنەکانیان لە پەرلەمانی کوردستان و عێراق، لەو کاتەوە هەردوو فراکسیۆن لە پەرلەمانی کوردستان پێکەوە کاردەکەن.

ئەبوبەکر هەڵەدنی، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە لەوکاتەوە ئەوان بەیاننامەی هاوبەشیان دەرکردووە و پڕۆژەی هاوبەشیشیان پێشکەش کردووە، ئەمە جگە لە پرس و ڕا گۆڕینەوە لەسەر مەسەلە سیاسییەکان.

بە گوتەی هەڵەدنی، ئەگەر بزانن ئەو هەماهەنگییە لە بەرژەوەندی هەردوولایە و ڕەنگدانەوەی باشی دەبێت لەسەر کادیر و جەماوەری هەردوولا، ئەوا هەنگاو بۆ یەکگرتنی هەردوو فراکسیۆن دەنێن "کارکردنی هەردوو فراکسیۆن لە یەکەوە نزیکە، چونکە زیاتر ئامادەکردنی پڕۆژە یاسا و پڕۆژە بڕیار و دەرکردنی بەیاننامەی هاوبەش و چاودێریکردنی حکومەتە، بۆیە ئەگەر یەکبگرین کارێکی ئاساییە".

## جیاوازییەکان کاڵ بوونەتەوە

ئەوەی زیاتر هانی ئەو دوو حیزبەی داوە بۆ کارکردنی هاوبەش لە پەرلەمانی کوردستان، ئەزموونێکی پێشتریان بووە کە چوار ساڵ لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان ئۆپۆزیسیۆن بوون، بۆیە ئێستا پێیانوایە خاڵە لێکچووەکانیان لە جیاوازییەکانیان زۆرترە.

مەروان گەڵاڵی، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان گوتی ئەوان و یەکگرتوو خاڵی لێکچوویان لە جیاوازییەکان زیاترە و هەوڵ دەدەن لەگەڵ فراکسیۆنی بزووتنەوەش یەکبگرن.

هەرچەندە زۆرجار دەگوترا کە ئەم دوو حیزبە لەڕووی فیکرییەوە جیاوازییان هەیە بۆیە ئەستەمە یەک بگرن، بەڵام گەڵاڵی ئەو بۆچوونەی ڕەتکردەوە و گوتی "لەڕووی فیکرەوە کێشەمان نەبووە، بەڵام پێش ڕووخانی ڕژێمی پێشوو لەڕووی ئاڕاستەی کارکردنەوە جیاواز بووین، بەو پێیەی ئێمە هێزی چەکدارمان هەبوو، باوەڕمان بە جیهاد هەبوو، بەڵام یەکگرتوو زیاتر باوەڕیان بە پەروەردەی میانڕەو هەبوو".

## بەغدا جیاوازە

ڕەنگە کارکردنی هێزە سیاسییەکان لە کوردستان جیاواز بێت وەک لە بەغدا، بەو پێیەی لە بەغدا کارکردنە لەگەڵ هێزە عێراقییەکان، بۆیە لایەنە کوردییەکان ڕەچاوی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان دەکەن.

د.موسەننا ئەمین، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێت، ئەوان لە بەغدا نەک هەر لەگەڵ کۆمەڵ، بەڵکو لەگەڵ هەموو لایەنە کوردییەکان پەیوەندییان زۆرباشە و گوتی "ڕەنگە ئەو جیاوازییانەی لە کوردستان ڕێپێدراوە، لێرە وا نەبێت، چونکە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە، بەڵام ئێمە و کۆمەڵ یەک پەیاممان هەیە و جیاوازی لە ئاراستەی سیاسیماندا نییە".

د.موسەننا ئەمین گوتی کارکردنیان لە بەغدا هێشتا سەرەتایە و تائێستا سەرقاڵی دانانی سەرۆکایەتی لیژنەکان و سەرۆکایەتییەکان بوون و کارکردنی ئەوان و کۆمەڵ نەگەیشتووەتە ئاستی هەماهەنگی زۆر، بەڵام باوەڕیان بەوەیە کە ئەو هەنگاوە بەرەو پێشتر بڕوات.



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

## "پێویست ناکات"

بەپێچەوانەی پێشنیازەکەی ئەمیر و ئەمیندارەوە. ئەحمەدی حاجی ڕەشید، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵ لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی گوت کە لە بەغدا دەبێت هەموو فراکسیۆنە کوردییەکان پێکەوە بن، نەک تەنیا ئەوان و یەکگرتوو، لەوبارەیەوە گوتی "شتی تایبەتی لە نێوان ئێمە و یەکگرتوو نییە وەکو بەیاننامەی هاوبەش، بۆ نموونە لەکوردستان دەکرێت هەندێک هەڵوێستی ئیسلامی پێکەوە دەربببڕدرێت، بەڵام لە بەغدا هەمووی هەڵوێستی نیشتمانییە و جیاواز نییە لە هەڵوێستی لایەنەکانی دیکە".

ئەو پەرلەمانتارەی کۆمەڵ گوتیشی "پێویستمان بەوە نییە لە بەغدا هەڵوێستی هاوبەشمان هەبێت، چونکە لەوێ گرفتەکان نەتەوەیین و پێویستی بە هەڵوێستی هەر پێنج لایەنەکەیە".

## تاوەکو ئێستا دووجار بانگی کردوون

# بزووتنەوەی گۆڕان گلەیی لە وەزیرەکانی نییە

ڕووداو- سلێمانی

لە سەرەتای دەستبەکاربوونیانەوە تاوەکو ئێستا، بزووتنەوەی گۆڕان دوو جار وەزیرەکانی بانگکردووەتەوە، یەکێکیان بۆ جڤاتی نیشتمانی و ئەوەی دیکەش بۆ جڤاتی گشتی، ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی دەڵێت کە پەشیمان نین لەو وەزارەتانەی وەریانگرتوون.

بزووتنەوەی گۆڕان ئەو بەڵێنەی بردە سەر کە لەسەروبەندی بانگەشەی هەڵبژاردن بە هەوادارانی خۆی دابوو، کاتێک دروشمی "بەرەو دەسەڵات"ی بەرز کردەوە. دواتر بە وەرگرتنی دوو وەزارەتی سیادی و دوو وەزارەتی ئاسایی و چەند دەستەیەک، ڕازی بوو بەشداری ئەم کابینەیەی حکومەت بکات.

19ی ئەم مانگە، شەش مانگ بەسەر دەستبەکاربوونی کابینەی نوێ تێپەڕی کە بزووتنەوەی گۆڕان بە وەرگرتنی وەزارەتەکانی دارایی و ئابووری، کاروباری پێشمەرگە، بازرگانی و پیشەسازی، ئەوقاف و کاروباری ئاینی بەشداریی تێدا کردووە. بەرپرسانی ئەو بزووتنەوەیە دەڵێن سەرباری سەرهەڵدانی شەڕی داعش و گەمارۆی ئابووریی بەغدا لەسەر هەرێمی کوردستان، هێشتا ئەوان بەردەوامن لە ئەنجامدانی چاکسازی لە چوارچێوەی وەزارەتەکانیان.

لەدوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا کە لە 21ی ئەیلولی ساڵی ڕابردوو ئەنجامدرا، گۆڕان 24 کورسی بەدەستهێناو بووە هێزی دووەم لە دوای پارتی و پێش یەکێتی کەوت، بەڵام بەهۆی دروشمە گەورەکانی هەڵبژاردن و هەروەها هێرشەکانی بۆ سەر دەسەڵات لە ماوەی 4 ساڵی کاری ئۆپۆزیسیۆندا، گۆڕان لەنێو حکومەتدا چاوی زۆری لەسەرە.

بەپێی ئەو زانیاریانەی لە سەرچاوەیەکی ئاگاداری نێو بزووتنەوەی گۆڕانەوە دەست (ڕووداو) کەوتوون، لەو وەزارەتانەی وەریانگرتووە "بە بێدەنگی" دەستیان بە چاکسازی کردووە، لەوانەش "کەمکردنەوەی خەرجی و نەهێشتنی مووچەی بندیوار".

دوو وەزارەتی گرنگ و سیادی کە ئەم بزووتنەوەیە پێداگیری لەسەر وەرگرتنیان دەکرد (دارایی و پێشمەرگە) بوون، بەڵام وەک دەگوترێ "لە بەختی گۆڕان" هەر لەگەڵ وەرگرتنیان قەیرانی دارایی و شەڕی پێشمەرگە و داعش دەستیپێکرد.

بەڵام هێشتا گۆڕان بێئومێد نەبوون لەو وەزارەتانە. بەگوتەی ئەو سەرچاوەیەی نێو گۆڕان، ئەو وەزارەتانەی وەریانگرتوون زۆر باشن بۆ ئەنجامدانی چاکسازی "چونکە هەموو کەسێک دەزانێت وەزارەتی دارایی واتە دڵی حکومەت کە وردە وردە سەرقاڵی چاکسازین تێیدا، بەڵام دروستبوونی قەیرانی دارایی دەسەڵاتی ئێمەی تێدا نییە".

بۆ وەزارەتی پێشمەرگەش، ئەو سەرچاوەیە ئاماژەی بەوە دا کە لەلایەن مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە گڵۆپی سەوز بۆ مستەفای سەید قادر وەزیری پێشمەرگە هەڵکراوە بۆ چاکسازی و ئێستا سەرقاڵی یەکخستنەوەی هێزەکانی (70و 80)ن، هەر سەبارەت بەدەسەڵاتەکانی وەزیری پێشمەرگە، سەرچاوەکەی گۆڕان گوتی "ئەو چەکانەی لەم ماوەیەدا بۆ هێزەکانی پێشمەرگە هاتوون دژی داعش، وەزیر ئاگای لێیەتی و ئاگاداری چۆنیەتی دابەشکردنیشیانە".

لەنێو بزووتنەوەی گۆڕاندا جڤاتی نیشتمانی و جڤاتی گشتی بەرزترین دەسەڵاتن بۆ لێپرسینەوە لە نوێنەرەکانیان لەنێو پەرلەمان و حکومەت و تا ئێستا دووجار بۆ ئەو دوو جڤاتە بانگ کراون.

جەبار جەلال، ئەندامی جڤاتی نیشتمانیی گۆڕان بە (ڕووداو)ی ڕایگەیاند کە پەشیمان نین لەو وەزارەتانەی وەریانگرتوون "لە بەرپرسیارێتی ڕاناکەین، وەزارەتی پێشمەرگە کەوتووەتە شەڕێکی چارەنووسسازەوە و بە باشی ئیدارەی دەکات، تەنانەت هاوکێشەی شەڕەکەشی گۆڕیوەو خەریکە بە قازانجی میللەتەکەمان دەشکێتەوە".

ناوبراو ئاماژەی بەوەکرد کە وەزیری داراییش بەپێی پێویستی خەرجی زیادەی کەمکردووەتەوەو خەریکی چاکسازییە لە وەزارەتەکەدا، ئەو گوتی "هەرچەندە لەوانەیە لەم کاتەدا بەهۆی قەیرانی دارایی و شەڕەوە نەتوانرێت چاکسازی زۆر بکرێت، بەڵام بەگشتی ئیشی باشیان کردووە".

سەبارەت بەوەی کە وەزیرەکانیان تا چەندێک ئازادن لە کارکردن، جەبار جەلال ئاماژەی بەوەکرد کە "ڕێگری و کێشە هەیە، بەڵام نیەتی باشیش هەیە بۆ ئەنجامدانی چاکسازی، بەتایبەتیش سەرۆکایەتی حکومەت بەڵێنی داوە بۆ چاکسازی و چاککردنی کەموکوڕییەکان".

سەبارەت بەئەدای کارکردنی وەزیرەکانیان، عەبدولڕەحمان عەلی بڕیاردەری فراکسیۆنی گۆڕان لەپەرلەمانی کوردستان بەهەمانشێوەی ئەندامەکەی جڤات گوتی کە پەشیمان نین لەو وەزارەتانەی وەریانگرتوون، بەڵام ڕەنگە بۆ ئەم بارودۆخە کەمێک ئاڵۆز و قورس بێت و کەسیش نەیدەزانی بارودۆخەکە بەو شێوەیەی لێدێت، ڕوونیشیکردەوە کە وەزیرەکانیان ئیشیان کردووە و ڕەنگە ئەوە لەئاستی داخوازیی خودی گۆڕان و جەماوەریشدا نەبێت، چونکە چاوەڕوانی کاری زۆرتریان لێدەکرێت.

ناوبراو گوتی "نەک هەر لێرە، بەڵکو لەهەموو وڵاتانی دنیاشدا شەش مانگ ماوەیەکی زۆر نییە بۆ هەڵسەنگاندنی لایەنە باش و خراپەکانی حکومەت و وەزارەتەکان، بەتایبەتیش بۆ بارودۆخی کوردستان کە گۆڕان بەشداری لە حکومەتێکدا کردووە سەرتاپای کەموکوڕی و گەندەڵییە".




وەزیری دارایی و ڕێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان
(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)



## زیرەک سرووودێک تۆمار دەکات

**ڕێکەوت سەلام / ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەند ئیحسان زیرەک کۆتایی بە تۆمارکردنی سرووودێک هێناوە و داوا لە هونەرمەندانیش دەکات کار بۆ پێشمەرگە بکەن.
ئیحسان زیرەک کە بە کۆپی حەسەن زیرەک دادەنرێ، بە (ڕووداو)ی گوت "سرووودێکم بۆ پێشمەرگە تۆمار کردووە، یەکەمجاریشە سروود دەڵێم".
ئەو سرووودە لە تێکستی ناسر محەممەدە، حەمید عوسمان ئاوازی بۆ داناوە و کەناڵی گەلی کوردستانیش کاری کلیپی بۆ کردووە.



کەمال محەممەد:

# من هونەرمەند نیم گۆرانیبێژم

**هونەرمەند کەمال محەممەد لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لەگەڵ یەکێک لە باشترین تیپەکانی سلێمانی کە تیپی ئەزمەڕ بوو کاری کرد، لەو هەڤپەیڤینەدا باسی هۆکاری نەمانی ئەو تیپە دەکات. ئێستاش بەرهەمەکانی کەمال لە تۆمارگەکاندا پڕفرۆشترینە، بەڵام ئەو پێیوایە لە ڕووی مەعنەوییەوە زیاتر سوودمەند بووە.**
**هونەرمەند کەمال محەممەد کوڕی سلێمانییە و هەوادارانیشی لەوێ زۆرن، بەڵام خۆی دەڵێت خەڵکی هەولێر زیاتر لە هەموو شارەکانی دیکە دەستخۆشی کارە هونەرییەکانی لێدەکەن. بەڵێنیش دەدات ئەگەر ئەمجارە بگەڕێتەوە کوردستان کۆنسێرتێک لە شاری هەولێر ساز بکات.**

● هونەر هیچ سوودێکی ماددی بۆ من نەبووە

● پێمخۆش نییە گۆرانی بۆ شارێک یان ناوچەیەک بڵێم

**هەڤپەیڤین: ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**

**ڕووداو: بۆچی تیپی میوزیکی ئەزمەڕ نەما کە یەکێک بوو لە باشترین تیپەکانی شاری سلێمانی؟**

**کەمال محەممەد:** ئەو سەردەمە تیپی ئەزمەڕ کاری خۆی کرد و چەند بەرهەمێکی بە پێزی پێشکەشکرد. ئێمە کۆمەڵێک کەس بووین، ئەوکات زۆر بە ئاسانی دەمانتوانی لە دەوری یەکدی کۆببینەوە، بەڵام دواتر هەر یەکێکیان بەلایەکدا ڕۆیشتن، هەندێکیان چوونە دەرەوەی وڵات و هەندێکیشیان هەر لە کوردستان خەریکی کاری خۆیان بوون؟

**ڕووداو: گەنجان زۆر حەز لە گۆرانی یاران دەکەن، ئایا نهێنییەک لە پشت ئەو گۆرانییە هەیە، یان هەر بە ڕێکەوت بوو؟**

**کەمال محەممەد:** ئەم گۆرانییە زیاتر هەست و ئیحساسی عاشقان دەردەخات، لەبەر ئەوە من پێموابوو لەگەڵ بەرهەمەکانی دیکە جیاوازبوو، زۆر زووش چووە دڵی گەنجانەوە. هیچ نهێنییەک لە بەرهەمەکەدا نییە، بەڵام دەکرێ لە لای شاعیرەکەوە نهێنییەک هەبێت.

**ڕووداو: لەگەڵ سالار مەحمود و عەتا ئەحمەد زۆر کاری هاوبەشتان هەیە، چ شتێک بە یەکتانەوە دەبەستێ؟**

**کەمال محەممەد:** بێگومان ئێمە لە سەردەمێک بە یەکەوە کارمان کرد کە بە سەردەمی زێڕینی هونەری گۆرانی کوردی دادەنرێت. من یەک سیفەتم هەیە بۆ برادەرەکانم، هیچ کاتێک حەزم نەکردووە بەس لەگەڵ یەک کەسدا کار بکەم، هەمیشە لەگەڵ زۆربەی برادەران کارم کردووە. من زیاتر کارم لەگەڵ هونەرمەند عەتا ئەحمەد دەکرد. لەگەڵ هونەرمەند سالار مەحمودیش تەنیا چەند بەرهەمێکم پێداوە و یەکێک لەو بەرهەمانەی لە ماوەی ڕابردوو کلیپ کرد. من حەز ناکەم تەنیا خۆم سوودمەند بم لە کاری هونەری، حەز دەکەم ئەوانەی لەچواردەوری منن هەموو سوودمەندبن.

**ڕووداو: لەگەڵ سیاسەتدا چۆنی؟ تا ئێستا گۆرانیت گوتووە لەسەر هیچ سەرکردەیەکی کوردی، یان حیزبێک لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا؟**

**کەمال محەممەد:** بەبڕوای من ئێستا هەموو کوردستان سیاسییە، دەکرێ هەموو کەسێک سیاسی بێت، بەڵام دەبێت سیاسییەکی پاک بیت بەرامبەر نیشتیمانەکەت. هەموو کاتێک ئارەزووم کردووە ئەگەر کەسێک بچەوسێتەوە گۆرانی بۆ بڵێم، بەتایبەتی نیشتیمانێک کە ئەنفال بکرێت.

**ڕووداو: تۆ گۆرانییەکت بڵاوکردەوە بە ناوی شەهید، ئەوکاتە خەڵک پێیانوابوو کەمال محەممەد بووە بە گۆڕان، ئەوە ڕاست بوو؟**

**کەمال محەممەد:** من بە هەموو بیر و هەستێکی خۆمەوە لەگەڵ نیشتیمانێکی جواندام و لەگەڵ خەڵکێکی جواندام کە خزمەتی نیشتیمان بکات. من نە گۆڕانم نە یەکێتی و نە پارتی، بەڵام ڕێزم بۆ هەموو حیزبێک هەیە کە داهێنەرن و خزمەت بە خاک و نیشتیمان دەکەن، بۆیە فەخر بە هەموو حیزبە کوردییەکانەوە دەکەم.

**ڕووداو: ئێوەی هونەرمەند لەو ئاهەنگانەی لایەنێکی سیاسی سازیان دەکات بەشداری دەکەن، بۆ نموونە ئەگەر کۆنسێرتێک بکەیت بۆ حیزبێکی سیاسی چەند سوودمەند دەبیت؟**

**کەمال محەممەد:** من تاوەکو ئێستا هیچ ئاهەنگێکی حیزبیم نەکردووە، بەڵام ئەگەر بەشداریش بکەم بە فەخرەوە دەیکەم و ئەو حیزبە بە حیزبی خۆم دەزانم، چونکە حیزبێکە خزمەت بە گەلەکەم دەکات، بەڵام من تاوەکو ئێستا هیچ ئاهەنگێکی ئاوام نەکردووە و بیریشم لێ نەکردووەتەوە.

**ڕووداو: بەرهەمەکانت لە تۆمارگاکان فرۆشیان زۆرە، هیچ سوودی بۆ تۆ هەبووە؟**

**کەمال محەممەد:** من داهاتی مەعنەویم زۆر زۆرترە لە داهاتی ماددی، چونکە من تەنیا ئەو داهاتە بە داهاتی خۆم دەزانم لەلای خەڵکەوە بێت. تاوەکو ئێستا نەگەیشتوومەتە ئەوەی کە بڵێم من بە هونەر دەژیم. من پێویستم بەوە نییە لە پێناوی پارە خزمەت بە هونەر بکەم، خۆشەویستی کەسانێک و نیشتیمانێک و ئەو کەسی کە دەستخۆشیم لێدەکات، گەورەترین داهاتە بۆ من. بۆیە بە دڵنیاییەوە دەڵێم تاوەکو ئێستا هیچ سوودمەند نەبووم لە هونەر.

● لە هەولێر زیاتر دەستخۆشی لە کارەکانم دەکرێت

**ڕووداو: تۆ زۆر هاوڕێی کاروان عوسمان بووی، دوای نەمانی کاروان ئێوە ناوبانگتان زیاتر بوو، لەبەر ئەوەبوو کە ئەو ستایلەی کاروانتان کردە هەوێنی کاری خۆتان؟**

**کەمال محەممەد:** کاروان عوسمان یەکێکە لەو هونەرمەندە جوانانەی کە تاوەکو ئێستا کارەکانی زیندوون، بەڵام من پێموانییە بە نەمانی کاروان عوسمان سوودمەند بووبین، یان بە مانی جارێکی دیکە ئێمە بەرز ببینەوە، هەموو کەسێک دەتوانێ خۆی خۆی دروست بکات. خەڵک منی دروستکردووە. هونەر بازاڕ نییە تۆ لە خەڵکی دیکەوە فێری ببیت و دەستمایەت هەبێت و پارەی پێ پەیدا بکەیت، هەتا ئێستاش هونەرمەند نیم و تەنیا گۆرانیبێژم. چونکە هونەر دەریایەکی زۆرە گەورەیە و من دڵۆپێکی بچووکیش نیم لەو دەریایە.

**ڕووداو: دوای چوونت بۆ ئەورووپا هیچ کۆنسێرتت لە هەولێر نەکردووە، بۆچی؟**


**کەمال محەممەد:** بەهۆی نەبوونی کاتی گونجاو کۆنسێرتم لە هەولێر نەکردووە، ئەگەرنا پڕ بەدڵ حەز دەکەم. ئەگەر ئەمجارە بگەڕێمەوە پشت بە خوا ئەوەی کە دەمەوێت و پێمە پێشکەشی هەولێریشی دەکەم.

**ڕووداو: تۆ سەردەمانێکی زۆر لە هەولێر بووی و یادگاریت هەیە لەو شارە، چۆنە تاوەکو ئێستا گۆرانییەکت بۆ هەولێر نەگوتووە؟**

**کەمال محەممەد:** من ئەو شتانەم پێخۆش نییە، چونکە جیاوازی ناکەم و هەموو پارچەیەکی ئەم کوردستانە ماڵی منە، کە گۆرانیم گوت بۆ کەرکووک بە ناوی ئەی شارە جوانەکەم کەرکووک، خۆ من لە کەرکووک لەدایک نەبووم، بەڵام گۆرانیم بەسەر جوانی و زامداری ئەم شارەدا گوت، چونکە هەمیشە گوتوومە کەرکووک لانک و دڵی منە، هەولێریش بۆ من وایە. ئەوەندەی خەڵکی هەولێر پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە کارەکانم دەکەن پێموانییە لە شارەکانی دیکە ئەوەندە دەستخۆشیم لێکرابێ.

**ڕووداو: چیت هەیە بۆ ڕووداو؟**

**کەمال محەممەد:** من دەستخۆشی لە هەموو کەناڵێکی ڕاگەیاندن دەکەم کە لە کوردستان کاردەکەن، بەڵام بەڕاستی کارەکانی ڕووداو بۆ من وەسف ناکرێت، بۆیە دەڵێم ڕووداو یەکەمی بێ ڕکابەرە، ڕووداو بووە بەو کەناڵەی کە دەبێ ڕۆژانە سەیری بکەین بۆ ئەوەی ئاگامان لە ڕووداوی تازە بێت.



● ڕووداو بووە بەو کەناڵەی دەبێ ڕۆژانە سەیری بکەین

# ئاهەنگی سەری ساڵ هونەرمەندان دەکات بە دوو بەشەوە

**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**

ئاهەنگی سەری ساڵی نوێ، جیاواز لە ساڵانی ڕابردوو بەڕێوەدەچێت و هەندێک لە هونەرمەندان بڕیاریان داوە بەشداری ئاهەنگەکانی سەری ساڵ نەکەن و هەندێکیشیان دەڵێن بەشداری دەکەن، بەڵام داهاتەکەی دەدەنە ئاوارەکان. دەرهێنەرێکیش گومانی هەیە ئەو داهاتەی بەم ناوە کۆدەکرێتەوە بگاتە دەستی ئاوارە و لێقەوماوان.

بازاڕە گەرمەکەی هونەرمەندان لە بۆنەکاندایە، بە تایبەتی بۆنەی سەری ساڵ، بەڵام پێدەچێت بۆنەی ئەمساڵ ئەو گەرموگوڕییەی جارانی نەبێت، هەندێک لە هونەرمەندان هەر لە ئێستاوە بڕیاریان داوە بەشداری لە کۆنسێرت و ئاهەنگەکانی سەری ساڵدا نەکەن.

### داهات بەسەر ئاوارەکاندا دەبارێت

گۆرانیبێژ دەشتی خالید بۆ شەوی سەری ساڵ بەشداری ئاهەنگێک دەکات لە دەرەوەی وڵات. ئەو دەڵێت سەرەتا دوودڵ بووە لەوەی بەشداری لە یادەکانی سەری ساڵدا بکات، بەڵام دواتر بڕیاری خۆی داوە.

دەشتی دەڵێت "دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر ئینجا بڕیارم دا بۆ سەری ساڵ کۆنسێرت بکەم، بەڵام بڕیارم داوە نیوەی داهاتەکەی پێشکەشی ئاوارەکانی شنگال و کۆبانێ بکەم، چونکە لەو کاتە پێویستە هەموو یەکدەنگ و یەکڕەنگ بین بۆ ئەوەی خزمەتی برا و خوشکەکانمان بکەین".

بەڵام دەرهێنەرێک کە کاری کلیپی بۆ زۆر لە هونەرمەندانی کوردستان کردووە، ئەوە بە "فێڵی هونەرمەندان" ناودەبات و دەڵێت ئەوان دەیانەوێ پارەی زیاتر بە ناوی پێشمەرگە و ئاوارەکانی کۆبانی و شنگالەوە کۆبکەنەوە.

دەرهێنەر هەردی عومەر کە ناوی لەسەر تایتڵی کلیپی گۆرانی زۆر لە هونەرمەندانی کورد دەبینرێت، بە (ڕووداو)ی گوت "هەندێک لە هونەرمەندان فێری جۆرە فێڵێک بوون و بەبۆنەی سەری ساڵی تازەوە ڕێکلام دەکەن، گوایە ئاهەنگ ساز دەکەن و داهاتەکەی بۆ ئاوارەکانی شنگال و کۆبانی تەرخان دەکەن، بەڵام من ئاگادارم کە لەم ڕێگایەوە دەیانەوێت داهاتی زیاتر بۆ خۆیان کۆبکەنەوە". گوتیشی "نابێت چیدی موزایەدە بە ناوی پێشمەرگە و ئاوارەکانی شنگال و کۆبانێوە بکرێت".



یەکێک لە ئاهەنگەکانی سەری ساڵی ڕابردوو
(فۆتۆ: سێڤان محەممەد سەلیم)

### ئەمساڵ عادل هەورامی سەرچۆپی ناگرێت

عادل هەورامی کە یەکێکە لەو هونەرمەندانەی هەموو سەری ساڵێکی نوێ چەندین بۆنە و ئاهەنگ ساز دەکات لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان، دەڵێ بەبۆنەی سەری ساڵی نوێ لە چەندین شوێنەوە بانگێشتی ئاهەنگی سەری ساڵ کراوە، بەڵام ئەو ڕەتیکردووەتەوە.

هەورامی بە (ڕووداو)ی گوت "لە ناوخۆ و دەرەوە داوەتنامەم بۆ هاتووە بۆ بەشداریکردن لە چەند کۆنسێرتێک بەبۆنەی سەری ساڵی نوێ، بەڵام من بڕیارم داوە کە ئەمساڵ بەشداری هیچ بۆنە و ئاهەنگێک نەکەم و سەرچۆپی نەگرم، چونکە لە هەر کوچە و کۆڵانێکی ئەم وڵاتە پرسەی شەهیدێک هەیە، لەبری سازکردنی ئاهەنگ، سەردانی ئەو ماڵە شەهیدانە دەکەم".

ئەو گلەییشی لەو هونەرمەندانە کرد کە بڕیاریانداوە بەشداری لە بۆنەی سەری ساڵدا بکەن و گوتی "لە هەموو ماڵێکی ئەم وڵاتە ماتەم هەیە، ئاخر چۆن دەبێ بچم خەڵک هەڵپەڕێنم".

### حەمیدیش بەشێکی دەبەخشێ

حەمید عوسمان، تەمەنی لەبواری کاری هونەریدا زۆر نییە، بەڵام هەر زوو شوێنی خۆی لە نێو دڵی هەوادارانی کردووە، بە تایبەتی دوای ئەوەی چەند گۆرانییەکی هونەرمەندی کۆچکردوو محەممەد جەزای دووبارە کردەوە، لەوانەش گۆرانی هۆ کاکی پێشمەرگە.

حەمید بۆ سەری ساڵی نوێ بەشداری ئاهەنگێک دەکات لە هوتێلێکی شاری سلێمانی. ئەو پێیوایە هونەرمەند ئازادە بەشداری ئەو بۆنانە دەکات یان نا. گوتیشی "من پێموایە هەموو هونەرمەندێک ئازادە لەوەی چۆن بیر دەکاتەوە، من ڕاستە بۆ سەری ساڵ ئاهەنگ دەکەم لە شاری سلێمانی، بەڵام ئەو داهاتەی وەریدەگرم هەمووی بۆ گیرفانی خۆم نییە، دەمەوێت لەو ڕێگایەوە بەشێک لەو داهاتە ببەخشم بەم ئاوارانەی کە لە نێو کەمپەکانی شاری سلێمانین".

گوتیشی "من ڕێکلام بۆ خۆم ناکەم، بەڵام ئامادەم چەندین کۆنسێرت بەخۆڕایی بکەم، بەڵام بەو مەرجەی داهاتەکەی بۆ کەسوکاری شەهیدان و ئاوارەکان و پێشمەرگە بێت".

هونەرمەند کەمال محەممەد کە لە دەرەوەی وڵات دەژی، بڕیاری داوە بەشداری ئاهەنگی سەری ساڵ بکات، ئەویش ئەو کاتە ڕازی بوو کە زانی داهاتی کۆنسێرتەکە بۆ ئاوارەکانە.

### کەمال محەممەد شین ناگێڕێت

کەمال محەممەد گوتی "من ئەمساڵ بەشداری ئاهەنگێک دەکەم، بەڵام داهاتەکەی بۆ ئێمە نییە و بۆ خەڵکی لێقەوماوە و بۆ کەسانێکە کە ئەمڕۆ ڕوویان لە کوردستانی خۆیان کردووە، بۆیە بڕیاردراوە ئەمساڵ کە خێمەیەک دروست بکرێت و داهاتەکە لەوێ کۆبکرێتەوە و بە خۆشحاڵییەوە بگاتە دەستی ئاوارەکان".

کەمال محەممەد دەڵێت، داهاتی ئەو کۆنسێرتانەی لە بۆنەکاندا سازدەکرێن ئەوەندە زۆر نییە کە هونەرمەند چاوی لەسەری بێت و دەڵێت "ئێمە بە داهاتی کۆنسێرتەکان نابینە ملیۆنێر، چونکە نرخی بلیتی ئەو کۆنسێرتانە بە تایبەت لە کوردستان زۆر کەمە و لە 10 هەزار دینار تێناپەڕێت".

کەمال محەممەد لەگەڵ بۆچوونەکەی عادل هەورامی نییە کە خۆشییەکان بکەن بە شین و ماتەم. ئەو دەڵێت "دەبێت لە سەری ساڵ و بۆنەکانی دیکەی وەکو نەورۆز ئاهەنگی گەورە ساز بکرێن، بۆ دژایەتی دوژمن و ئەوانەی چاویان بە گۆرانی و خۆشی هەڵنایەت".

گوتیشی "من ڕێزم بۆ هەموو پێشمەرگەیەکی کوردستان هەیە و دەستیان ماچ دەکەم، بەڵام حەز ناکەم خەڵک هەر دابنیشێت و تەنیا بگری".

رووداو
تاراوگە
ژمارە (339) دووشەممە 2014/12/22



## مەسیحییەکانی سوێد داوای کەمکردنەوەی خەرجی پەنابەران دەکەن

**رووداو- سوێد**

یۆران هێگلووند، سەرۆکی پارتی دیموکراتەکانی مەسیح لە سوێد پێشنیاز دەکات کۆمەکی ئابووری بۆ پەنابەران کەم بکرێتەوە و مۆڵەتی مانەوەی کاتیی لەجیاتی مۆڵەتی مانەوەی هەتایی بدرێتە پەنابەران. ناوبراو ئەم پێشنیازانەی لە وتارێکدا لە رۆژنامەی "داگێنس نیهێتەر" باسکردووە، ئەمەش مەبەستی کەمکردنەوەی خەرجی سوید لە بواری وەرگرتنی پەنابەران. بە بڕوای ناوبراو ئەم پێشنیازانە بەتایبەتی کەمکردنەوەی کۆمەک بۆ پەناران، وا دەکات پەنابەران هانبدات تا خۆیان لەبازاڕی کاردا دابمەزرێنن.

### بیۆرن سوێدەر ،جێگری سەرۆکی پەرلەمانی سوید:

# ناکرێت لەیەک کاتدا کورد و سوێدی بیت

**شاد محەممەد**
**رووداو- ستۆکهۆڵم**

بەپێی لێدوانی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی سوید، دەبێت کوردی ئەو وڵاتە و بیانییەکانی دیکەی سوید، واز لە نەتەوەی خۆیان بهێنن و لەنێو کۆمەڵگەی سوێدیدا بتوێنەوە. چونکە سوێد بۆ سوێدییەکانە و دەڵێت "نابێت هەم کورد و هەم سوێدی بیت".

رەنگدانەوەی سیاسەتی رەگەزپەرستەکان لەسەر رێسا و نەریتی سوێدییەکان بەرەو پراکتیک دەڕوات و لە دوایین پەرەسەندنیشدا بە ئاشکرا جێگری سەرۆکی پەرلەمانی سوێد کە لە پارتی سوێدییە دیموکراتەکانە، دەڵێت نابێ لە یەککاتدا کورد و سوێدی بیت.

رۆژنامەی داگنس نیهێتەر لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ بیۆرن سوێدەر، جێگری دووەمی سەرۆک وەزیرانی سوێد قسەیەکی کۆمیدیکاری کورد سۆران ئیسماعیلی بە نموونە هێنایەوە کە گوتبووی "من سەد لەسەد کوردم و سەد لەسەدیش سوێدیم". بەڵام سوێدەر کە هاوکات سەرۆکی پارتی سوێدییە دیموکراتەکانە، بە تەنزەوە وەڵامی دایەوە و گوتی "ناکرێت سەد لە سەد کورد بیت و سەد لە سەد سوێدیش بیت، چونکە ئەمە دەکاتە 200، شتی وا نابێت".

هەروەها گوتی "ئەم نەتەوانە ئەگەر نەتوێنەوە، ناکرێت بە سوێدی بزانرێن".

ریکاد یۆمشۆف، گوتەبێژی پارتەکەی سوێدەر بۆ کاروباری یاسایی، قسەکانی سوێدەری بە ناڕوون وەسفکرد و گوتی "هەموو کەس مافی پاراستنی نەتەوەی خۆی هەیە". ریکاد یۆمشۆف هەمان قسەی سەرۆکی پارتەکەی دووبارە کردەوە کە پێشتر لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا گوتبووی "هەر حکومەتێک رەنگدانەوەی سیاسەتی بیانییەکانی بەسەرەوە بێت، دەڕوخێنن".

ناوهێنانی کورد وەک نموونەیەک بۆ بیانییەکان لەلایەن ئەو ئەندامەی پارتی سوێدییە دیموکراتەکان کە پاشخانێکی نازیستیی هەیە، بۆچوونی جیاوازی هێناوەتە ئاراوە و نووسەرێکی کورد گلەیی لە کوردی سوید دەکات کە هەڵوێستیان لەسەر ئەم لێدوانە نەبووە. گۆران مەریوانی، ناڕەزایی خۆی بەرامبەر سوێدەر و کوردیش دەردەبڕێ و دەڵێت "دەست لە کوردبوونی خۆم بەرنادەم".



### فەوزایەک لە پەرلەمان

دوای ئەم لێدوانەی سەرۆکی پارتی سوێدییە دیموکراتەکان، کاردانەوەکان تەنیا مێدیایی نەبوون و پەرلەمانیشی گرتەوە. لە نەریتی قسەکردنی پارلەمانتارانی ئەو وڵاتەدا سەرەتا ناوی سەرۆکی دانیشتنەکە دەهێنرێت کە سەرۆکی پەرلەمان، یان جێگرەکانیەتی. لە دانیشتنی دووشەممەی رابردوودا کە لەو کاتەدا سوێدەر وەک جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان سەرۆکایەتی دانیشتنەکەی دەکرد، ئەندامێکی پەرلەمان کە بەرەچەڵەک چیللییە، سڵاوی تەنیا بۆ هەمووان نارد و گوتی "بەڕێزان". لەو کاتەدا سەرۆکی دانیشتنەکە قسەکەی بڕی و گوتی "بڵێ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان"، ئەویش رووی تێکرد و گوتی "تۆ سەرۆکی من نیت".

بەدوای ئەودا یەکێک لە ئەندامەکانی دیکە کە بەرەچەڵەک جوولەکەیە، بە زمانی عیبری گوتی "شالۆم" و ناوی ئەوی نەهێنا، پاشان ئەندامێکی دیکە کە بەرەچەڵەک سامییە، بە زمانی خۆی سڵاوی نارد و هەمان نەریتی دووبارە کردەوە. بۆ هەریەکێک لەمانە سەرۆکی دانیشتنەکە گوتی "بڵێن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان". بەڵام ئەوان رەتیانکردەوە. ئەمانە بوونە هەڵوێستێک دژی ئەو لێدوانەی کە ئەو دابووی.

جەبار ئەمین پەرلەمانتاری کورد لە پەرلەمانی سوێد بە (رووداو)ی گوت "رۆژی هەینی رابردوو کاتێک نۆرەی لێدوانی من بوو، خۆم بۆ هەمان هەڵوێست ئامادە کرد، بەڵام بەداخەوە ئەو سەرۆکایەتی دانیشتنەکەی نەکرد". گوتیشی "ئەمە کاردانەوەیەکی باش بوو کە ئەندامانی پارتە جیاوازەکان هەریەکەیان بە شێوەیەک پرۆتستۆیان کرد".

### کورد قسەی خۆیان هەیە

سەفین عەلی، دانیشتووی شاری ستۆکهۆڵم گوتی "دەبێ هەڵوێستمان هەبێت و ئەمە سەرەتایەکی خراپە". لە درێژەی قسەکانیدا بۆ (رووداو) سەفین گوتی "لەبەرنامەماندا هەیە خۆپیشاندان بکەین".

پارتەکانی کوردستان کە زۆربەیان نوێنەرایەتی و ئۆفیسیان لە سوێد هەیە، لەم رووەوە بە کەمتەرخەم دەزانرێن. کادرێکی پارتی دەڵێت: "پارتە کوردییەکان کەمتر بایەخیان بە بەشداریی کورد لە پرۆسەی سیاسیی ئەم وڵاتە داوە". ئارام عەلی کە لە رێکخستنەکانی پارتی لە سوید کار دەکات، گوتیشی "زۆر گرنگە پارتەکان لەم بارەیەوە رۆڵیان هەبێت، چونکە ژمارەیەکی زۆری کورد لە سوێد هەن و پێویستیان بە هۆشیاری سیاسی هەیە و پارتە کوردییەکان کەمتەرخەمن لەم رووەوە".

نەجیبە مەحموود، رۆژنامەڤان و چالاکڤانی مافی مرۆڤ دەڵێت "سەرقاڵبوونی کوردی سوید بە کارکردن لەلایەک و بە ژیانی سیاسی و رووداوەکانی باشوور و رۆژئاوا لەم بابەتانەی دوورخستوونەتەوە". ئەویش بەهەمان شێوە پارتەکانی بە کەمتەرخەم زانی و گوتی "رۆڵیان لەم بارەیەوە نییە".

پارتە کوردییەکان یەک هەڵوێست نین لەبەرامبەر شتی لەم شێوەیە. ئارام محەممەد وێڕای جەختکردنەوەی لەسەر ئەو راستییە، گوتی "یەکبوونی پارتە کوردییەکان و پرۆتستۆکردنی گشتی کاریگەری لەسەر شەقامی سوێد دەبێت".

گوتیشی "PKK لەلایەک و پارتی و یەکێتی لەلایەکی دیکە و گۆڕانیش لەلایەکی دیکە دەنگی کوردی ئەم وڵاتەیان پەرتکردووە و هەرگیز نابنە فشار لەسەر سیاسەتی سوێد".

بەبڕوای چاودێرانی سیاسی، ئەم هەڵوێستەی جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان کە خۆی و پارتەکەی پاشخانێکی رەگەزپەرستییان هەیە، راستیی سیاسەتی نازیانەی ئەوانی نیشان دا و کاریگەری لەسەر پرسەکانی داهاتوو هەیە.

هەفتەی رابردوو سەرۆکی پارتی دیموکراتی مەسیحی پرۆژەیەکی پێشکەش کرد لەبارەی پەنابەران کە لە دیارترین خاڵیدا هاتووە: "مافی مانەوەی هەمیشەیی نەمێنێ و بکرێتە کاتی" هەروەها داوادەکات "مووچەی پەنابەر کەمبکرێتەوە".

جەبار ئەمین، لە وتارێکدا کە لە رۆژنامەی داگنس نیهێتەر بڵاوکراوەتەوە، هێرشی توند دەکاتە سەر پارتی دیموکراتی مەسیحی و دەڵێت "خۆتان لەگەڵ دروشمی راسیستەکان مەگونجێنن".

بەپێی یاسای پەرلەمانی سوێد، ئەو پارتانەی دەنگەکانیان کەمتر بێت لە 4%، مافی ئەوەیان نابێت بچنە پەرلەمان. دیموکراتی مەسیحیش یەکێکە لەو پارتانەی هەڕەشەی کەمبوونەوەی دەنگەکانی لەسەرە، بۆیە دەیەوێت سوود لە دەنگی راسیستەکان وەربگرێت.

ئارام عەلی کە هاوکات توێژەری سیاسییە، دەڵێ "بەرزکردنەوەی دروشمی راسیستی لای پارتێکی وەک دیموکراتی مەسیحی شتێکی چاوەڕوانکراو نەبوو، بەڵام کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی دەنگی راسیستەکان هەیە".

گوتیشی "لە هەڵبژاردنی داهاتوودا، کورد بەشدارییەکی کارای دەبێت و کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی کورسی راسیستەکان دەبێت".




# ئەڵمانیا.. بزووتنەوەیەکی رەگەزپەرستی دژی پەنابەران سەرهەڵدەدات

**ئاڵا شاڵی**
**رووداو- ئەڵمانیا**

ماوەی چەند هەفتەیەکە، هەموو رۆژانی دووشەممە بە هەزاران کەس دەڕژێنە سەر شەقامەکان و دروشم دژی پەنابەرانی نیشتەجێی ئەو وڵاتە دەڵێنەوە. بەرپرسانی ئەڵمانیاش هۆشداری دەدەنە رێبەرانی ئەو بزووتنەوە رەگەزپەرستە کە کۆتایی بەخۆپیشاندانەکان بهێنن.

تا دێت شەپۆلی ناڕەزایی راسیستەکانی ئەوروپا دژی پەنابەران زیاتر دەبێت. نوێترین کاردانەوەی راسیستەکانیش لە ئەڵمانیاوە سەرچاوەی گرت کە ئێستا بزووتنەوەیەکیان پێکهێناوە بەناوی پێگیدا، واتە (هاوپەیمانیی نیشتمانی دژ بە ئیسلامیکردنی ئەوروپا).

ئەم بزووتنەوەیە بووەتە هەڕەشە بۆ سەر یەک ملیۆن کوردی پەنابەری ئەم وڵاتە کە زۆربەیان موسڵمانن. ئەوان پێیانوایە پەنابەرە موسڵمانەکان خێر و بێری ئەو وڵاتەیان بۆ خۆیان بردووە و هەڕەشەش لە ئایندەی وڵاتەکەیان دەکەن.

ئەو بزووتنەوەیە چالاکییەکانی زۆرتر لە هەرێمی ساکسنە، بەتایبەتی لە شاری دریسن، هەفتە لە دوای هەفتەش ژمارەیان زۆرتر دەبێت. لە دروشمەکانیشیان نووسراوە کە بە ئیسلامیکردن رابگیرێت، هەروەها دژی سیاسەتی تایبەت بە پەنابەری لە ئەڵمانیا خۆپیشاندان دەکەن.

تاوەکو دوو هەفتە لەمەوبەر، ئەم بزووتنەوەیە تەنیا لە شاری درێسدن چالاک بوو، بەڵام ئێستا خۆپێشاندانەکانیان فراوان کردووە و چەندین شاری ئەڵمانیای گرتووەتەوە. ئەمەش نیگەرانی لای بەرپرسانی ئەڵمانیا دروستکردووە، زۆربەی پارتەکان و بەرپرسانی ئەڵمانیا هاتوونەتە قسە لەدژی گرووپەکە.

ئەنگێلا مێرکڵ، راوێژکاری ئەڵمانیا هۆشداری دایە بەشداربووان کە نەکەونە داوی راستڕەوە توندڕەوەکانەوە و وریابن لەوەی بەکاریان بهێنن بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان. وەزیری ناوخۆی هەرێمی نۆردراین فێستڤاڵنیش ئەم گرووپە بە "مەترسیدار" دەزانێت و هاووڵاتیان لە مەبەست و نیەتی ئەم بزووتنەوەیە ئاگادار دەکاتەوە.

رالف جاگەر، وەزیری ناوخۆی هەرێمی نۆردراین فێستڤاڵن گوتی "ئەمانە بوونەتە مایەی نیگەرانیی ئێمە، بەترسەوە تەماشایان دەکەین، چونکە نازییە رەگەزپەرستەکان بە جلی مەدەنییەوە چوونەتە نێو خۆپێشاندەران، ترس و دڵەڕاوکێیان خستووەتە دڵی هەمووان".

ناوبراو گوتیشی "مەترسی ئەو بزووتنەوەیە لەوەدایە کە چینی ناوەندی کۆمەڵگەی ئەڵمانی پشتگیری لێدەکەن، ئەمەش وادەکات تەنیا وەکو بزووتنەوەیەکی بچووک نەمێنێتەوە، بەڵکو سەربکێشێت بۆ تەواوی ئەڵمانیا. بۆیە زۆر گرنگە خەڵک لە مەترسی ئەو گرووپە ئاگادار بکەینەوە و نەهێڵین نازییەکان هەیمەنەیان زۆرتر بێت".

پێگیدا لە شاری درێسن 15 هەزار کەسی هێنایە سەر شەقام، هەروەها لە شاری بۆن نزیکەی 200 کەس هاتنە سەرشەقام. لە نێو خۆپێشاندەراندا گەنج و پیر و کەسی ئاسایی هەن، لە دروشمەکانیاندا دەڵێن "لە هەر کوێیەک ئیسلام هەبێت، لەو شوێنە دیموکراسی نییە". هەروەها دەڵێن "لە ئەڵمانیا شوێن بۆ ئەڵمانی نەژادەکان نەماوە".

کچێکی تەمەن 22 ساڵ کە لەنێو خۆپێشاندەرانی بزووتنەوەی پێگیدا دروشمی دەگوتەوە بە (رووداو)ی گوت "من دەترسم ئەڵمانی نەژادەکان لێرە نەمێنن، ئەو پەنابەرانەی دێن هەموویان تیرۆریستن، کار وا بڕوات نەژادی ئەڵمانەکان لێرە نامێنێ".

ئەو کچە گوتی کە بە پلەی یەکەم دژی هاتنی ئەفریقییەکانە بۆ وڵاتەکەی "ئەوان دەیانەوێت چێژ لەو ژیانە خۆشەی ئێمە وەربگرن، داوای مافی خۆیان دەکەن. ئێمە ئەم ژیانەمان زۆر بە زەحمەتی بەدەستهێناوە". گوتیشی "بەڵێ من نازیم، دەمەوێت منداڵەکانمان لەو کەسانە بپارێزین کە هەر رۆژێک شوێنێک دەتەقێننەوە".

کار و کردەوەی هەندێک لە پەنابەران لە وڵاتانی ئەوروپا، دەنگی ناڕەزایی راسیستەکانی ئەوروپای دلێرتر کردووە، ئەمەش وایکرد لە دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەوروپادا ژمارەی کورسییەکانیان زیاد بێت، تەنانەت لەسەر ئاستی ناوخۆی وڵاتانی ئەوروپاش ژمارەیان لەزیادبوونە، بۆ نموونە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەوروپا دەنگی پارتی سوێدییە دیموکراتەکان کە پارتێکی راسیستە بە رێژەیەکی بەرچاو زیادی کرد.

پیاوێکی قژزەردی چاوشینی ئەڵمانی کە بەشداری خۆپیشاندانی بزووتنەوەی پێگیدای کردبوو، گوتی "من ئەمڕۆ هاتووم بۆ ئێرە لەبەر ئەوەی ئیسلام لێرە زەرەمان لێدەدات، ئەم سەرپۆش بەسەرانە کێشەن بۆ ئێمە. من دژی سیاسەتی پەنابەرانم، دژی هاتنی ئاوارە موسڵمانەکانم، بەڵام هەر مەسیحییەک یاخود ئێزیدییەک لە سووریا یان لە کوردستان ژیانیان لەبەر داعش لە مەترسیدا بێت، با بێن بۆ ئێرە و بەخێر بێن سەرچاو".

لە ئەڵمانیا نزیکەی 4.5 ملیۆن موسڵمان دەژین، بەڵام زۆربەیان پابەند نین بە یاسا و رێساکانی ئاینی ئیسلام. بۆیە بەرپرسانی ئەڵمانیا دەڵێن پێگیدا مایەی شەرمەزارییە بۆ ئەڵمانیا و نابێت رێگە بدرێت بە نازییە رەگەزپەرستەکان ئەم مەسەلەیە بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاربێنن.

زۆربەی ئەڵمانەکان دژی ئەم بزووتنەوەیەن و پێیانوایە زیان بە پێکەوەژیانی گەلان لە ئەڵمانیا دەگەیەنێت. لە شاری بۆن بەهەزاران خەڵک دژی پێگیدا خۆپێشاندانیان کرد و رێگەیان لێگرتن بچنە ناو شار. لەسەر سلۆگۆنەکانی خۆپێشاندەرانی دژ بە پێگیدا نووسرابوو بەڵێ بۆ هەمەڕەنگی و نا بۆ نازیزم.

کوردێک کە بەشداری لە خۆپێشاندانی دژ بە پێگیدا کردبوو بە (رووداو)ی گوت "ئەمانە نایانەوێت کەس لەو وڵاتەدا بژیت".

ئێستا پێگیدا بەرپرسانی ئەڵمانیای بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، ژمارەیان رۆژ بە رۆژ زیاد دەکات، پسپۆڕان دەڵێن هەموو بەشداربووان راستڕەوە توندڕەوەکان نین، داوا دەکرێت پارتی دەسەڵاتدار چاو لە جموجوڵی پێگیدا نەپۆشێت. بەڵام پێگیدا بۆ ئەم دووشەممەیەش ناوی خۆی تۆمارکردووە بۆ خۆپێشاندان.








# ERBIL INTERNATIONAL FAIR

TEN YEARS ANNIVERSARY 10

The 10th International Multi Sector Trade Fair

## 10 YEARS OF BOOSTING TRADE IN A BOOMING MARKET

ifp

Erbil International Fair 2014, the 10th International Multi-sector Trade Fair was officially inaugurated at Erbil International Fair Ground on Tuesday, the 9th of December, under the auspices of Iraq's Kurdistan Regional Government.

Organized by IFP Iraq, this year, Erbil International Fair 2014 was held concurrently with the 7th edition Project Iraq - Erbil, the 4th edition Energy Iraq - Erbil and the 7th edition of Iraq Agro Food.

The event begun with its customary ribbon cutting ceremony attended by high ranking officials and dignitaries headed by the KRG Minister of Trade and Industry, Mr.Samal Sardar, the Minister of Construction and Housing, Mr.Darbaz Kosrat Rasul, the Minister of Electricity Mr.Salahaddin Babakir, and the Minister of Agriculture and Water Resources, Mr.Abdul Majid Satar, Minister of Municipalities and Tourism Ms.Newroz Mawlood Amin, and the Governor of Erbil Mr.Nawzad Hadi, General Supervisor of Erbil International Fair, Mr. Abdallah Abdul Rahim, in addition to many ambassadors, diplomats and international business delegations from Germany, Italy, Iran, Turkey, Egypt, and the United States, Greece, and others.

This year, the Fair has attracted more than 250 local, regional, and international companies, representing 16 countries. The Erbil International Fair, which has been held yearly for the past 10 years, is considered one of the most prominent specialized business events that take place annually in the region in order to stimulate and develop trade between Kurdistan and the rest of Iraq on one hand, and among neighboring states and the Asian, European, and American countries on the other.


NEW ESKAN
پرۆژەی
ئیسکانی نوێ
$1500
بەبۆنەی سەری ساڵی تازە، پرۆژەی ئیسکانی نوێ ئۆفەرێکی نوێ پێشکەش دەکات بە قیستی مانگانەی 1500دۆلاری ئەمریکی پەلە بکەن بۆ کڕینی شوقەکان
بۆ پەیوەندی و وەرگرتنی زانیاری:
07501429999
07501439999

## دایکی سێ منداڵ خۆی دەسووتێنێت



**ڕووداو- شێخان**

ڕۆژی 2014/12/16 لە ناحیەی قەسرۆکی سەر بە شارۆچکەی شێخان ژنێک بەهۆی سووتانەوە گیانی لە دەستدا، ئەو ژنە تەمەنی 23 ساڵ بوو، دایکی سێ منداڵ بوو، بەپێی زانیارییەکانی پۆلیسی ناوچەکە، ئەو ژنە لە کاژێر 2 شەو ڕەوانەی نەخۆشخانەی شێخان کراوە، بەر لەوەی بگاتە نەخۆشخانە گیانی لەدەستداوە "لەو کاتەی ئەو ژنە خۆی سووتاندووە، هاوسەرەکەی لە ماڵ نەبووە، هۆکاری خۆسووتاندنەکەی دیار نییە، بەڵام دادوەر بە بڕیاری داوە لێکۆڵینەوە لەو دۆسیەیە بکرێت".

# تەلەفۆنێک بکوژەکەی کوێستانی ئاشکرا کرد

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- قەڵادزێ**

ئەو کچەی لە قەڵادزێ سەری لە جەستەی جیاکرایەوە بکوژەکەی ئاشکرا بوو. دەرکەوت پێشتر چووەتە خوازبێنی ئەو کچە، بەڵام کچەکە ڕازی نەبووە شووی بکات، تۆمەتبارەکەش دوای ڕفاندنی، لە بەنزینخانەیەکدا کە شوێنی کارکردنی خۆی بووە، بە شێوەیەکی دڕندانە کچەکەی کوشتووە و سەری لە جەستەی جیاکردووەتەوە.

ڕۆژی 2014/12/10 کچە قوتابییەکی پۆلی 12ی ئامادەیی بەناوی کوێستان مەحموود عەبدوڵڵا، دانیشتووی گەڕەکی قەڵات لە شارۆچکەی قەڵادزێ، لەکاتی چوونی بۆ قوتابخانە ڕفێنرا و دواتر تەرمەکەی لە دەرەوەی قەڵادزێ بەسەربڕاوی دۆزرایەوە. ئەو کچە پێشتر بە هاوڕێکانی خۆی گوتبوو کە مەترسی لەسەر ژیانی هەیە و هەڕەشەی لێکراوە، بەڵام ئاشکرای نەکردبوو ئەوەی هەڕەشەی لێکردووە کێیە.

لەپاش کوژرانی، هەفتەیەکی نەخایاند هێزە ئەمنییەکانی ناوچەکە کەسێکیان بە تۆمەتی کوشتنی کوێستان دەستگیرکرد. ڕۆژی 2014/12/15 تۆمەتبار (ئە.ع) دانی بە کوشتنی کوێستاندا نا و شێوازی کوشتنەکەشی گێڕایەوە و گوتی تاوانەکەی لەنێو بەنزینخانەیەکدا کردووە کە خۆی کرێکار بووە لەوێ.

شۆڕش مەحمود عەبدوڵڵا، برای کوێستان، پێشتر بە (ڕووداو)ی گوتبوو کە بە تەلەفۆن لە ڕفاندنی خوشکەکەی ئاگادارکراوەتەوە، تاوەکو ئێوارە چاوەڕێی گەڕانەوەی خوشکەکەی بووە، بەڵام نەگەڕاوەتەوە، بۆیە دواتر پەنای بۆ هێزە ئەمنییەکان بردووە.

شۆڕش کە لەگەڵ ئامۆزایەکی تەرمی خوشکەکەی دۆزیبووەوە، گوتی "سەریان لە جەستەی جیاکردبووەوە، جەستەکەیان خستبووە نێو گونیەیەک و کەللەسەرەکەشیان لە نێو نایلۆنێک دانابوو".

دوای دۆزینەوە و دەستگیرکردنی بکوژی کوێستان، شۆڕش زانیاری لەبارەی چۆنیەتی دۆزینەوەی بکوژەکە بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "لەڕێگەی تەلەفۆنەکەی زانرا کە کوێستان بەدەستی ئەم بێویژدانە کوژراوە".

گوتیشی "جارێک لە ڕێگەی کەسێکی خۆمان بە دایکمی گوتبوو کە دەیەوێت هاوسەرگیری لەگەڵ کوێستان بکات، بەڵام دایکم هەر ئەو کاتە وەڵامی دابووە و گوتبووی کچەکەم ئێستا دەخوێنێت و بیر لە شووکردن ناکاتەوە".

وەک شۆڕش باسیکرد، ئەو کوڕە چەند جارێک سەرەڕێی بە خوشکەکەی گرتووە و ویستوویەتی بە هەر نرخێک بێت ڕازی بکات شووی پێبکات، بەڵام هەموو جارێک کوێستان بە "نا" وەڵامی داوەتەوە "هەر بۆیەش کوشتی".

شۆڕش دەڵێت بۆیان دەرکەوتووە ئەو کوڕە چەند جارێک هەڕەشەی لە کوێستان کردووە، بەڵام ئەو لە ماڵەوە باسی نەکردووە. شۆڕش گوتی "خوشکەکەم کەمتەرخەم بوو، هەر ئەوەش بەرەو مەرگی برد".

سەبارەت بە داواکاری بنەماڵەی کوێستان، شۆڕشی برای گوتی "ئێمە داوا دەکەین بکوژی خوشکەکەم بدرێتە دەستی خۆمان، یان بە زووترین کات بکوژرێ، بۆ ئەوەی کێشەکە لە نێوان دوو بنەماڵەدا گەورە نەبێت، چونکە ئێمە زەمانەتی گەنجەکانمان ناکەین، یان زەمانەتی ئەوە ناکەین کەسێک ئێمەی خۆشناوێت ئەم دەرفەتە بقۆزێتەوە".

بەڵام ئەوە داواکارییەکی نایاساییە و ئەستەمە جێبەجێ بکرێت.

بکوژی کوێستان بەپێی مادەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی دەستگیرکراوە. ئەو ماددەیە تایبەتە بە کوشتن، سزاکەشی تاوەکو لە سێدارەدانی تێدایە.



## برای کوێستان:
## دەبێ بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر دادگایی بکرێ

بەڵام شۆڕش ناڕازییە لەوەی بکوژی خوشکەکەی بەپێی ئەو ماددەیە دەستگیرکراوە و داوای کرد کە بکوژ بەپێی یاسای ژمارە 4ی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر دادگایی بکرێت، چونکە پێیوایە ئەوەی بەرامبەر خوشکەکەی کراوە "تیرۆرە" و دەڵێت "خوشکەکەم بێهۆش کراوە، ئینجا کوژراوە، پاشانیش سەری لە جەستەی جیاکراوەتەوە".

شۆڕش هەر لە ئێستاوە هۆشداری دەداتە حکومەت و دەڵێت بەهیچ شێوەیەک ڕازی نابن لە داهاتوودا بکوژ بەر لێبووردنی گشتی بکەوێت، یان لە زینداندا بهێڵرێتەوە، ئەگەرنا هەڵوێستیان دەبێت.

ئەگەر سزای لە سێدارەدانیش بۆ بکوژی کوێستان دەربچێت، حکومەت ناچار دەبێت لە زینداندا بیهێڵێتەوە، چونکە لە ساڵی 2008ەوە جێبەجێکردنی سزای لە سێدارەدان کە پێویستی بە واژۆی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، ڕاگیراوە، چونکە سەرۆکی هەرێمی کوردستان واژۆ لەسەر بڕیاری جێبەجێکردنی سزای لە سێدارەدان ناکات.

کەسوکاری بکوژیش هەمان داواکاری کەسوکاری کوێستانیان هەیە، ئەوانیش داوا دەکەن بکوژ تەسلیمی خۆیان یان کەسوکاری کوێستان بکرێت بۆئەوەی بە سزای خۆی بگەیەنرێت، یان بە زووترین کات دادگایی بکرێت و سزا بدرێت.

هەمزە محەممەد عەبدوڵڵا، مامی بکوژی کوێستان بە (ڕووداو)ی گوت "کوڕەکەمان تاوانبارە بە سەربڕینی ئەو کچە، بۆیە داوا دەکەم حکومەت و یاسا بیداتەوە دەست خۆمان یان بیداتە دەست بنەماڵەی تاوانلێکراو بۆ ئەوەی بە سزای خۆی بگەیەنن و کۆتایی بە کێشەکان بێت". گوتیشی "ئەم کوڕە تاوانێکی ئەوەندە گەورەی کردووە کە شیاوی بەزەیی پێداهاتنەوە نییە".

مامی (ئا) دەڵێت ئەوان پێشتر زانیویانە کە کچێکی خۆشدەوێت، بەڵام لەلای ئەوان باسی نەکردووە کێیە و داواشی نەکردووە خوازبێنی کچەکەی بۆ بکەن.

### دۆسیەیەکی دیکە بۆ بکوژ دەکرێتەوە

(ئا) پێشتر ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ کچێک پێکهێناوە بەناوی ڕەنگین، بەڵام تەمەنی هاوسەرگیرییەکەیان تەنیا 6 مانگ بووە، ژنەکەی کە دوو گیان بووە، کۆچی دوایی کردووە.

کاوە کە مامی هاوسەری پێشووی (ئا)یە بە (ڕووداو)ی گوت "بنەماڵەی ئەو تاوانبارە زۆر باشن، بۆیە کاتێک داوای ڕەنگینیان کرد، بەبێ مەرج ڕازی بووین، بەڵام شەش مانگ لەلای بوو".

کاوە گومانی لە مردنی برازاکەی هەیە و دەڵێت "ڕەنگین بەر لەوەی بمرێ تەلەفۆنی بۆ (ئا) کردووە، بەڵام ئەو وەڵامی نەداوەتەوە. بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی دەرکەوت ڕەنگین بەهۆی جەڵتەی دڵەوە مردووە. لەدوای ئەم ڕووداوە و کۆتایی هاتن بە کارە یاساییەکانی ڕووداوەکە، ئێمەش کەیسی مردنی برازاکەم زیندوو دەکەینەوە".

# پیاوێکی 92 ساڵان ژنەکەی بریندار دەکات



**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- قەڵادزێ**

پیاوێکی بەساڵاچوو کە تەمەنی لە سەدەیەک نزیک دەبێتەوە، لە کاتی هەڵگرتنی چەکێکی کلاشینکۆف گوللەیەک لە کلاشینکۆفەکەی دەردەچێت و بەر سەری ژنەکەی دەکەوێت. بەساڵاچووەکە بە بڕیاری دادوەر دەستگیرکرا و دواتر بە کەفالەت ئازاد کرا، ژنەکەش لە ژێر چاودێریی پزیشکدایە.

ڕۆژی 2014/12/14 ژنێکی تەمەن 68 ساڵ بە ناوی زێڕین عەباس حەمە کە دانیشتووی گەڕەکی گربداغە لە قەڵادزێ، لەلایەن هاوسەرەکەیەوە بەناوی حەسەن محەممەد، تەمەن 92 ساڵ بریندار کرا. کەسوکاری ئەو ژن و پیاوە دەڵێن ڕووداوەکە قەزا و قەدەر بووە و پیاوەکە گوللەی لە دەست دەرچووە.

گوڵبەند حەسەن، کچی زێڕین بە (ڕووداو)ی گوت، باوکی بە ئەنقەست ئەو کارەی نەکردووە، بەڵکو لە کاتی هەڵگرتنی چەک کە چەکەکە گوللەی لەبەربووە، دەستی بە پەلاپیتکەی چەکەکە کەوتووە، بەو هۆیەوە گوللەیەک لە کلاشینکۆفەکە دەرچووە و بەر دیوار کەوتووە و گوللەکە هەڵبەزیوەتەوە و بەر سەری دایکی کەوتووە و برینداری کردووە.

وەک گوڵبەند باسی کرد، باوکی زۆر هۆگری چەکە و بەردەوام چەکەکەی دەردێنێت و خاوێنی دەکاتەوە، بەڵام دوای ئەو ڕووداوە، چەکەکەی لەبەرچاو کەوتووە و بەڵێنی داوە هەرگیز بەلای چەکدا نەچێتەوە "تەنانەت لە حەژمەتی برینداربوونی دایکم خەریکبوو خۆی بکوژێت، بەڵام باشبوو خەڵک فریای کەوتن".

گوڵبەند ڕەتیکردەوە باوکی نەخۆشیی دەروونی هەبووبێت، یان ڕووداوەکە پەیوەندی بە کێشەیەکی نێوانیانەوە هەبووبێت و ڕووداوەکەی بە "قەزا و قەدەر" ناوبرد.

سەبارەت بە ڕەوشی تەندروستی دایکیشی، گوڵبەند کە لە نەخۆشخانەی سلێمانی لەلای دایکی قسەی بۆ (ڕووداو) کرد گوتی "تەندروستی دایکم خراپ نییە، پێویستی بە نەشتەرگەرییەک هەیە، چونکە کاسەی سەری درزی بردووە".

هەرچەندە هەڵگرتنی چەک پێویستی بە مۆڵەتی وەزارەتی ناوخۆیە، بەڵام زۆربەی ماڵەکانی کوردستان چەکیان تێدایە کە زۆربەیان مۆڵەتیان نییە. بوونی چەک لە نێو ماڵاندا تاوەکو ئێستا چەندین ڕووداوی نەخوازراوی لێکەوتووەتەوە. جگە لەو ڕووداوەی ماڵی مام حەسەن، زۆرجار کچ یان ژن، دەستی بۆ چەکی مێرد و براو و باوک بردووە و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە.

### ویستی خۆی بکوژێت

دراوسێکانی مام حەسەن قسەکانی کچەکەی پشتڕاستدەکەنەوە کە باوکی دوای ڕووداوەکە، ویستوویەتی خۆی بکوژێت.

یەکێک لە دراوسێکانی کە حەزی نەکرد ناوی بڵاوبکرێتەوە، زۆر پەسنی مام حەسەنی دا و بە دووری زانی مام حەسەن هەوڵی کوشتنی ژنەکەی خۆی دابێت.

ئەو دراوسێیەی مام حەسەن گوتی "لەگەڵ خێزانەکەی زۆرباشە، دراوسێکانیش گومانی خراپی لێناکەن، ئەوەی کە ڕوویداوە لە قەزاو قەدەر دەچێت، نەمانزانیوە کێشەیان هەبووبێت". هەروەها گوتی "مام حەسەن زۆر بە پەرۆش بوو بۆ ژنەکەی، تەنانەت دوای ڕووداوەکە ویستی خۆی بکوژێت، بەڵام ئێمە چەکەکەمان لێسەند و نەمانهێشت".

عوسمان محەممەد، یاریدەدەری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی گشتی قەڵادزێ بە (ڕووداو) گوت، کاژێر هەشتی بەیانی 2014/12/14 بریندارێکی ژن هێنرایە نەخۆشخانەکەمان کە فیشەکێک بەر سەری کەوتبوو، لای خۆمان چارەسەری پێویستمان بۆی کرد، بەڵام دواتر بە مەبەستی چارەسەرکردنی زیاتر و پێویست بەڕێکرا بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی".

گوتیشی "نەخۆشەکە باری تەندروستی جێگیربوو، بەپێی پشکنینەکان دەرکەوتووە برینەکەی سەری زۆر کاریگەر نییە و فیشەکەکە نەچووەتە ناو سەری". هەروەها گوتی "بەپێی پشکنینەکان کە بۆ تەقەکەرەکە کراوە، دەرکەوتووە نەخۆشیی دەروونی هەیە و باری دەروونی جێگیر نییە، ئەویش لەبەر زۆریی تەمەنەکەی".

موقەدەمی پۆلیس حەسەن ڕەشید حاجی، بەڕێوەبەری بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە ڕاپەڕین گوتی "لە دوای ڕووداوەکە دەستبەجێ پۆلیس گەیشتە شوێنی ڕووداوەکەو دەستکرا بە لێکۆڵینەوە، دەرکەوت ئەو ژنە لەلایەن هاوسەرەکەیەوە تەقەی لێکراوە، بۆیە هاوسەرەکەی دەستگیرکرا، دواتر بە کەفالەت ئازاد کرا".

بەهۆی ئەوەی لێکۆڵینەوەکە لە قۆناغی سەرەتاییدایە، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە ڕانیە دەڵێت ناتوانن بڕیار بدەن کە ڕووداوەکە قەزا و قەدەر بووە، یان ئەو پیاوە بە ئەنقەست تەقەی لە ژنەکە کردووە. گوتیشی "لەسەر ئەو دۆسیە کەس سکاڵای تۆمار نەکردووە، بەڵام ئەو چەکەی تەقەی پێکراوە لەلایەن پۆلیسەوە دەستی بەسەردا گیراوە".

رووداو
کۆمەڵایەتی
ژمارە (339) دووشەممە 2014/12/22


## پۆلیس "فێڵبازێک" دەستگیر دەکات

**رووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری راگەیاندنی پۆلیسی هەولێر رایگەیاند هێزەکانی پۆلیسی نەهێشتنی تاوان، توانیوان ئەو "تەڵەکەباز"ە دەستگیربکەن، کە ماوەیەک بوو شوفێرێکی زۆری تاکسی هەڵخەلەتاندبوو. رائید کاروان عەبدولکەریم لە پەیجی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بڵاوی کردووەتەوە "ئەو تۆمەتبارە دوای ئەوەی لەگەڵ تاکسیەکان سەردەکەوت، بە ناوی (میرخان) خۆی دەناساند، وانیشاندەدا کە لای بەرپرسێکی باڵای حکومەت کاردەکات دواتر خۆی دەکردە هاوڕێی شوفێری تاکسیەکە بە فێل پارەی لێوەردەگرت ئینجا خۆی ون دەکرد".



# کوڕە شەهیدێک گورچیلەی دەبەخشێتە کچی ئەنفالکراوێک



**شادیە رەسوڵ**
**رووداو- سلێمانی**

گەنجێکی دانیشتووی قەزای چەمچەماڵ لە رێگەی هاوڕێیەکییەوە دەزانێت کە کچی ئەنفالکراوێکی دانیشتووی ناحیەی رزگاری، هەردوو گورچیلەی سست بوون و ژیانی لە مەترسیدایە، بۆیە بڕیار دەدات یەکێک لە گورچیلەکانی خۆی پێببەخشێ.

مەریوان کەریم، 31 ساڵ، ماوەی 6 مانگە بە گورچیلەیەکەوە ژیان بەسەر دەبات، بەڵام ئەم گەنجە خۆی ئەوەی هەڵبژاردووە و دەڵێ "هاوڕێیەکم بۆی باسکردم کە کچە ئەنفالکراوێک هەردوو گورچیلەی رزیوە، ئەگەر حکومەت بە هانایەوە نەچێت دەمرێت، منیش خۆم پێنەگیراو پەیوەندیم پێوەکرد، ئەوەی کە وایلێکردم گورچیلەی خۆمی بدەمێ ئەوە بوو ئەو کچە وەکو من خێزانی هەیە و خاوەنی 3 منداڵیشە".

مەریوان چاوەڕێی کرد حکومەت یارمەتی ئەو ژنە بدات، بەڵام خێزانی ئەو ژنە گوتیان حکومەت وەڵامی نەداوینەتەوە "من لەبەر سێ هۆکار ئەو کارەم کرد، یەکەم لەبەر خودا، دووەم لەبەرئەوەی کە وەزارەتێکمان هەیە بەناوی شەهیدان و ئەنفالکراوان و ناتوانێت کچە ئەنفالێک لە ئازار رزگار بکات، سێیەم لەبەرئەوەی کە هەندێک کەس ژنان دەکوژن، بەڵام من دەمەوێت ژیان بۆ ژنێک بگێڕمەوە".

گوتیشی "من خۆم کوڕە شەهیدم و باوکم لە یەکەم شەهیدی راپەڕینە، ئەویش کچە ئەنفالە و هەردووکمان یەک ئازارمان هەیە".

### "هەندێک کەس ژنان دەکوژن، بەڵام من دەمەوێت ژیان بۆ ژنێک بگێڕمەوە"

مەریوان، قوتابی قۆناغی دووەمی کۆلێژی یاسایە لە زانکۆی جیهان و لە خانوویەکی کرێدا دەژی و پێشتر وەک فۆتۆگرافەر کاری دەکرد، بەڵام دوای ئەوەی گورچیلەی راستی دەبەخشێتە ئەو کچە، ماوەی زیاتر لە 6 مانگە ناتوانێت هیچ کارێک بکات "ئێستا تەنیا بە مووچەی ژنەکەم دەژین کە مامۆستایە، هەروەها مووچەی شەهیدانەی باوکم ئەویش بە 3 مانگ جارێک وەریدەگرین".

سەبارەت بە هەڵوێستی کەسوکارەکەی دوای ئەوەی بڕیاری داوە گورچیلەکەی خۆی ببەخشێت، مەریوان گوتی ئەوکاتەی بڕیاریدا گورچیلەی خۆی ببەخشێتە ئەو ژنە، کەسوکارەکەی و تەنانەت ژنەکەشی رازی نەبوون، زۆری نەمابوو ژنەکەی لێی جیاببێتەوە "بەڵام هەرچۆنێک بێت بڕوام پێهێنان و گورچیلەم بەخشی".

دوای ئەوەی مەریوان قەناعەت بە کەسوکارەکەی دەهێنێت، پەیوەندی بە خێزانی ژنەکەوە دەکات و پێیاندەڵێت کە ئامادەیە گورچیلەکەی خۆی پێ ببەخشێ "چووینە ئێران و بە سەرکەوتوویی نەشتەگەرییەکەمان بۆ کرا، من خوشکەکەی خۆمم برد و ماوەی 23 رۆژ ماینەوە لەوێ".

ئەو کوڕە تەنیا گورچیلەکەی نەبەخشیوە، بەڵکو خەرجی نەشتەرگەرییەکەشی کێشاوە "من بڕی 8 ملیۆن دینارم خەرجکرد، ماڵی ئەو ژنەش 13 ملیۆن دینار، ئەوان سەرمایەدارەکان و بەرپرسەکان کۆمەکیان کردن، لەوانە عوسمانی حاجی مەحموود و قادری حاجی عەلی کە بڕی 10 ملیۆن دیناریان بۆ نەشتەرگەرییەکە خەرج کرد".

روونـاک مەجید، دانیشتووی ناحیەی رزگاری، کە گورچیلەی مەریوانی وەرگرتووە، پێشتر زۆر هەوڵیداوە حکومەت یارمەتی بدات، بەڵام بێ سوود بووە. مەریوان گوتی "مێردی ئەو ژنە پاسەوانی بەرپرسێکی گەورەیە، بەڵام سوودی نەبوو، من لە رێگەی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانییەوە ئەوەم بە ئاشکرا راگەیاند کە گورچیلەی خۆم دەبەخشمە کچە ئەنفالێک، ئەوکاتیش کەس نەهات بەدەم داواکەمەوە یان حکومەت گورچیلەیەک بۆ ئەو ژنە بکڕێت، ئێستا بەرپرسەکان داوام لێدەکەن کە بچمە لایان بۆ ئەوەی دەست خۆشانەم لێبکەن، بەڵام من ئەوە ناکەم و ناچم".

سەبارەت بە رەوشی تەندروستی ژنەکەش، مەریوان گوتی "رۆژانە هەواڵی ئەو ژنە دەپرسین و ئێستا تەندروستی زۆر باشە و هیچ کێشەیەکی نییە، دوای نەشتەرگەرییەکە نەمبینیوە، چونکە دکتۆر رێگەی لێگرتووین و نابێت تا ماوەیەک کەس ببینێ".



رائیدی ماف ژیلەمۆ عەبدولقادر *

## "مێردەکەم بە لێدان منداڵەکەی لەباربردم"

خێزانێک بە بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوەی توندوتیژی خێزانی رەوانەی لێژنەی ئاشتەوایی کرابوو. کاتێک سەیری پەڕاوەکەیان کرا، دەرکەوت پیاوەکە سکاڵای لەسەر ژنەکەی تۆمار کردبوو. کاتێک بانگکران بۆ قسەکردن لەگەڵیان بە مەبەستی ئاشتبوونەوە، دەرکەوت هەردووکیان تەمەنیان (20) ساڵانە و نەخوێندەوارن.

پیاوەکە گوتی ژنەکەی ناچاری کردووە سکاڵای لەسەر تۆمار بکات، چونکە رازی نەبووە منداڵیان ببێت. هەرچەندە دووگیان بوو، بەڵام منداڵەکەی لەبارچوو، پێدەچێت بە ئەنقەست منداڵەکەی لەباربردبێت. ئەو پیاوە داوای دەکرد ژنەکەی بگەڕێتەوە لای کە ماوەی 3 مانگ بوو جێیهێشتبوو.

پیاوەکە دوو منداڵی هەبوو، بەڵام لە ژنێکی دیکە کە لێی جیابووەتەوە. ژنەکەش کە بەهەمانشێوە پێشتر تەڵاقدراوە، منداڵێکی هەبوو. ئەو پیاوە کە خەڵک منداڵەکانی بۆ بەخێودەکەن، دەیگوت حەزی لێیە منداڵێکیان هەبێت بۆ ئەوەی خۆشەویستی لە نێوانیاندا دروست بێت.

کاتێک نۆرەی ژنەکە هات قسە بکات، گوتی "من بۆیە رازی بووم شوو بەم پیاوە بکەم، چونکە هەردووکمان منداڵمان هەیە، بەڵام ئەم پیاوە زۆر خراپە لەگەڵم، هەر بۆیەش حەز ناکەم منداڵم لێی ببێت، بەردەوام شەڕمان بوو، کاری دەستنەدەکەوت و کێشەی بۆ من دروست دەکرد، کرێی خانووی پێنەدەدرا، شەڕی پێدەفرۆشتم. تەنانەت ئەو منداڵەی کە باسی دەکات، بەهۆی لێدانی ئەو لەبارم چوو، بەڵام لە نەخۆشخانە راستییەکەم لە پزیشکەکان شاردەوە و گوتم بەربوومەتەوە. بەرگەی ئەم هەموو ئازارەم گرت بۆ ئەوەی جارێکی دیکە تەڵاق نەدرێم و خەڵک نەڵێت دیسان تەڵاقدرا، بەڵام ئێستا نامەوێت بگەڕێمەوە لای و داوای تەڵاق دەکەم".

دایکی ژنەکەش لەبەردەم لێژنەی ئاشتەوایی ئامادەبوو، لێژنەکە ویستی لە رێگەی دایکییەوە قەناعەت بە ژنەکە بهێنێت کە بگەڕێتەوە لای مێردەکەی، بەڵام دایکیشی گوتی "من کاتی خۆی تەمەنم بچووک بوو بە شوو درام، تەنیا ئەو کچەم هەبوو، تەڵاقم لە مێردەکەم وەرگرت. خەڵک وازیان لێنەهێنام و گوتیان کچەکەت گەورە بووە و بەشووی بدە. ئێمە وامانزانی ئەو پیاوە تەنیا ژنێکی هێناوە و تەڵاقی داوە، بەڵام دواتر بۆمان دەرکەوت کە دوو ژنی دیکەشی هێناوە و تەڵاقیداون. ئێستاش من لاریم نییە ئەگەر بگەڕێتەوە لای".

ژنەکە سوور بوو لەسەر جیابوونەوە، بۆیە پێیگوترا کە دەبووایە هەر لەسەرەتاوە داوات تۆمار بکردایە لەسەر پیاوەکەت کە توندوتیژی بەرامبەرت بەکارهێناوە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مادەی (2) برگەی (11) لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی، لەباربردن بە کاریگەری توندوتیژی خێزانی بە جۆرێک لە جۆرەکانی توندوتیژی هەژمارکراوە. سزای ئەم تاوانە بەپێی بەمادەی (7)ی هەمان یاسا دیاریکراوە، بکەرەکەی سزا دەدرێت بە حەپسکردن کە ماوەکەی کەمتر نەبێت لە 6 مانگ و زیاتر نەبێت لە 3 ساڵ، هەروەها بژاردن کە کەمتر نەبێت لە ملیۆنێک دینار و زیاتر نەبێت لە 5 ملیۆن دینار، یان بە یەکێک لەم دوو سزایە.

دوای گوێگرتن لەم ژن و پیاوە، دەرکەوت سەرچاوەی سەرهەڵدانی کێشە لە نێوانیان دەگەڕێتەوە بۆ هاوسەرگیری لە تەمەنێکی بچووکدا.

***بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# بۆ 3000 دۆلار پورزاکەیان کوشت

**رۆژان ئەبوبەکر**
**رووداو- سلێمانی**

"پورزاکانی کوشتیان، برازاکانم کوشتیان، کوڕەکەم تاوانی نەبوو". نەعیمە شوێنی بەخۆی نەدەگرت و بەردەوام هاواری دەکرد. خۆی بەبێکەسترین مرۆڤی ئەو دونیایە دەزانی و بەردەوام دەیگوت کوڕەکەی بە "ناهەق" کوژراوە.

ئەو خانووەی نەعیمە و خێزانی کوڕە کوژراوەکەی تێدا دەژین، بۆ خۆیان قسە دەکەن، شوێنەواری گوللە بە دەرگا و دیوارەکانەوە وا دەردەخەن کە ئەوان دەمێکە لەکێشەدا دەژین.

لافیتەیەکی رەش بە دیواری ماڵەکەوەیە، هەرچەندە تەنیا 2 رۆژ بەسەر کوشتنی رێبواردا تێپەڕیوە، بەڵام ئەوانەی بۆ پرسەکەی دێن و دەیانەوێ سەرەخۆشی لێبکەن زۆر کەمن. نەعیمە بۆخۆی روومەتەکانی سوور هەڵگەڕاون و هەندێکجاریش بەلێدان روومەتەکانی خوێناوی دەکرد "ماڵەکەمیان سووتاند، ئەوە دەرگاکان ببینە هەمووی جێ فیشەکی ئەوانە".

رۆژی 14ی ئەم مانگە لە رێگەی سەیدسادق-سلێمانی، گەنجێک بەناوی رێبوار عومەر، 32 ساڵ درایە بەر گوللە و دواتر تەقەکەرەکان هەڵاتن، وەک زۆربەی رووداوەکانی دیکە پۆلیس تەنیا فریاکەوتن تەرمی قوربانییەکە بگەیێننە نەخۆشخانە. بەڵام هاوسەری رێبوار ناوی ئەوانە دەهێنێ کە تەقەیان لە هاوسەرەکەی کردووە و دەڵێ "زۆر لێیان پاڕامەوە تەقە نەکەن".

بەهار کەمال، وەک ئەوەی چیرۆکێک بۆ ئامادەبووانی پرسەکە بگێڕێتەوە، هاواری دەکرد "لەبەرچاوی خۆم کوشتیان، (س.م، س.م، ب.م و ح.س ) دەستیان لە تەکسییەکە راگرت و بە هەر چواریان گوللەبارانی مێردەکەمیان کرد".

ئەو رۆژە بەهار و هاوسەرەکەی چوونەتە سەیدسادق بۆ ئەوەی پەڕاوی کەفالەت بۆ دایکی پڕبکاتەوە کە پێشتر دایکی لە زیندان بووە و ئازاد کراوە. بەڵام بینیویەتی کە پورزاکانی بەدوایەوەن و چاودێری دەکەن، بەهار دەڵێ "دیار بوو پێشتر چاودێرییان دەکردین، لەبەردەم پۆلیسی سەیدسادق رێبوار پێیگوتم ئەوە (س) سەیرم دەکات، کە گەڕاینەوە تەکسیمان گرتبوو، لە رێگا دەستیان لە تەکسییەکە راگرت و هەر چواریان دابەزین، چەند هاوارم کرد بە گوێیان نەکردم و هەموویان دەمانچەیان پێبوو، تەقەیان لە مێردەکەم کرد و رایانکرد".

ماڵی نەعیمە و براکانی دەمێکە کێشەیان هەیە. نەعیمە رەحیم کە دایکی 5 منداڵە و هاوسەرەکەی نەماوە، باسی هۆکاری کوشتنی کوڕەکەی کرد و گوتی "کاتێک پارەی زیندانی سیاسیی هاوسەرەکەم وەرگرت کێشە کەوتە خێزانەکەمانەوە، براکەم دەیگوت دەبێت 3000 دۆلارم بدەیتێ، خوشکەکەم داوای 6000 دۆلاری دەکرد، چەند جارێک لەلایەن ئەو برازا و خوشکەزایانەمەوە بوختانیان بۆ هەڵبەستین، ئاگریان بەردایە ماڵەکەم، گوللەبارانیان کردین".

ئەو ژنە خاوەنی 5 براو خوشکێکە، بەڵام ئەو تەنیا ناوی دوو براو خوشکەکەی دەبرد. ئەو دەڵێ بەهۆی داواکردنی پارەوە ماڵی براکانی لێی بوونەتە دوژمن.

بەڵام ( رووداو) زۆر هەوڵیدا و نەیتوانی پەیوەندی بە برا و برازاکانی نەعیمەوە بکات.

رێبوار عومەر، 32 ساڵ، کرێکار بوو، کاتێک لەگەڵ خێزانەکەیدا بەرەو سەیدسادق دەچن بۆ ئەوەی کەفالەت بۆ دایکی بکاتەوە کە ماوەی 4 رۆژ لە زیندان بووە بە هۆکاری ئەوەی تۆمەتبارکراوە لە لایەن برازاکانیەوە بە رفاندنی منداڵ، لە کاتی گەڕانەوەیدا دەکوژرێت.

خوشکەکەی رێبوار کە لە نێو ژنەکاندا دانیشتبوو، گوتی "ئەوان کەسی حیزبییان لە پشتە، ئەوە چەند جار وا بکەن تا گەیشتە ئەوەی براکەم بکوژن، ئەی بۆ ناگیرێن".

پێدەچێ پێشتریش بەهار هەستی کردبێت کە رێبواری هاوسەری ژیانی لە مەترسیدایە، ئەوان لە نهۆمی دووەمی ماڵی دایکی رێبواردا دەژیان. بەهار دەڵێت "دوو سێ جار گوللەبارانیان کردین، ناچاربووم ماڵەکەم بە بلۆک هەڵبچنم بۆ سەلامەتی خۆمان و منداڵەکان".

موقەدەم حەکیم عەزیز، بەڕێوەبەری پۆلیسی سەیدسادق بە (رووداو)ی گوت "کاژێر سێی پاش نیوەڕۆی 14 ی ئەم مانگە ئەو کوڕە کوژراوە، کاتێک گەیشتینە شوێنی رووداوەکە بکوژەکان رایانکردبوو، بەڵام لەبەرئەوەی رێبوار تا گەیەنراوەتە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانیش لە ژیاندا ماوە، توانراوە وتەی وەربگیرێ و بکوژەکان ناسراون و فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووە".



# 60%ی زبڵی سلێمانی پاشماوەی خۆراکە

**ڕووداو- سلێمانی**

بەرپرسانی شارەوانی سلێمانی ترسێکی زۆریان هەیە لە هەڵکشانی زیاتری ئەو خاشاکەی ڕۆژانە تیمەکانیان کۆی دەکەنەوە، چونکە بەشی زۆری خۆراکی ڕۆژانەیە. بەرپرسانی ژینگەش دەڵێن سلێمانی زۆرترین خاشاک و پاشماوەی هەیە و ئابووریناسانیش ئەو ڕێژەیە، بە "مەترسیدار" ناو دەبەن.

بەپێی ئامارێکی بەشی خزمەتگوزاری شارەوانی سلێمانی، ڕۆژانە زۆرتر لە 1300 تۆن خاشاک کۆدەکرێتەوە، لەو بڕەش خاشاکەش 60%ی پاشماوەی خواردن و خۆراکی هاووڵاتیانە.

ئەو بڕە خواردنەی دەبێتە خاشاک، بەلای ڕزگار ئەحمەد، لێپرسراوی بەشی خزمەتگوزاریی لە شارەوانی سلێمانی "نائاساییە" و دەڵێت ڕۆژانە ئۆتومبێلی کۆکەرەوەی خاشاک، بەم اڵەکاندا دەگەڕێن بۆ کۆکردنەوەی خاشاک "لە کاتێکدا لەهیچ وڵاتێکی دنیادا شتی وا نییە".

شارەوانی سلێمانی ڕۆژانە لەگەڵ سێ کۆمپانیای پاککەرەوەدا خاشاکەکان کۆ دەکەنەوە. وەک ڕزگار ئەحمەد گوتی ئەو ڕێژەیەی بەزبڵ بوونی بەرماوەی خواردن لەسەر ئاستی کوردستان، بەڵکو لەسەر ئاستی عێراقیشدا زۆرە "دەردەکەوێت کە خەڵکی سلێمانی زیادەڕۆیی زۆر دەکەن لە خواردندا".

ئەم ئامارانە لە کاتێکدا دەردەکەون، کە ئەمساڵ هەرێمی کوردستان گەمارۆی ئابووری بەغدای لەسەربوو، هەر ئەوەش وایکردبوو کە سلێمانی زۆرترین خۆپیشاندان و مانگرتنی نارەزایەتی بۆ مووچە بکات.

ئەو بەرپرسەی شارەوانی ڕەتیکردەوە کە قەیرانی دارایی ئەمساڵ کاریگەریی هەبووبێت لەسەر کەمکردنەوەی خواردن دەڵێ "ماوەی 13 ساڵە لەو بەشەدا کاردەکەم، ڕۆژانە بڕی خواردنی کۆکەرەوە وەک خاشاک زیاد دەکات".

## ژمارەیەکی مەترسیدارە

پسپۆرانی ئابووری فڕێدانی ئەو ڕێژەیەی خواردن بەزەنگێکی مەترسیدار بۆ ئابووری دەزانن. د.کامەران ئەحمەد، مامۆستای بەشی ئابووری لەزانکۆی سلێمانی پێیوایە فڕێدانی خواردن ڕۆژانە بەڕێژەی 60% کە لە مانگێکدا دەکاتە 780 تۆن، بڕێکی ئێجگار زۆرە و لەزانستی ئابووریدا خواردن یەکێک لەپێداویستییە گرنگ و ناچارییەکانە "بەڵام ئەوەش لەڕووی ئابوورییەوە ژمارەیەکی مەترسیدارە کە ئەوەندە پارە فڕێ دەدرێت".

ناوبراو ئاماژەی بەوەکرد پێش دەستپێکردنی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بەخۆراک، خەڵک نەیدەتوانی ڕۆژانە بەپێی ژەمەکان خواردن بخوات، بەڵام دوای ئەوە کە پارە و داهات زۆر بوو دیاردەی فڕێدانی خۆراک دەستی پێکردەوە و گوتی "کێشەی سەرەکی خەڵکی ئێمە ئەوەیە بەقەد پێویستی خۆیان خواردن بەکارناهێنن، بەڵکو هەمیشە خواردنی زۆر دروست دەکەن، بەتایبەتیش لەکاتی میوانداریکردندا".

## شارێکی دەستبڵاوە

بەهەمانشێوەی لایەنە حکومییەکان و شارەزایانی بواری ئابووری، بازرگانانی خۆراکیش ئاشکرای دەکەن خەڵکی سلێمانی خۆراک زۆرتر بەکاردەهێنن.

جوتیار حەسەن، خاوەنی کۆمپانیایەکی بازرگانی خۆراکە و پێیوایە دانیشتووانی شاری سلێمانی بەو پێیەی حەزیان لەڕێزگرتنی بەرامبەر و میوانداریکردنە، بۆیە زۆر گرنگی بە کڕین و بەکارهێنانی خۆراک دەدەن و گوتی "دەتوانین بڵێین بەگشتی خەڵکی سلێمانی دەستبڵاوترن، بەراورد بە خەڵکی شارەکانی دیکە".

ئەو بازرگانە هەروەها دەڵێ،قەیرانی دارایی ئەمساڵ، ڕەنگە کاریگەری 30%ی هەبووبێت بۆ فرۆشتنی خۆراک، بەڵام دواجار ئەوەش بەپێی جۆری خۆراکەکان دەگۆڕێت.

## خواردن خاشاکە باشەکەیە

کۆمپانیایەکی فەرەنسی لە سلێمانی سەرقاڵی دروستکردنی ریسایکلینە و بەوەش چیدیکە کێشەی کەڵەکەبوونی زبڵ نامێنێ و زۆربەی کەرەستە بە پاشەڕۆبووەکان سەرلەنوێ بەکاردەهێنرێنەوە، بەڵام هێشتا ریساکلینەکە ئامادە نییە و پێدەچێ لە ناوەڕاستی ساڵی داهاتوو بکەوێتەکار.

هەرچەندە شارەوانی دەڵێت کە خواردن بڕێکی زۆری خاشاکە، بەڵام لەولاوە محەمەد سەعید نوری، بەڕێوەبەری فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی باس لەوە دەکات بەگشتی بڕی خاشاکی سلێمانی زۆرە و "خواردن" خاشاکە باشەکەیە.

محەمەد سەعید، نیگەرانە لەوەی بەگشتی خاشاکی سلێمانی زۆرە و ئەوەش بەبۆچوونی ئەو کاریگەری زۆر خراپی هەیە بۆ ژینگە، بەتایبەتی ماددە کیمیاییەکان و پاشماوەی نەخۆشخانەکان. ناوبراو گوتی "ڕەنگە خواردن خاشاکە باشەکەبێ کە کاریگەرییە خراپەکەی کەمترە بەراورد بەخاشاکەکانی دیکە".

لەزۆربەی وڵاتانی دنیا بەشێوەیەکی زانستی سوود لەخاشاک وەردەگیرێت بۆ بەکارهێنانەوەی لەبواری دیکەدا، بۆیە بەرپرسەکەی ژینگەش ئاماژەی بەوەکرد کە ئێستا چارەسەرکردنی خاشاکەکە "نا زانستییە" چونکە دەخرێتە ژێر گڵەوە، بەڵام دڵخۆشبوو بەتەواوبوونی پرۆژەی ڕیساکلبینی سلێمانی کە بڕیارە کۆتایی ساڵی داهاتوو تەواو ببێت و بەشێوەیەکی زانستی سوود لەو خاشاکە ببینرێ.



(فۆتۆ: لەرزین حەسەن)

# سەمای باڵێ لە سلێمانی چاوەڕێی مامۆستای بیانییە

**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**ڕووداو- سلێمانی**

"کە قوتابخانەکەمان داخرا، ئێمە هەموو خەونەکانمان لەوێدا مرد، بەڵام هیواداریـن جارێکی دیکە بۆمان بکەنەوە و دەرگاکانمان لەسەر دانەخەن" مینا نیاز، خوێندکاری قوتابخانەی سەمای باڵێ و مۆسیقای سلێمانی، دوای داخستنی قوتابخانەکەی وایگوت.

مینا نیاز، ئێستا خوێندکاری قۆناغی 12ی ئامادەییە، وەک ڕۆژانی رابردوو لەدوای خوێندنەکەی ناڕوات بۆ فێرگەی باڵێ و نیگەرانە لەوەی بەڕێوەبەرەکەی وازی هێناوە و مامۆستاکانی دیکەشی دەستبەرداری فێرگەکە بوون. ئەو لە ساڵی 2008 لەگەڵ کردنەوەی قوتابخانەی باڵێدا بووەتە خوێندکاری سەمای باڵێ "من دەمویست لەپاڵ خوێندنەکەمدا ببمە سەماکاری باڵێ تاوەکو لەو ڕێگەیەوە بەدنیا بڵێم ئێمە دابڕاو نین لە هونەرەکانی سەردەم".

قوتابخانەی سەمای باڵێ و مۆسیقای سلێمانی، هەرچۆن بوو توانی ماوەی 6 ساڵ خۆی بەپێوە رابگرێت، لەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی کە هەروا بەئاسانی ناتوانێ لەگەڵ ئەو جۆرە هونەرە هەڵبکات. بەڵام کێشەکەی باڵێ لە سلێمانی پەیوەندی بە بەربەستە نەریتی و کۆمەڵایەتییەکانەوە نییە.

بەڕێوەبەری قوتابخانەکە هۆکاری داخستنی دەگەڕێنێتەوە بۆ بەکۆمەڵ گواستنەوەی مامۆستاکانی و نەبوونی باڵەخانەیەکی تایبەت بە هونەری باڵێ "قوتابخانەکەمان تەنیا لە هۆڵێکدا بوو، 3 پارچە زەویم تاپۆکرد لەسەر پەروەردە بۆ دروستکردنی بینا بۆ قوتابخانەکەمان، کەچی هیچ باڵەخانەیەکیان پێنەداین". ڕووبار ئەحمەد، بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەمای باڵێ و مۆسیقای سلێمانی دەڵێت کە ئەو نەیویستووە دەستبەرداری قوتابخانەکەی ببێت، بەڵام بەهۆی پشتگوێ خستنیان دوا بڕیاری خۆی داوە "کاتێک زانیم پەروەردە هیچم بۆ ناکات، واژۆم لەسەر گواستنەوەی مامۆستاکانم کرد".

هەروەها گوتی "دواتر داوای گواستنەوەی خۆم کرد، بەڕێوەبەری پەروەردە پێیگوتم تاوەکو داوای هەڵوەشانەوەی قوتابخانەکە نەکەیت گواستنەوەکەت بۆ ناکەین، منیش داوای هەڵوەشانەوەکەم بەرزکردەوە بۆ پەروەردە".

کەمال نووری، بەڕێوەبەری پەروەردەی ڕۆژئاوای سلێمانی، لەگەڵ ئەوەی پشتگیری بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەمای باڵێ و مۆسیقای سلێمانی دەکات لەوەی تەنیا لە هۆڵێکدا سەرجەم وانەکانیان خوێندووە، ئەوەش پشتڕاست دەکاتەوە کە قوتابخانە دروستکراوە بۆ سەمای باڵێ و مۆسیقای سلێمانی، کەچی دراوە بە قوتابخانەی دیکە. ناوبراو دەڵێ "تەنیا بەڕێوەبەری قوتابخانەکە مابووەوە، بۆیە داوای هەڵوەشانەوەی قوتابخانەکەم لێکرد". هەروەها گوتیشی "بۆیە داوای هەڵوەشانەوەم کرد، چونکە مامۆستای بواری سەمای باڵێ نەبوو تاوەکو بیگوازینەوە، دەبێت کەسی شارەزا ئەو وانەیە بڵێتەوە".

لەکاتێکدا سەردانی نەجمەدین عەلی بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانیمان کرد، سەرجەم مامۆستایانی قوتابخانەی باڵێی لابوو بێجگە لە بەڕێوەبەری قوتابخانەکە. بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە بەمامۆستاکانی گوت "ئێستا کەسێک دابنێن وەکو بەڕێوەبەر من قبوڵی بکەم و هەموو پێداویستیەکانتان بۆ دابین بکەم".

بەهۆی ڕێککەوتنی نێوان یەکێتی و گۆڕان، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی، پشکی گۆڕانە، هەر بۆیە نەجمەدین عەلی گوتی "ئەگەر ئێوە نەگەڕێنەوە پێش تەواوبوونی ماوەی کارکردن، سەنتەرێکی سەمای باڵێ دەکەمەوە، مامۆستای لە دەرەوەوە بۆ دەهێنم".

مامۆستا نەجمەدین باسی کێشەی ئەو قوتابخانەیەی کرد و بە (ڕووداو)ی گوت "مامۆستاکانی ئەم قوتابخانەیە لەسەر داوای بەڕێوەبەرەکەیان کە ڕەزامەندی بۆ گواستنەوەی مامۆستاکانی دابوو، پێش ئەوەی خۆی بڕوات هەموویانی گواستووەتەوە بۆ خوێندنگاکانی دیکە، دوای ئەوەش خۆی داوای کردووە بیگوازنەوە بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری، ئەوکات من زانیم ئەو قوتابخانەیە هەڵوەشاوەتەوە، فەرمانی گواستنەوەی دەرچوو، من داوام لێکرد نەڕوات، چی بوێت بۆی جێبەجێ دەکەم. ئێستاش داوام لەو ستافە کردووە کە گوازراونەتەوە بۆ قوتابخانەکانی دیکە بگەڕێنەوە، چییان بوێت بۆیان دەکەین، لەسەر ئاستی پەروەردەی گشتی سەنتەرێکی باڵێ دەکەینەوە و هەموو پێداویستیەکانیان بۆ دابین دەکەین".

لە کاتێکدا خوێندکارانی قوتابخانەکە چاویان لەسەر کردنەوەی قوتابخانەکەیانە و ئەوە بە گونجاو دەزانن کە هاوشان لەگەڵ خوێندندا توانا هونەرییەکانیان لەسەرتەختی شانۆ پەرەپێبدەن، بەڕێوەبەری قوتابخانەکەیان دەڵێ "بەو مەرجە دەگەڕێمەوە کە لەگەڵ دابینکردنی باڵەخانە، هەر 12 قۆناغەکەی خوێندن لە قوتابخانەکەمدا هەبێت و مامۆستاشمان لە دەرەوە بۆ بهێنن".



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

# پەیامی کۆتایی هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر لە پرۆگرامی تواناسازی

**پاش سڵاو:**

ئێمە وەک کۆمەڵێک لە کاندیدانی پرۆگرامی تواناسازی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ماوەی زۆرتر لە ساڵێکە لە دەرەوەی وڵات گەڕاوینەتەوە، بۆ ئەوەی لە کوردستان دەست بە خزمەت بکەین لە زانکۆکانی کوردستان، لە ماوەی رابردوودا، بە شێوەیەکی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەی و سەرجەم بەرپرسانمان ئاگادار کردووەتەوە لە کێشەکەمان کە داوای دامەزراندنمان کردبوو لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.

بەخۆشحاڵییەوە دواجار ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەڵامی داواکارییەکانی ئێمەی دایەوە و بە نووسراوی ژمارە (6864) کە لە ڕێکەوتی 2014/11/2 دەرچووە، وەڵامی نووسراوی ژماری 17478ی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دایەوە و ڕەزامەندی نیشاندا بۆ دامەزراندنی دەرچووانی بەرنامەی تواناسازی، بەڵام بەداخەوە لەو کاتەوە هیچ لایەنێک لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و ئەنجوومەنی وەزیران ئامادە نییە کارەکانمان بۆ جێبەجێ بکات، بۆ ئەوەی لە ماوەیەکی نزیکدا دەستبەکار بین. لەگەڵ ئەوەی ڕەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیرانمان هەیە بۆ دامەزراندن و دەبووایە تاوەکو ئێستا لە زانکۆکانی کوردستان دەوامان بکردایە، بەڵام هەر خودی ئەنجوومەنی وەزیران ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەمپەری نوێ دەخاتە بەردەم دامەزراندنەکەمان. تازەترین لەمپەریشیان ئەوەیە کە سەرۆکایەتی دیوان لە ئەنجوومەنی وەزیران نووسراوی دامەزراندنەکەمانی ڕاگرتووە بەبێ بوونی هیچ کێشەیەک.

لێرەدا دەمانەوێت داوایەک ئاراستەی سەرۆکی حکومەت و وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بکەین کە لە ماوەیەکی زۆر نزیکدا بەدەم داواکارییەکەمانەوە بێت و هەرچی زووە فەرمانی دامەزراندنەکەمان جێبەجێ بکەن.

لە کۆتاییدا هیواداریـن وەڵامێکی پۆزەتیڤ وەربگرین، بە پێچەوانەوە ئێمەش لەوە زیاتر ناتوانین چاوەڕوان بین و هەڵوێستمان دەبێت و کار دەکەین بۆ دەرچوون لەو بەڵێننامەیەی کە پڕمانکردووەتەوە بۆ خزمەتکردن لە کەرتی حکومی، ڕوو لە کەرتی تایبەت دەکەین بۆ دەستبەکاربوون. لە ئەگەری دروستکردنی لەمپەری دیکەدا، چالاکی مەدەنیانەی جیاوازمان دەبێت، وەک خۆپیشاندان، گردبوونەوەی ناڕەزایی و سکاڵای یاسایی.

**ژمارەیەک لە هەڵگرانی بڕونامەی ماستەری پرۆگرامی تواناسازی**

## هولیا ئاڤشار و سەرۆکی CHP شەڕیانە



**ڕووداو — ئاژانسەکان**

هونەرمەندی ناسراوی تورکیا هولیا ئاڤشار کە بە ڕەچەڵەک کوردە، کەمال کلچداروغلو، سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری CHPی دایە دادگا.
کلچداروغلو لە یەکێک لە لێدوانەکانیدا لەکاتی ڕەخنەگرتن لە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا، ناوی هولیا ئاڤشاری هێنا و بە گوتەی ئاڤشار، سووکایەتی پێکردووە. هولیا ئاڤشار داوای 50 هەزار لیرەی تورکی وەک قەرەبوو لە کلچداروغلو دەکات کە دەکاتە نزیکەی 21 هەزار دۆلار. سەرۆکی CHP لە وەڵامی ئەم هەنگاوەی ئاڤشاردا جارێکی دیکە هێرشی کردەوە سەر و گوتی "هولیا ئاڤشار کێیە؟ من دڵنیا نیم کە هونەرمەند بێت، ماستاوچی هونەرمەندی لێ دەرناچێت". ئاڤشاریش وەڵامی دایەوە و گوتی "من هیچ گومانم لە چالاکییە هونەرییەکانم نییە لە 31 ساڵی ڕابردوودا، بەڵام دڵنیام کە کلچداروغلو سەرکردە نییە".

# سیریل چاوەڕێی کاتێکی گونجاوە



**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**


دوای ئەوەی کۆتایی بە ئەلبوومەکەی هێنا و یەکێک لە گۆرانییەکانی کلیپ کرد، سیریل دەڵێ چاوەڕێی کاتێکی گونجاو دەکات بۆ ئەوەی ئەلبوومەکەی بڵاوبکاتەوە.

سیریل بە (ڕووداو)ی گوت "ئەلبوومی باوک کە بەرهەمی ڤین پرۆدەکشنە و لە 9 تراک پێکهاتووە، تەواو بووە، بەڵام بە هۆی شەڕی داعش ڕامگرتووە و چاوەڕێی کاتێکی گونجاو دەکەم بۆ بڵاوکردنەوەی".

سیریل یەکێک لە گۆرانییەکانی بەرهەمەکەی بەناوی "تۆ نازانی" کلیپ کردووە کە ڕزگار ڕەزا چوچانی تێکستی بۆ نووسیوە و هەڵکەوت زاهیر ئاوازی بۆ داناوە.

سیریل کاری هونەریی کەمە و تەنیا چەند بەرهەمێکی سنگڵی هەیە. ئەو لەوبارەیەوە دەڵێت بەباشی دەزانێ کارەکانی درەنگ بکەون، بەڵام کارێکی پرۆفیشناڵ بکات.

# 7000 دۆلاریان دایە ڕاوچییەکی خراپ



**میوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

فیلمی "ڕاوچییەکی خراپ" خەڵاتی ئەسپی زێڕینی فێستیڤاڵی دوبەی بۆ فیلمی سینەمایی نێودەوڵەتی دەباتەوە.

سەهیم عومەر خەلیفە دەرهێنەری فیلمەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "15 کورتە فیلم لە بەشی کێبڕکێ بەشداربوون، فیلمەکەم توانی یەکێک لە دوو خەڵاتە سەرەکییەکانی ئەم بەشە بباتەوە کە خەڵاتی جۆری بوو، هەڵبەتە ئەم خەڵاتە بە دەرهێنەرە پرۆفیشناڵەکان دەبەخشرێ".

خەلیفە گوتیشی" لیژنەی دادوەری 11 یەمین خولی فێستیڤاڵی سینەمایی دوبەی بڕیاریاندا خەڵاتی ئەسپی زێڕین و بڕی 7000 دۆلار بە فیلمی ڕاوچییەکی خراپ ببەخشن".

پێشتر فیلمی ڕاوچییەکی خراپ دوو خەڵاتی دیکەی لیژنەی دادوەرانی وەرگرتووە، ئەوانیش لە 38ـەمین خولی فێستیڤاڵی سینەمایی مۆنتریال لە کەنەدا و لە 59یەمین خولی فێستیڤاڵی سینەمایی بەلەد وەلید لە ئیسپانیا.

# بەدیل لەسەر چیای شنگال کلیپی کرد



**ڕێکەوت سەلام**
**ڕووداو- هەولێر**

هونەرمەند بەدیل برایم دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان، نوێترین کاری خۆی کە گۆرانییەکە بە ناوی "شنگال 74" تۆمارکرد و دەڵێت "شنگال 74 نهێنییەکی گەورەی تێدایە".

بەدیل بە (ڕووداو)ی گوت "بە پێویستم زانی نوێترین کاری هونەریم لەسەر ئاوارەکانی شنگال بێت". سەبارەت بە ناوی گۆرانییەکەش گوتی "ئەوە 74ەمین جارە فەرمانی دەربەدەرکردن و قڕکردنی ئێزدییەکان دەردەچێت، بۆیە گۆرانییەکەم ناو ناوە شنگال 74".

بەدیل هەر خۆی تێکستی بۆ گۆرانییەکە نووسیوە و ئاوازیشی بۆ داناوە. ئەو دەڵێت "ئەم کلیپە جیاوازە لەگەڵ هەموو ئەو کلیپانەی کاریان بۆ کراوە لەسەر شنگال، چونکە من و دەرهێنەر شۆڕشڤان سدیق شەرۆ چووین بۆ سەر چیای شنگال و لەوێ گۆرانییەکەمان تۆمار کردووە".

# جینیڤەر لۆرانس یەکەمە



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

ئەکتەری بەناوبانگ جینیڤەر لۆرانس لەپەیجی گووگڵ زۆرترین گەڕانی لەسەرکراوە، بەم هۆیەوە نازناوی زۆرترین گەڕانی ساڵی 2014ی بەدەستهێناوە.

ڕۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی بڵاوی کردەوە کە لۆرانسی تەمەن 24 ساڵ توانیویەتی بەهۆی ئەم هەموو جەماوەرە زۆرەی هەیەتی، ئەم نازناوە بباتەوە، ئەوەش دوای ئەوەی خەڵاتی گۆڵدن گلۆبی بە فیلمی (ئەمێریکان هاسڵ) وەرگرت، هەرچەندە لەم فیلمەدا لۆرانس کەمترین کرێی بەشداریکردنی وەرگرتووە، بە بەراورد لەگەڵ هاوڕێیەکانی، بەڵام توانی سەرنجی بینەران بۆ لای خۆی ڕابکێشێت.

هەر هەمان ڕۆژنامە ڕاشیگەیاندووە کە کیم کارداشیان بە پلەی دووەم هاتووە لە زۆرترین گەڕان لە نێو گووگڵدا.

کیم تراسی مورجانی ئەکتەریش پلەی سێیەمی ڕیزبەندییەکەی گرتووە.

# ئەرمەنەکان کار بۆ پێشمەرگە دەکەن



**میوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

ژنە هونەرمەندی کورد ئاسلکیا قادر دوو گۆرانی بە میوزیکی ئەرمەنی بۆ کوردستان تۆمار دەکات.

ئاسلکیا قادر دەربارەی ئەو دوو گۆرانیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "وەک ئەرکێکی نیشتمانی دوو گۆرانیم بۆ پێشمەرگە تۆمارکردووە. بەهاوکاری چەند هونەرمەندێکی ئەرمەنی ئەم گۆرانیانەم کلیپ کردووە".

مەجیدە سلێمان ئەرمەمی، ئاواز و تێکستی بۆ گۆرانی کوردستان داناوە و گۆرانییەکە بەهاوکاری ئۆرکێسترای ڕادیۆی ئەرمینیا دروستکراوە، هەروەها گۆرانی دووەم بەناوی هەتانێ هەبم، لە ئاواز و تێکستی سیاد نۆڤەیە و لە کازاغستان تۆمار کراوە کە باس لە هەرچوار پارچەی کوردستان دەکات.

ئاسلکیا دەڵێت "دەمەوێت لە ڕێگای ئەم دوو گۆرانییە وەک ژنە ئێزدییەک باس لە مەینەتیەکانی گەلەکەم بکەم".

ئاسلکیا قادر ساڵی 1945 لە ئەرمەنستان لەدایکبووە. مامۆستای زمان بووە لە زانکۆی ئەرمینیا و دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت، ڕوودەکاتە ئەڵمانیا.

# بە سەماکردن قوتابخانە دروست دەکات



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

ئەستێرەی فیلمی هیندی دیبیکا بادوکون بۆ کۆکردنەوەی پارە بۆ دروستکردنی قوتابخانەیەک لە فێستیڤاڵێک سەما دەکات و بەهۆی سەماکەیەوە بڕەپارەیەکی زۆر کۆدەکاتەوە.

لە چوارچێوەی فێستیڤاڵی گەشتی هەزار خەندە لە شاری بنجالورو کە بۆ کۆکردنەوەی پارە بۆ نۆژەنکردنەوە و بنیاتنانی قوتابخانەیەک ڕێکخرابوو، دیبیکا بادوکون سەمایەکی زۆر دەکات تاوەکو قەناعەت بە خەڵکی دەوڵەمەند بکات هاوکاری دارایی پێشکەش بەو قوتابخانەیە بکەن کە خۆی قۆناغی سەرەتایی تێدا تەواو کردووە.

# بەختی ڕووداو

**ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی** ayarfalak@hotmail.com



**کاوڕ**
کێشەکانت لە ڕووکەشدا ئاڵۆزن، بەڵام لە کۆتاییدا ئاسان دەبن لەبەردەمت. ماوەیەکی نوێی بەختیاری لە ژیانت دەستپێدەکات و زۆریش دەخایەنێت، کاتێکی زێڕینە بۆ جێبەجێکردنی کاری گرنگ و تایبەت.

**گا**
جارێکی دیکە بەرنامەکانت ڕێکبخەرەوە و پلانەکانت بگۆڕە، چونکە هەندێک لە چاوەڕوانیەکانت تەنها کاتت بەهەدەر دەدەن. بەهۆی زۆریی پەیوەندییەکان دوودڵیشت کەمدەبێتەوە، لەو جۆرە کارانە خۆتان ماندوو مەکەن کە بۆ ئێستا زۆر پێویست نین.

**جمک**
کارکردنی زۆر بەبێ وەرگرتنی چێژ و ئاسوودەیی بێزاری بەدوادا دێت، هاوڕێ و خۆشەویستەکانت لەیاد مەکە. کەسانێکتان لێ هەڵدەکەوێ کە یارمەتیتان دەدەن. ئاسوودەیی تەواو لە سۆز و خۆشەویستیدا بەدەستدێنن.

**قرژاڵ**
گەورەترین سامانی مرۆڤ دڵخۆشییە نەک پارە، ڕەنگە هەندێک سەرکەوتن بەلای تۆوە بچوک بن، بەڵام شایانی دڵخۆشیی زۆرن. لەم هەفتەیەدا دەتوانن کارە هەڵپەسێردراوەکانتان تەواو بکەن.

**شێر**
ئەو بیرەوەریانەی بێزارت دەکەن لە مێشکی خۆتیان دەربهێنە، خەم بۆ ڕابردوو مەخۆ بەڵکو لەداهاتوودا قەرەبوویان بکەرەوە. گرفتە خێزانیەکانتان چارەسەر دەکەن، باری داراییتان بەرەو باشبوون دەچێت.

**گوڵەگەنم**
گرنگیدان بە تەندروستی باشترە لە گرنگیدان بەجوانکاری. بەکتوپڕی ڕووبەڕووی شتەکان مەبەرەوە بەڵکو بیرکردنەوەی وردیان پێویستە. خەمەکانی ڕابردوو لەیاد دەکەن و ئاسوودەییتان بۆ دەگەڕێتەوە.

**تەرازوو**
بەسەرکەوتوویی ماوەی چاوەڕوانیت تێپەڕاند، لەم کاتە بەدواوە ماوەیەکی دیکەی خۆشی و دەسکەوتی باش دەستپێدەکات. زەمینەیەکی لەبار دەڕەخسێ بۆئەوەی بەجددی کار بۆ بەدیهێنانی ئاواتە گەورەکەت بکەیت.

**دووپشک**
ڕاستی بەتەنها لە بیروڕایەکدا نییە، دەتوانی گوێ لە ئامۆژگاری چواردەورەکەت بگریت. گۆڕانێکی نوێ بەسەر ژیانتدا دێت، ڕۆژە ناخۆشەکان دەبنە بەشێک لە یادەوەری و خۆشییەکان چاوەڕواننەکراو دەبن.

**کەوان**
پارێزگاری لەو شتانە بکە کە بەدەستت هێناون و دەسکەوتی زیاتریان بەدوادا دێت، هەتا زیاتر خۆتان ماندوو بکەن زیاتر لە سەرکەوتن نزیک دەبنەوە.

**کارژۆلە**
ئەوەندە سەرقاڵی بیرکردنەوە مەبە کە ببێتە هۆی دواکەوتنت لە بەجێهێنانی کارە گرنگەکان. هەوڵ بدەن پاشەکەوت لەدەرامەت بکەن. کەمێک هەست بە ڕاڕایی دەکەی، بەڵام بوار بۆ ئومێد و گەشبینی ئێجگار زۆرن.

**سەتڵ**
عینادی مەکە با پلان و بەرنامەکەت تێکنەچێ. کاتی ئەنجامدانی کارەکانە، چەند پێشنیارێکی زۆر باشتان بۆ دەکرێت. بیرکردنەوەتان بۆ گەشت و سەفەر و خوێندن دەگاتە ئەنجامێکی باش.

**نەهەنگ**
هەوڵێکی تەواو دەدەن بۆ ئەوەی سەرکەوتنێکی گەورە تۆمار بکەن. ئەگەری ڕوودانی دیدارێکی کتوپڕ هەیە. کۆنترۆڵی هەستەکانت بکە کە بەردەوام لەگۆڕاندایە، چونکە گومان لای بەرامبەرەکەت دروست دەکات.

## 350 سوێدی چوونەتە ریزەکانی داعش

# سێپۆ لێکۆڵینەوە لەگەڵ داعشە سوێدییەکان دەکات

**رووداو- ئاژانسەکان**

عەبدولحەمید عەباس کە بە (ئەبوبەکر) ناسراوە، لە هێرشێکی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان بۆ سەر مۆڵگەکانی داعش لە عێراق کوژرا. ئەبوبەکر یەکێک بوو لەو جیهادییە سوێدییانەی هەر زوو لە رێگای سووریاوە پەیوەندی بە رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)ەوە کرد.

یەکێک لە خزمە نزیکەکانی لە گفتوگۆیەکدا بۆ رۆژنامەی (ئێکسپرێسن)ی سوێدی، هەواڵی کوشتنی ئەبوبەکر پشتڕاستدەکاتەوە، بەڵام وەکو ئەو دەڵێت پرسە بۆ کوڕەکەیان دانانێن "ئێمە پرسە بۆ شەهیدەکانمان دانانێین، چونکە شەهیدەکانمان نامرن".

کۆتایی مانگی رابردوو، نزیکەی 30 چەکداری بیانیی داعش لە بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانیدا لە شاری رومادی کوژران، یەکێک لە کوژراوەکان ئەبوبەکر بوو کە هاووڵاتی سوێدییە و کەسوکارەکەشی لە سوێد دەژین و بە بنەچە عەرەبی عێراقن.

بەڵام هەندێک لەو سوێدیانەی پێشتر چووبوونە ریزەکانی داعش، ئێستا گەڕاونەتەوە سوێد و لەژێر چاودێریی پۆلیس و ئاسایشی سوێد، ناسراو بە (سێپۆ) دان.

ئێستا سێپۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو لاوانە دەکات کە لە ریزەکانی داعشدا بوون لە سووریا و عێراق و گەڕاونەتەوە بۆ سوێد. بەپێی زانیارییەکانی سێپۆ، ئەم جۆرە سەفەرانە بۆ ناو ریزەکانی گرووپی تیرۆریستی، پێشتر بۆ سۆماڵ و ئەفغانستان بوون. بەڵام ئێستا هیچ کەس ناچێت بۆ ئەو وڵاتانە، بەڵکو زۆرتر روودەکەنە سووریا و عێراق و پەیوەندی بە داعشەوە دەکەن.

بەپێی زانیارییەکانی دەزگای سێپۆ، ئەوان توانیویانە بیسەلمێنن کە لە ساڵی 2012دا 1000 هاووڵاتی هەڵگری وڵاتینامەی سوێدی چوونەتە ریزەکانی داعش لە سووریا. بەڵام زانیارییەکانی سێپۆ رۆژ لەدوای رۆژ دەگۆڕێت و زانیاریی نوێ دێتە بەردەست.

بەپێی زانیارییەکانی ئەو دەزگایە، نزیکەی 25 تاوەکو 30 سوێدی لە شەڕدا، لە سووریا و عێراق کوژراون، تاوەکو ئێستاش 40 لەو سوێدیانەی پێشتر پەیوەندییان بە داعشەوە کردبوو لە سووریا و عێراق، گەڕاونەتەوە سوێد.

ئاندێش کاسمان، بەرپرسی راپەڕاندنی کاروباری سێپۆ، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ رۆژنامەی (سڤێنسکا داگبلادێت)ی سوێدی دەڵێ "کێشەیەکمان هەیە کە بەردەوام گەشە دەکات و دەبێ بە وریاییەوە ململانێی لەگەڵ بکەین بێ ئەوەی ترس و لەرز دروست بکەین. ئەمە هەلومەرجێکی دژوارە کە بۆ ماوەیەکی درێژ لەگەڵی دەژین".

رۆژنامەی (داگێنس نیهێتەر) لای خۆیەوە ئاشکرای کرد کە سێپۆ دەستیکردووە بە لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو سوێدیانەی لە شەڕ گەڕاونەتەوە، ئاندێش کاسمان ئەم زانیارییە پشتڕاستدەکاتەوە، بەڵام نایەوێت باسی وردەکاری ئەم لێکۆڵینەوانە بکات.

هاوکات سێپۆ هەوڵدەدات پەیوەندی بەو کەسانەوە بکات کە گومان دەکرێت بچنە سووریا بۆ پەیوەستبوون بە گرووپە توندڕەوەکانەوە. ئەم پەیوەندیانە ئازادن و ئەو کەسانەی پێیان خۆش نییە ناچار ناکرێن قسە لەگەڵ سێپۆ بکەن.

زانیارییەکانی سێپۆ هەروەها ئەوە دەگەیێنن کە لانیکەم 350 سوێدی خۆیان گەیاندووەتە سووریا تا لە ریزەکانی داعش شەڕ بکەن. زۆربەی ئەو لاوانە لە شاری یۆتۆبۆرییەوە دەچن.

مارینا یۆهانسن، ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای شارەوانی یۆتۆبۆری و سەر بە پارتی سۆسیال دیموکرات دەڵێت، چەندین هۆکار هەن لەپشت ئەوەی کە زۆرینەی ئەوانەی دەچنە سووریا لە یۆتۆبۆری دەژین. یۆتۆبۆری شارێکی گەورەیە و رێژەیەکی بەرچاو خەڵکی تێدا دەژیت کە کەسوکاریان لەو وڵاتە هەیە و هەست دەکەن دەیانەوێ بەشێک بن لەو شەڕە. لێرەوە خەڵک بۆ هەردوو لایەنی شەڕکەر دەچن. بەشێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ باوەڕی ئاینی. دەشزانین کە چەندین کەس لە یۆتۆبۆری هەن دەتوانن کاریگەرییان لەسەر ئەم کەسانە هەبێت و بیانننێرن بۆئەوەی بەشداری لەو شەڕەدا بکەن.

زێدەبوونی رێژەی ئەو کەسانەی کە خۆیان دەگەیێننە سووریا بۆ شەڕکردن لەناو ریزەکانی گرووپە توندڕەوەکان بۆ نزیکەی دوو ساڵە بەردەوامە. لە بەهاری ئەمساڵدا ئەم رێژەیە زۆر زیادی کرد.

مارینا یۆهانسن دەڵێ، ئەم دۆخە شتێکی نوێ نییە. پێشتریش بینیومانە کە کەسانی سوێدی چوون بۆ بەشداریکردن لە شەڕدا و لە تەواوی ئەوروپاش ئەوە هەبووە. بەڵام بەهاری ئەمساڵ یەکجار زۆر زیادی کرد.

پێشتر بەشی زۆری ئەوانەی دەچوون بۆ شەڕ باکگراوندی رۆشنبیرییان نەبوو، تەنانەت نەخوێندەواریش بوون، بەڵام ئێستا کەسانی خوێندەواریش دەچن. کێشەکەش لەوەدایە کە ئێستا رێکخراوێکی دیاریکراو نییە. بەڵکو چەندین تاک هەن کە پەیوەندیان بەم گرووپانەوە هەیە و ئەمەش لە جاران جیاوازە.

چیرۆک و بەسەرهاتی ئەو سوێدییانەی کە پەیوەندی بە داعشەوە دەکەن، رۆژانە لە رۆژنامەکانی سوێد دا باسیان لێوە دەکرێت و پۆلیسی ئەو وڵاتە بە جددی بەدوای ئەڵقە شاراوەکانیدا دەگەڕێت کە لە ناو مزگەوت و شوێنەکانی دیکەدا خۆیان حەشارداوە.

چاودێرانی سیاسی پێیانوایە یەکێک لە هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی دەنگی پارتی نەژادپەرستی سوێدی (سوێدییە دیموکراتەکان) ئاراستەی دژە ئیسلامییە کە لەناو سوێدییەکاندا زیادی کردووە، بەتایبەتیش دوای شەڕی داعش و گرنگیدانی راگەیاندن بە کارەکانی ئەو گرووپە.

ئێستا حکومەتی سوێد دەیەوێ کار بۆ دەرکردنی یاسایەک بکات بۆ سزادانی ئەو کەسانەی دەچنە دەرەوەی سوێد بۆ شەڕکردن، بەڵام یاساکە پێدەچێت لە پەرلەمان مشتومڕی زۆری لێبکەوێتەوە، چونکە یاساکە ئەو سوێدیانەش دەگرێتەوە کە لە ریزی پێشمەرگە و یەکینەکانی پاراستنی گەلدا شەڕ دەکەن. حکومەت پاساوی بۆ دەرکردنی ئەو یاسایە هەیە و پێیوایە ئەوانەی لەشەڕ دەگەڕێنەوە، دەبنە کەسانی توندوتیژ و دەکەونە ژێر کاریگەری ئەو توندوتیژییەی لەوێ هەیە.



# لە شەڕی عێراقدا پشتگیری لە ئۆتۆنۆمی بەسرە زیاد دەکات



**یەریڤان سەعید**
**رووداو- واشنتن**

لەگەڵ داخزانی عێراق بۆ نێو پشێویی زیاتر، کامپینێکی سەرتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سەرنجی عێراقیەکانی سەرتاسەری جیهان بۆ خۆی رادەکێشێ سەبارەت بە پشتگیری لە بە هەرێمبوونی پارێزگایەکی باشوور و بە نەوت دەوڵەمەندی عێراق، هاوشێوەی هەرێمی کوردستان.

دروشمی "پشتگیری لە هەرێمی بەسرە دەکەم" لەنێو دانیشتووانی پارێزگای بەسرەدا دەنگیداوەتەوە و وای لە هەندێک سیاسەتوانان کردووە کە کامپینی کۆکردنەوەی واژۆ بۆ ریفراندۆمێک بۆ پارێزگاکە بەڕێوەببەن.

"ئەمە وەکو تۆڵەسەندنەوە لە رەفتارەکانی حکومەتی ناوەندی لە بەغدا ئەنجام دەدرێت" د.عەباس کازم، توێژەری باڵا لە زانکۆی جۆن هۆپکینز وایگوت.

"بەسرا کە قووتی عێراق دابین دەکات، هیچ نوێنەرایەتییەکی لە بەغدا نییە، لە مێژە بەسرا نوێنەرایەتی لە بەغدا نییە" دکتۆر عەباس دەڵێت ئەگەر هەوڵی بە هەرێمکردنی پارێزگای بەسرە سەربکەوێت "ئەوە گەمەکە دەگۆڕێت".

ئەو هەروەها ئاماژە بە هەوڵێکی گەورەتری شیعەکان دەکات کە دەیانەوێت ناوچە شیعییەکان لە عێراق جیابکەنەوە.

هەوڵی بە هەرێمکردنی پارێزگای بەسرە بەم دواییە لەسەر زاری پارێزگار و وەزیری پێشوو، وائیل عەبدوللەتیفەوە هاتەوە بەرباس. ئەو ئاماژەی بە کۆکردنەوەی واژۆ بۆ ریفراندۆم کرد. هەوڵێکی هاوشێوە لە ساڵی 2009 لەلایەن وائیلەوە بەڕێوەچوو، بەڵام سەری نەگرت و نەیتوانی واژۆی پێویست کۆبکاتەوە تا کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق ناچار بکات ریفراندۆمێک لەسەر بە هەرێمکردنی بەسرا بەڕێوەببات.

دوای رێککەوتنێکی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی لە بەغدا لەسەر کێشەی دارایی و هەناردەکردنی نەوتی کوردستان، ئەو پارێزگایەی باشووریش داوا دەکات کە قسەی خۆی هەبێت لەسەر مەسەلەی وزە و دارایی وڵات.

هەروەها داوای دامەزراندنی "دەستەی نەوتی بەسرە" کراوە، ئەمەش هاوشێوەی وەزارەتی سەرچاوە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ ئەوەی ئەو دەستەیە مەسەلەی نەوت و دارایی پارێزگای بەسرە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی باس بکات.

زیاتر لە 90%ی بودجەی عێراق لە نەوتی پارێزگای بەسرەوە دێت و پارێزگاکە لە مێژە گلەیی لە کەمیی شەفافیەت لە مەسەلەی داهاتی نەوتدا دەکات. کاربەدەستانی ئەو پارێزگایە هەروەها گلەیی ئەوە دەکەن کە بەغدا گوێ لە کێشەکانی پارێزگاکە لەبارەی پێداویستیە سەرەتاییەکانیان ناگرێت.

د.عەباس هۆشداری دەدات کە داواکارییەکانی بەسرە نیشانەی هەڕەشەیەکی گەورەیە، ئەویش نەبوونی پابەندیی شیعەکانی عێراقە بە یەکپارچەیی خاکی عێراقەوە.

"چیدی خەڵک یەکپارچەیی عێراقیان بەلاوە گرنگ نییە، لەبەر ئەو هەموو خوێنەی کە رژاوە، لەبەرئەوەی خەڵک بەوشێوەیە ناژین کە دەبوو بژین. باشوور و ناوەڕاستی عێراق ئێستا وێرانەن".

هەزاران کەس لە بەسرە و لە شوێنانی دیکە، وێنەی ئاڵای نافەرمی هەرێمی بەسرەیان لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان پۆست کردووە.

چەند هەوڵێکی دیکەی شکستخواردوو لە رابردوودا بۆ ئەوەی بەسرە بکەنە هەرێم ئەنجامدراوە. لە 2005 و 2009دا دانیشتووانی بەسرە ئامادە نەبوون واژۆ لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ داهاتووی بەسرە بکەن.

بەپێی یاسا، پێویستە 10%ی دانیشتووانی پارێزگایەک واژۆ بکەن بۆ ئەوەی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن بتوانێت ریفراندۆم بەڕێوەببات.

گاتع زەوبەعی، جێگری سەرۆکی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن پێشتر رایگەیاندووە کە دەستەی هەڵبژاردن لە رووی تەکنیکی و لۆجستی ئامادەیە بۆئەوەی ریفراندۆم بۆ بە هەرێمکردنی پارێزگای بەسرا بکات، هەرکاتێک ئەو داواکاریەی ئاراستە بکرێت.

بەڵام هەندێک لە شارەزایان ئاماژە بەوەدەکەن کە ئەو بابەتە لەلایەن بەغداوە وەکو کارتێک لە دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەکاردێت. شارەزایان دەڵێن بەغدا داواکاری بەسرە بۆ ئۆتۆنۆمی وەکو بیانوویەک لە دژی هەرێمی کوردستان بەکاردەهێنێ هەرکاتێک داوای دەسەڵاتی ئابووری و سیاسیی زیاتر بکات.

چەند جارێک حکومەتی ناوەندی لە بەغدا ئەوەی دووبارە کردووەتەوە کە دەسەڵاتدانی زیاتر بە کورد پارێزگاکانی دیکە و بەتایبەتی پارێزگای بەسرە هاندەدات بۆ داواکردنی دەسەڵاتی زیاتر.

"پێموایە کارتی بەسرە وەکو کارتێکی فشار لە کاتی گفتوگۆ لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەکارهێنراوە" بیلال وەهاب، مامۆستای زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی کە ئێستا لە واشنتنە، وا دەڵێت.

"ئەگەر سەیری چەند ساڵێکی رابردوو بکەین، دەبینین لە کاتی گفتوگۆی نێوان بەغدا و هەولێر ئەم بابەتە هاتووەتە بەرباس" ئەو دەڵێت "ئەمە مانای ئەوە نییە کە بەسرە خواستی ئەوەی نییە ئۆتۆنۆمی بەدەستبهێنێ یان داهاتی پترۆدۆلارەکەی زیاتر بکات".

حارس قەراوی، توێژەر لە زانکۆی هارڤارد لەگەڵ بۆچوونەکەی بیلال هاوڕایە، بەڵام پێیوایە "حکومەتی بەغدا داواکاریەکەی بەسرە وەکو هەڕەشە نابینێت، ئەوەندەی کە داواکاری بێت". ئەو هەروەها دەڵێت "بەڵام کاتێک کە داواکارییەکە دەبێتە راستی ئەو کاتە هەست بە هەڕەشەکە دەکات".

حکومەتی بەغدا پێشتریش شکستی بە هەوڵێکی پارێزگای سەلاحەدینی سوننەنشین هێنا کە دەیانویست لەڕێی ریفراندۆمەوە هەرێمێک لەو پارێزگایە رابگەیێنن.



# ئەگەر نەخۆشیی کوشندەت هەبوو، پێت بگوترێ

سەروەر سالار
ڕووداو- سلێمانی

لە کوردستان کاتێک کەسێک تووشی نەخۆشییەکی سەخت دەبێت، تەنیا خۆی نەبێت زۆربەی کەسوکار و دراوسێکانی دەزانن کە چ نەخۆشییەکی هەیە، بەڵام لە هەندێک وڵات دروست پێچەوانەی ئەمە جێبەجێ دەکرێت. پزیشکان دەڵێن هەم پێگوتن و هەم نەگوتن کاریگەری ئەرێنی و نەرێنییان لەسەر نەخۆش هەیە.

## کەلتوور ڕۆڵی هەیە

د.جێمی هۆڵاند پزیشکی پسپۆڕی دەروونی و هەڵسوکەوتزانی لە سەنتەری شێرپەنجەی سۆلان-کترنگ لە نیویۆرک کە یەکێکە لە پێشەنگانی بواری دەروونزانیی شێرپەنجە، دەڵێت "کەلتوور و نەریتی هەر کۆمەڵگەیەک ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لەوەی چۆن نەخۆشییەکی سەختی وەک شێرپەنجە لەگەڵ نەخۆش باس دەکرێت. دەبێ ئەوە لێکبدرێتەوە کە چۆن نەخۆشەکە و خێزانەکەی دەتوانن هەواڵی ئەو نەخۆشییە و چارەسەرەکەی هەرس بکەن و تا چەند دەتوانن خۆیانی لەگەڵ ڕابهێنن".

لە ئەمریکا هەر لە ساڵانی حەفتاکانەوە جوڵانەوەی جەماوەری دروستبوو بۆ ئەوەی هەموو شتێک بە نەخۆش بگوترێ لەبارەی شێرپەنجەوە. هەر لەو ساڵانەدا خانمی یەکەمی ئەمریکا بێتی فۆرد ئاشکرای کرد کە شێرپەنجەی هەیە.

کەچی لە وڵاتێکی وەک ژاپۆن و بەپێی توێژینەوەیەکی ساڵی 1994 لەو وڵاتە، تەنیا یەک لە پێنجی تووشبووانی شێرپەنجە پێیانگوتراوە کە شێرپەنجەیان هەیە.

تەنانەت لەو وڵاتانەش کە پێگوتن هەیە، هەندێکجار ڕەخنە لە هونەری پێگوتنەکە دەگیرێ. توێژینەوەیەکی بەریتانی دەڵێت 50%ی ئەو دایک و باوکانەی پێیانگوتراوە منداڵەکەیان بە زگماک کەڕە، گلەییان لە شێوازی پێگوتنەکە هەبووە لەلایەن پزیشکەوە.

## پزیشکی کوردستان چی دەڵێن؟

لەڕێی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکەوە ئەم پرسیارەمان ئاراستەی 133 پزیشک کرد لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستانەوە: ئەگەر دەستنیشانمان کرد کەسێک نەخۆشییەکی سەخت (وەک شێرپەنجە) ی هەیە، تەشخیسی تەواو بە نەخۆشەکە بڵێین؟

لە وەڵامدا 125 پزیشک (نزیکەی 94%ی بەشداربووان) بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە و پێیانوایە دەبێت کەسەکە هەر نەخۆشییەکی هەبێت پێی بگوترێت، تەنانەت ئەگەر نەخۆشییەکی کوشندەی وەک شێرپەنجەش بێت. لە بەرامبەردا تەنیا 8 پزیشک (6%ی بەشداربووان) پێیان باش نەبووە نەخۆش لە تەشخیسی نەخۆشییەکەی ئاگادار بکرێتەوە ئەگەر نەخۆشییەکەی کوشندە بوو.

## پزیشک بیر لە باڵانس بکاتەوە

پزیشکێکی پسپۆڕ پێیوایە بۆ هەر نەخۆشێک پزیشک بیر لەوە بکاتەوە ئاخۆ درکاندنی ڕاستییەکی تاڵی وەک هەبوونی نەخۆشییەکی کوشندە، سوودی زۆرترە یان زیان.

د.عەبدولفەتاح هەورامی، بەڕێوەبەری سەنتەری هۆشیاری تەندروستی بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی گوت "دەبێت پزیشک ڕەچاوی جۆری نەخۆشییەکە و ئاستی هۆشیاری کەسە نەخۆشەکە و خێزانەکەی بکات".

ئەو دەڵێت دەبێت پزیشک پرسیار لە کەسە نزیکەکانی نەخۆشەکە بکات سەبارەت بە جۆری کاردانەوەی ئەو کەسە لەکاتی بیستنی هەواڵی کتوپڕدا و کاتێکیش بابەتەکە لەگەڵ کەسە نەخۆشەکە باس بکات کە بارێکی دەروونیی جێگیری هەبێت.

## بۆ دەبێت پێی نەگوترێ؟

پزیشکێک کە بە نەخێر وەڵامی ڕاپرسییەکەی داوەتەوە، نووسیویەتی "ئەگەر پێی بگوترێت (بەهۆی فشاری دەروونییەوە) کۆئەندامی بەرگری جەستەی لاواز دەبێت، هەروەک کاریگەرییەکی خراپی لەسەر دەروونی کەسەکە دەبێت و ئەو بڕی تەمەنەش کە ماویەتی لێی تاڵ دەبێت".

پزیشکێکی دیکەش دەڵێت "ئەگەر کەسەکە منداڵ یان بە تەمەن بوو پێی نەگوترێ باشترە".

## زانینی نەخۆشی، کۆمەکی چارەسەر دەدات

بەڵام پزیشکێکی پسپۆڕ وای دەبینێت کە خودی نەخۆش سەنتەری گرنگی پێدانەکەیە، بۆیە دەبێت بزانێت چی لە جەستەیدا دەگوزەرێت.

د.زانیار نووری، پزیشکی پسپۆڕی هەناوی، بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی گوت "پزیشک بۆی هەیە تەنیا ڕاوێژ پێشکەشی نەخۆش بکات، نەوەک چارەسەری بەسەردا بسەپێنێ، بۆیە نەخۆش دەبێت بزانێت چی هەیە و دەبێت چی بکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نەخۆشییەکەی".

ئەو پزیشکە پسپۆڕە پێیوایە ئەگەر نەخۆش لە جددیەتی نەخۆشییەکەی نەگات، وەک پێویست پابەند نابێت بە ڕێنمایی و چارەسەرییەکانەوە و لەوانەیە چەندین پزیشک بگۆڕێت، چونکە بە هەڵە وا تێگەیشتووە کە نەخۆشییەکەی سادەیە و پزیشکەکان ناتوانن چارەی بکەن.

## پزیشکەکان خولی تایبەتیان پێویستە

وەک لە ماڵپەڕی (Patient.co.uk)ی بەریتانیدا هاتووە، چەندین هۆکار کاریگەرییان دەبێت لەسەر شێوازی پێگوتنی هەواڵە ناخۆشەکە بە نەخۆش لەلایەن پزیشکەوە، لەوانە: کەمیی زانیاری دەربارەی هونەری پێگوتن، ماندوویی پزیشک لەو کاتەدا، نائارامیی دەروونی و بۆچوونی تایبەتی پزیشک و هەڵوێستی دەربارەی مردن.

ماڵپەڕەکە دەڵێت توێژینەوەکان دەڵێن ئەگەر پزیشک بەشداری خولی توانای پەیوەندیکردن لەگەڵ کەسانی بەرامبەردا ببینێ، دەتوانێ باشتر پەیامەکەی بگەیەنێتە نەخۆش.

د.عەبدولفەتاح هەورامی پێیوایە پزیشک و کارمەندانی کوردستانیش لەڕووی شێوازی گەیاندنی پەیامەکەوە بە نەخۆش بەتوانا نین. ئەو پێیوایە دەبێت پزیشک و کارمەندی کوردستان خولی تایبەتیان بۆ بکرێتەوە سەبارەت بە چۆنێتی پەیوەندی لەگەڵ نەخۆش و گەیاندنی پەیامیان بۆ نەخۆشەکانیان، لەوانەش چۆنێتی پێدانی هەواڵە ناخۆشەکە بە نەخۆش.

د.زانیار نوری پێیوایە دەبێت پزیشک کۆمەڵێک ئامادەسازی و ڕێوشوێن دیاری بکات بۆ ئەوەی پێگوتنەکە سوودمەند بێت:

**1- نابێت لە قەرەباڵغیدا پەیامەکە بگەیەنرێتە نەخۆشەکە.**

**2- دەبێت بەر لە گەیاندنی پەیامەکە، هەڵسەنگاندن بۆ باری دەروونی نەخۆشەکە بکرێت.**

**3- دەبێت کاتی تەواو بدرێتە نەخۆش بۆئەوەی وشەکانی پزیشک وەربگرێت.**

**4- نابێت دوای گەیاندنی پەیامەکە، پەیوەندی پزیشک و نەخۆش کۆتایی بێت. بەڵکو دەبێت پزیشک نەخۆشەکە دڵنیا بکاتەوە کە ئەو هەمیشە ئامادەیە پشتیوانی بکات لە دۆخە نوێیەکەی دوای نەخۆشییەکەی.**



# زوو باڵغبوونی کچان مەترسیدارە



ڕووداو- دەیلی مەیل

"ئەو کاتەی کە کچ تێیدا یەکەمین سووڕی مانگانەی خۆی دەبینێت، پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە ئەگەری تووشبوونی لە داهاتوودا بە نەخۆشییەکانی بەرزیی فشاری خوێن، جەڵتەی دڵ و جەڵتەی دەماخ". ئەمە بەگوێرەی توێژینەوەیەکی نوێ.

توێژینەوەکە دەڵێت دەرکەوتنی یەکەمین سووڕی مانگانە بەر لە تەمەنی 10 ساڵی یان دوای 17 ساڵی، ئەگەرەکانی تووشبوون بە بەرزیی فشاری خوێن، جەڵتەی دڵ و جەڵتەی دەماخ زیاد دەکات.

د.دێکستر کانۆی سەرپەرشتیاری توێژینەوەکە لە زانکۆی ئۆکسفۆردەوە دەڵێت: ئەو کچانەی قەڵەون زووتر سووڕی مانگانەیان دەستپێدەکات، واتە قەڵەویی منداڵ بەشدارییەکی کارای هەیە لەوەی لە تەمەنەکانی داهاتوودا تووشی نەخۆشییەکانی دڵ و بۆرییەکانی خوێن ببێت.

د.دێکستر لەو لێدوانەیدا بۆ ئاژانسی ڕۆیتەرز هەروەها دەڵێت: "ئەوەی تووشی سەرسوڕمانی کردم، ئەوەبوو کە ئەو کچانەشی درەنگتر لە باری ئاسایی سووڕی مانگانەیان دەستپێدەکات، دیسان زیاتر تووشی نەخۆشکەوتنی دڵ و بۆرییەکانی خوێن دەبن لە داهاتوودا". ئەو دەشڵێت "یەکەم سووڕی مانگانە نیشانەی باڵغبوون و پێگەیشتنی کۆئەندامی دەردان و ئامادەسازییە بۆ وەچە خستنەوە. بەڵام ئەوەی کە بۆچی کاتی دەستپێکردنەکەی پەیوەندی بە تەندروستی دڵەوە هەیە، جارێ ڕوون نییە".

توێژینەوەکە لەسەر ملیۆنێک ئافرەتی بەریتانی لە تەمەنەکانی 50 تا 64 ساڵی ئەنجامدراوە. لەماوەی 11 ساڵی توێژینەوەکەدا 250 هەزار لەو کەسانە بەهۆی بەرزیی فشاری خوێن و ئاڵۆزکارییەکانیەوە داخڵی نەخۆشخانە کراون یان مردوون، 73 هەزار کەسیان تووشی نەخۆشیی دڵ بوون و 25 هەزاری دیکە جەڵتەی مێشک لێیداون.

کەمترین ڕاددەی ئەو نەخۆشییانە لەنێو ئەو ئافرەتانەدا بوون کە لە تەمەنی 13 ساڵیدا یەکەمین سووڕی مانگانەیان بینیوە.

ئەوانەی لە تەمەنی 10 ساڵی و زووتردا یەکەم سووڕیان هەبووە، ئەگەری تووشبوونیان بەو نەخۆشییانە بەڕاددەی 27% زیاتر بووە.

هەرچی ئەو ژنانەشن کە لە 17 ساڵی و دواتردا یەکەمین سووڕی مانگانەیان دەبێت، لە ئەگەری تووشبوون بە بەرزیی فشاری خوێن و جەڵتەی دەماخدا هەروەکو ئەوانە بوون کە لە تەمەنی 10 ساڵی و پێشتردا یەکەمین سووڕی مانگانەیان هەبووە، بەڵام ئەگەری تووشبوونیان بە نەخۆشییەکانی دڵ کەمتر بووە.

د.دیکستر دەڵێت، تەنانەت کاتێک کاریگەری کێشی جەستە و باری دەروونی و کۆمەڵایەتی و جگەرەکێشانیشمان لەسەر ئەنجامەکان نەهێشت، هێشتا تەمەنی دەستپێکردنی یەکەم سووڕی مانگانە کاریگەرییەکی بەرچاوی مایەوە لەسەر تووشبوونی ئافرەت بە نەخۆشییەکانی دڵ و بۆریی خوێن.



دادگای ئەوروپا:

# قەڵەوی کەمئەندامییە

ڕووداو- BBC

لەمەودوا بەپێی یاسای ئەوروپا قەڵەوی بە کەمئەندامی دادەنرێت.

دادگای ئەوروپا دەڵێت "ئەگەر قەڵەوی ببێتە لەمپەر لەبەردەم بەشداریکردن لە کارو پیشەدا بە کەمئەندامی هەژمار دەکرێت".

بڕیاریشە ئەم یاسایە لەسەرجەم وڵاتانی سەر بە یەکێتی ئەوروپا پەیڕەو بکرێت.

ئەم بڕیارەی دادگای ئەوروپا دوای داواکارییەکی دادگای باڵای دانیمارک هات کە داوای کردبوو یەکلایی بکرێتەوە ئایا قەڵەوی بە کەمئەندامی هەژمار بکرێت یان نا.

لە وەڵامدا دادگای ئەوروپا دەڵێت ئەگەر قەڵەوی ببێتە هۆی لەمپەر دروستکردنی جەستەیی و دەروونی و هزری بۆ خاوەنەکەی بەتایبەت لە جێبەجێکردنی پیشەکەیدا، ئەوە بە کەمئەندام هەژمار دەکرێت.

زیاتر لە 2.1 ملیار کەس لە جیهاندا کێشیان لە کێشی ئاسایی زیاترە، ئەوەش دەکاتە 30%ی دانیشتووانی جیهان. پسپۆڕان دەڵێن ئەگەر قەڵەوی وەک ئێستا ڕوو لە زیادبوون بێت، ساڵی 2030 ڕێژەی ئەوانەی کێشیان لە ئاسایی زیاترە بەرز دەبێتەوە بۆ 50%ی دانیشتووانی جیهان. لەکاتێکدا ژمارەی کەسانی بەدخۆراک 840 ملیۆن کەسە لە جیهاندا، واتە قەڵەوەکان دوو هێندە و نیوی بەدخۆراکەکانن.

بەپێی ڕاپۆرتی دەیلی تەلەگراف، ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی قەڵەوییەوە دەمرن، سێ هێندەی ئەوانەیە کە بەهۆی برسێتی و بەدخۆراکییەوە گیان لەدەستدەدەن.

بەپێی ڕاپۆرتە جیهانییەکان، بەریتانییەکان ساڵانە 74 ملیۆن دۆلار خەرج دەکەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی کێشەی قەڵەوی، لە ئەمریکاش ساڵانە 633 ملیۆن دۆلار بۆ هەمان مەبەست خەرج دەکرێت.

سەرەڕای ئەو هەموو کەمپەینەی دژی قەڵەوی کراوە، پسپۆڕان دەڵێن لە 13 ساڵی ڕابردوودا ڕاددەی قەڵەوبوونی خەڵکی کەمی نەکردووە.

# بەریتانییەکان منداڵان دیزاین دەکەن

ڕووداو- ئاژانسەکان




پسپۆڕانی بەریتانی پرۆژەیەکیان داوەتە پەرلەمانی وڵاتەکەیان تا دەنگی لەسەر بدەن، بەپێی ئەو پرۆژەیە ڕێگا دەدرێت لە هەندێک حاڵەتدا منداڵ سیفەتی بۆماوەیی لە پیاوێک و دوو ژنەوە وەربگرێت.

لەباری ئاساییدا، لە ئەنجامی یەکگرتنی تۆوی پیاو و هێلکەی ئافرەت، هێلکەیەکی پیتێنراو دروست دەبێت کە تاکە خانەیەکە و بە یەکسانی سیفەتی بۆماوەیی هەریەک لە دایک و باوکی تێدایە.

بەپێی پرۆژە نوێیەکە، ڕێگە بە زانایان دەدرێت (مایتۆکۆندریا)ی وەرگیراو لە دایکەکە لە خانەی منداڵەکە دەربهێنرێ و لەبری ئەوە مایتۆکۆندریای ژنێکی بەخشەری بۆ دابنرێت. لەگەڵ گواستنەوەی مایتۆکۆندریاکەدا هەندێک سیفەتی بۆماوەیی ژنە بەخشەرەکە بۆ منداڵەکە دەگوازرێنەوە. بەوجۆرە منداڵەکە سیفەتی دایکی و باوکی و ژنە بەخشەرەکەی تێدا دەبێت.

ئەم گۆڕانکارییە لەو منداڵانەدا دەکرێت کە مایتۆکۆندریاکانی دایکیان ناتەواون و بەو هۆیەشەوە لە ئایندەدا ماسولکەکانیان دەپووکێنەوە و تووشی چەندین گرفتی جەستەیی و هزری دەبن، بەڵام بە دانانی مایتۆکۆندریایەکی تەندروست لە کەسێکی بەخشەرەوە ئەو گرفتانەیان لە ئایندەدا تووش نابێت.

پێشبینی دەکرێت بەر لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پەرلەمانی بەریتانیا لە ئایاری 2015 دا، پەرلەمانی بەریتانیا ئەو پرۆژەیە پەسەند بکات و بە یاسایی بکات، هەرچەندە هەندێک لە زانایان ئەمە بە کارێکی "نائەخلاقی" دەبینن و دەڵێن ڕێگاخۆشدەکات بۆ ئەوەی لە ئایندەدا "منداڵی دیزاینکراو" پەیدا ببن.



# کوردستان تا ئێستا 400 ملیۆن بەرمیل نەوتی بەرهەمهێناوە



**عومەر ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

دواییــن ڕاپۆرتی وەزارەتی ســامانە سروشــتییەکان لەبارەی ئاســتی بەرهەمهێنــان و بەکارهێنانی ناوخۆ و هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان ڕۆژی یەکشەمە بڵاوکرایەوە.

بەپێــی ئــەو ڕاپۆرتــە کــە داتاکانی پەیوەســت بە بەرهەمهێنانی نەوت لە ســاڵی 2003 تا کۆتایی مانگی ئابی 2014 لەخۆدەگرێت، ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە ساڵی 2003 بەدواوە بەردەوام ڕووی لە زیادبوون بووە و لەو ماوەیەشدا جێگیر بووە.

لــە ڕاپۆرتەکەدا جەخت لــەوە کراوەتەوە کە هاوکات لەگەڵ بەردەوامبوونی بەرهەمهێنانــی نەوت، چاوەڕوان دەکرێت هەرێمی کوردســتان بتوانێت بەرزبوونەوەیەکی بەرچاو لە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت دەستەبەر بکات و ئامانجە مامناوەندییەکەی لە کۆتایی ســاڵی 2015 و ســەرەتای 2016 کــە بەرهەمهێنانی ڕۆژانە یەک ملیۆن بەرمیل نەوتە، بپێکێت.

لە مانگی 12ی ئەمساڵ ئاستی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان ڕۆژانە 400 هەزار بەرمیل بووە، ئەوە لە کاتێکدایە کە چاوەڕوان دەکرێت لە کۆتایی چارەکی یەکەمی ساڵی 2015 ئەو ژمارەیە بەرزبێتەوە بۆ ڕۆژانە 500 هەزار بەرمیل.

هەرێمــی کوردســتان ڕۆژانــە 120 هــەزار تــا 150 هــەزار بەرمیل نەوتــی بەرهەمهاتــوو دەنێرێتە پاڵاوگە سەرەکییەکان بۆ پاڵاوتن و بەرهەمهێنانی سووتەمەنی. چاوەڕوان دەکرێت لە ساڵی 2015 ئەو ڕێژەیە لە نەوتی خاو کە بە مەبەستی پاڵاوتن بەکاردەهێنرێت، وەک خۆی لە نێوان ئەو بازنەیەدا بمێنێتەوە.

هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاســتی بەرهەمهێنانی نەوت، چاوەڕوان دەکرێت ئاســتی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردســتان لەڕێی بۆڕی و لەڕێی تانکەرەوە بۆ تورکیا بەرزبوونەوە بەخۆیەوە ببینێ.

لە دوایین ڕاپۆرتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکاندا جەخت لــەوە کراوەتەوە کە داهاتی هەموو ئەو نەوتەی هەناردە دەکرێت وەک پشکی یاسایی هەرێمی کوردستان لە بودجەی فیدراڵی هەڵسوکەوتی لەگــەڵ دەکرێت و بەردەوامیــش دەبێت لە قازانجــی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان و عێراق.

لە 2014 پشــکی هەرێمی کوردســتان لــە بەرهەمە ســووتەمەنییەکان بەهــۆی نائارامی لــەو ناوچانەی کە لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوە بەڕێوە دەبرا، پچڕا. لەبەر ئەوەش حکومەتی هەرێمی کوردســتان ناچار بوو پشت بەخۆی ببەســتێ لە بەرهەمهێنــان و هاوردەکردنی ئەو بەرهەمە نەوتیانە بۆ ئەوەی پێویستییەکانی ناوخۆ دابین بکات.

زۆربــەی ئەو هاوردەکارییــەش لەڕێی ئاڵوگۆڕکردنی نەوتی خاو بە بەرهەمە نەوتییەکان لەگەڵ تورکیا کراوە.


لە ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی ســامانە سروشــتییەکانی هەرێمی کوردستاندا هاتووە کە هەرێمی کوردستان پاش ئەوەی گەیشتە ئامانجی بەرهەمهێنانی ڕۆژانە یەک ملیۆن بەرمیل، فۆکۆسی خۆی زیاتر دەکات بۆ بەرزکردنەوەی زیاتری ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت.

بەپێی ڕاپۆرتی وەزارەتی ســامانە سروشــتییەکان، لە ســاڵی 2003 وە هەرێمی کوردســتان نزیکەی 400 ملیۆن بەرمیل نەوتی بەرهەمهێناوە و لەو ڕێژەیە نزیکەی 133 ملیۆن بەرمیلی بەمەبەستی بەکارهێنانی ناوخۆ لە پاڵاوگە سەرەکییەکان پاڵاوتووە.

تێبینی دەکرێت پاش پەســەندکردنی یاســای نەوت و گاز لــە پارلەمانــی کوردســتان لــە ســاڵی 2007 و چوونــە بــواری جێبەجێکردنــەوە لــە کۆتایی ســاڵی 2008 و ســەرەتای ســاڵی 2009 ، کەرتــی نەوتــی هەرێمی کوردستان گەشــانەوەیەکی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێت، ئەوەش لەڕووی ئاستی بەرهەمهێنان و لەڕووی پاڵاوتنــەوە. لەو بەروارە بەدواوەش بــەردەوام ڕووی لە بەرزبوونەوەیە.

وەک لــە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، ســاڵی 2014 ســاڵی زێڕینــی نەوت بوو لە هەرێمی کوردســتان، بەو پێیەی لــە هەمــوو ڕوویەکــەوە، هەر لــە بەرهەمهێنانــەوە تا هەناردەکردن و پاڵاوتن گەیشتووەتە پلەیەکی زۆر بەرز کە بە زەقی دەرکەوتووە.











# کۆمپانیاکان بەرهەمهێنانی نەوت لە کوردستان کەمناکەنەوە

**ئەلێکساندەر ویتکامب**
**ڕووداو- لەندەن**

کۆمپانیاکانــی بەرهەمهێنــەری نەوت و بەرپرسە حکومییەکان لە کۆنفرانسێکدا لە لەندەن گوتیان، سەرەڕای دابەزینی نرخی نەوت لــە بازاڕەکانــی جیهان، چــاوەڕوان دەکرێــت ڕێــژەی هەناردەکرنــی نەوتــی کوردســتان بەشــێوەیەکی بەرچاو لەساڵی داهاتوودا زیاد بکات.

ئــان ماکدۆناڵــد، بەڕێوەبــەری ئەوروپا و ئاســیای کۆمپانیــای شــێڤرۆن بــە ئامادەبووانی ئەو کۆنفرانســەی کە لەسەر نەوت و غازی هەرێمی کوردســتانی بەسترا بــوو، ڕاگەیاند "لەســەر نرخی نەوت، ئێمە تێڕوانینێکی درێژخایەنمان هەیە".

هەرچەنــدە نرخــی بەرمیلێــک نەوت لە بازاڕەکانی جیهانــدا دابەزیوە بۆ کەمتر لە 60 دۆلار، بەڵام ئەو بەرپرسەی کۆمپانیای شــێڤرۆن گوتی "دابەزینی نــرخ کاریگەری لەســەر وەبەرهێنانمــان لــە هەرێمــی کوردستان نابێت".

شارەزایانی بواری وزە، دابەزینی نرخی نەوت دەگەڕێننەوە بۆ چالاکبوونی ولایەتە یەکگرتووەکانی



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

ئەمریــکا لەبــواری بەرهەمهێنانــی نەوتی لیتەیــی و کەمبوونەوەی داخوازی لەســەر نــەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا، بەتایبەتیش بەهۆی سستبوونی گەشەی ئابووریی چین.

هەرزانی نەوت ســوودی گەورەی دەبێت بۆ کڕیاران، بــەڵام کاریگەری خراپی دەبێت لەســەر ئەو وڵاتانەی ســەرچاوەی داهاتیــان پشــت بــە بەرهەمهێنانی نــەوت دەبەســتێ. ئەمە جگە لەوەی دەبێتە هۆی کەمبوونــەوەی قازانجــی کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکان کە زۆریان وەبەرهێنان کەم دەکەنەوە ئەگەر نرخی نەوت بەو هەرزانییە بمێنێتەوە.

محەممــەد ســیپەل، سەرۆکی کۆمپانیای گەنەڵ ئێنێرجــی تورکی، جەختی کــردەوە کــە ســەرەڕای دابەزینــی نــرخ، کۆمپانیــاکان بــەردەوام دەبن لە زیادکردنی بەرهەمهێنانی نەوت لە کوردستان.

"کاتێــک باس لــە نرخــی بەرهەمهێنان دەکەین، خۆرهەڵاتی ناوەڕاســت کەمترین کێشــەی هەیــە لــەو ڕووەوە. نرخــی بەرهەمهێنانــی نەوت لــەوێ زۆر کەمترە"، ئەمــە پشتڕاســتکردنەوەی وتــەی ئــەو کەسانە بوو کە نرخی بەرهەمهێنانی نەوتی کوردســتانیان بە هــەرزان خەمڵاندووە بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمهێنانی غاز و نەوتی کەناراوەکان.

ئاشــتی هەورامــی وەزیــری ســامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان ڕێژەی بەرهەمهێنانــی نەوتــی کوردســتانی بــە 400 هــەزار بەرمیل لــە ڕۆژێکدا خەمڵاند، هەروەهــا باز کەریم، ســەرۆکی کۆمپانیای کار، ئەو کۆمپانیایەی سەرپەرشــتی بۆریە نەوتەکانی کوردســتان بۆ تورکیا دەکات، گوتــی "ڕەنگــە لە کۆتایی ئەمســاڵدا بڕی هەناردەکردنــی نەوتــی کوردســتان بگاتە 450 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا".

هەورامی گوتیشــی، بڕی هەناردەکردنی نەوتــی کوردســتان لــە ســەرەتای چوار یەکی ســاڵی داهاتوودا دەگاتە 500 هەزار بەرمیــل لە ڕۆژێکــدا و لە کۆتایی ســاڵی داهاتــوودا دەگاتــە ئامانجەکەی خۆی کە هەناردەکردنــی یــەک ملیــۆن بەرمیلە لە ڕۆژێکدا.

وەزیری ســامانە سروشتییەکان دڵنیایە لــەوەی نرخــی نــەوت دووبــارە ڕوو لــە بەرزبوونــەوە دەکات "لــەو بڕوایەدام ئەمە شتێکی کاتییە". گوتیشی "بڕواناکەم ئەمە کێشــەیەکی درێژخایەن بێــت، هەرچەندە ماوەیەکــی پێدەچێت تــا نرخەکە دووبارە بەرز دەبێتەوە".

بەغدا و هەولێر گەیشــتنە ڕێککەوتنێک لەســەر هەناردەکردنی نەوتی کوردستان. ســەرۆک وەزیرانی عێراق حەیدەر عەبادی ڕازی بــوو بــە ناردنــی بودجــەی هەرێمی کوردســتان کە لە ســەرەتای ئەمساڵەوە لەلایــەن بەغــداوە بڕابــوو لەبەرامبــەر هەناردەکردنــی 250 هەزار بەرمیل نەوتی کوردستان لە ڕێگەی کۆمپانیای نیشتمانی سۆمۆوە.

هەر لە چوارچێــوەی ئەو ڕێککەوتنەدا، دەبێت هەرێمی کوردستان کاربکات لەگەڵ کۆمپانیای ســۆمۆ بۆ هەناردەکردنی 300 هەزار بەرمیل نەوتی کەرکووک بۆ تورکیا.

بەپێی قسەی وەزارەتی نەوتی عێراق، لە پاش تەقاندنەوەی یەکێک لەو بۆریانەی کــە نەوتــی کەرکوکــی دەگواســتەوە بۆ تورکیا لە مانگی مارســی ئەمساڵ لەلایەن تیرۆرســتانەوە، بەغدا مانگانە 1.2 ملیۆن دۆلار زیانــی پێــدەگات لــە هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک.

لەکاتێکدا بەرپرســانی بەغدا و هەرێمی کوردســتان خۆشــحاڵن بــە ئەنجامەکانی ئــەو ڕێککەوتنە، هێشــتا چەندین کێشــە مــاون لە چوارچێوەی ئــەو ڕێککەوتنە کە چارەسەر بکرێن، وەک دانەوەی پارەی ئەو کۆمپانیا نەوتیانەی لە هەرێمی کوردستان کاردەکــەن. هەندێــک لــەو کۆمپانیایانــە نیگەرانــن لەوەی کە دابەزینی نرخی نەوت زیانی زیاتریان پێدەگەیەنێ.

بیــژەن ڕەحمانــی، بەڕێوەبــەری کۆمپانیــای نەوتی نەرویجی گوتی "یەکێک لــەو شــتانەی بۆ ئەمــە گرنگــە بیزانین، ئەوەیــە کــە دابەزینــی نرخی نــەوت چی دەکات بــە پێشــبینییەکان لــە وەرگرتنی کرێــی کۆمپانیاکان. گرنگی کێشــەی نرخ زیاتر لەوەدا دەردەکەوێت".

هەورامی دانی بەوەدا نا کە ئێســتا هیچ ڕێککەوتنێــک نییە ســەبارەت بە بودجەی حکومەتــی فیدراڵــی و دانــی کرێــی ئەو کۆمپانیایانــەی لــە هەرێمــی کوردســتان کاردەکــەن. دەبێــت ئــەوە لــە فەیســی دووەمــی گفتوگــۆکان لەگــەڵ حکومەتی فیدراڵی باسیان لێوە بکرێت.

بــەڵام هەورامــی ئومێــدی دا بــە کۆمپانیــاکان کــە بەپێــی ڕێککەوتنەکــە هەرێمــی کوردســتان دەتوانــێ 50 هەزار بەرمیل لــە ڕۆژێکدا گلبداتەوە. گوتیشــی "هــەر نەوتێکی زیادە بفرۆشــرێت تەرخان دەکرێ بۆ دابینکردنی کرێی کۆمپانیاکان".





کاوە ئەمین

# سەیرە، دەڵێی لە کوردستان بووم!

لە دوورەوە چەند ئاڵایەکی کوردستان دەبینم، دەچم بۆ لایان، لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران (عەبدوڵڵای موهتەدی)، بۆ پشتیوانی لە زیندانیانی سیاسیی ورمێ، گردبوونەوەیەکیان لە گۆڕەپانی سێلگس تۆری لە ناوەندی شاری ستۆکهۆڵم ڕێکخستووە. زۆر سارده و هێشتا مەراسیمەکە دەستی پێنەکردووە، خۆم کرد بە کتێبخانەی خانەی فەرهەنگیدا کە چەند مەترێک لێمانەوە دوورە، ژمارەیەکی زۆر کتێب دانراون و هەندێک خۆم خەریک دەکەم تا کەمێک گەرمم بێتەوە. لە پەنجەرەکەوە بۆ خەڵکەکە دەڕوانم، دیسان دەچمە دەرەوە، بەشێکی ئەوانەی لەوێن دەناسم، بەڕێزەوە بەخێرم دەهێنن، بەڵام کەمێک شەرم دەمگرێت، ناوی کەسیانم لەیاد نییە! ئاسۆ نەبێت، بەگەرمی هەواڵی یەکترمان پرسی.

ئەندامێکی حیزبی دیموکرات، وێنەیەکی شەهید قاسملوی بەدەستەوە بوو، دیارە بەوەدا زانیم ئەندامی حیزبە، بە زەردەخەنەیەکەوە لێی پرسیم: بەرنامەکەت "پەنجەمۆر" دەبینم، خۆشحاڵم، بەڵام نەدەبوو کاک ناسری ڕەزازی لەسەر حیزب وا بڵێ؟.. من لە بابەت گۆڕیندا عەیبم نییە، بۆیە باسەکەم بەلایەکی دیکەدا برد و لەبیرم بردەوە، چونکە شوێنی ئەو باسانە نەبوو.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس کوردۆ باکسی لەسەر قادرمەکانەوە فوودەکات بە مایکرۆفۆنەکەدا، بە زمانی سوێدی وتارێک دەخوێنێتەوە و باسی ڕەوشی زیندانیان دەکات لە ئێران و کوردستان، باسی مافەکانی مرۆڤ دەکات، باسی داخوازیەکانی کورد دەکات. کوردۆ مەراسیمەکە بەڕێوە دەبات. کاک فلامەرز بە ساکسۆفۆنەکەی چەند ئاوازێکی خەمبار دەچڕێت "من پێشمەرگەی کوردستانم"، خەڵکەکە گەرم دادێن. ئیدی هەر نوێنەرەو قسە دەکات، قسەی ئاگراوی.

لەبیرم نایەت چەند جاری دیکە گوێم لەو قسانە بووە، سەد.. دووسەد نازانم، بەڵام هەمان تاس و هەمان حەمام. هێشتا وادەزانین قسە بۆ خۆمان دەکەین، بە زمانی کوردی دەدوێین کە جگە لە خۆمان کەس تێماننناگات؟ دەڵێی دەردەدڵ بۆ خۆمان دەکەین، باس باسی یەکگرتنە، بەڵام لە کردەوەدا هەریەکە و لەناخی خۆماندا توورەکەیەک ڕق و کینەمان شاردۆتەوە و هەر فرسەتێکمان بۆ بڕەخسێ، هەڵیدەڕێژین.

ژمارەی خۆپیشاندەران کەم بوو، ئاخر وەکو فەرهەنگێکی لێهاتووە، لایەنگرانی حیزبەکان بەشداری لە خۆپیشاندانێکدا ناکەن کە خۆیان سەرچۆپیکێش نەبن. ئاڵای کوردستان و وێنەی شەهید قاسملو و ئاڵای کۆمەڵە و یارسانەکان دەبینرێن.

چەند وێنەیەک دەگرین و ماڵئاوایی دەکەین. بەو هیوایەی ڕەوشی زیندانییەکان باشتر بکرێت.

لەناو حەشامەتێکی زۆردا ون دەبم و خۆم دەکەم بە مۆڵی ئۆلێنسدا، سوێدییەکان سەرقاڵی کڕینی دیاری کریسمسن، چی لەو نزیکانە ڕوودەدات، مێش میوانیان نییە. دەمەوێت کەمێک بگەڕێم، بەڵام تاقەتم نییە و خۆم دەکەم بە ماکدۆناڵد-دا، هەپی میلێک داوا دەکەم. لەبیرم دێت فەلەستینییەکان هانی منداڵەکانیان دەدا لەو شوێنە نان نەخۆن، چونکە ئەمریکا هاوکاری ئیسرائیلیەکان دەکات! کەچی ئێمەی کورد لە سوێدیش هێشتا ماست و پەنیری تورکی دەخۆین، هەڵبەتە لە پێش هەمووانەدا کوردی باکوور، تورکیایەک نەک هاوکاری دوژمن، بەڵکو خۆی دوژمنێکی سەرسەختی کوردە. دنیایەکی سەیرە، جیاوازییەکە ئاسمان و ڕێسمانە!

لە ناوەندی سەنتەری هێڵی شەمەندەفەری ستۆکهۆڵم، شوێنی بلیت کڕین، دەچمە بەردەمی خانمێک و بە ڕوویەکی خۆشەوە دەڵێت: بۆ کوێ دەڕۆیت؟

- ئۆپسالا

- کارتی ئەندامبوونی هێڵەکەمانت هەیە؟

- نەخێر نیمە، قیمەتی چەندە؟

دەستدەکات بە ڕوونکردنەوەی خاڵە باشەکانی ئەندامبوون، بەزەردەخەنەیەکەوە:

- کارتەکەمان بەلاشە.

بۆ نا، چ قەیدی هەیە؟ پێناسەکەی خۆمی دەدەمێ، دەقەیەک ناخایەنێت دەبم بە ئەندام! بلیتەکە وەردەگرم و نرخەکەی کەمترە لەوەی ئەندام نەبیت. بازرگانی ئاوا دەبێت، نەک وەکو لای خۆمان، دەڵێی شەڕت لەگەڵ دەکات، کاتێک دەچیتە دووکانێک یان فەرمانگەیەک!

نیوسەعات کاتم هەیە! وەکو ماخۆلانم بێت دێم و دەچم. لە دوورەوە دەموچاوێکی ئاشنا دەبینم، لێی نزیک دەبمەوە، کەسایەتی حیزبی شیوعی عێراقی جاران و کوردستانی ئێستا، باوکی تارا! پێموابوو نامناسێت، بەڵام دوای چاک و چۆنی، ئەویش باسی بەرنامەی "پەنجەمۆر"ی کرد! وەکو لە قسەکانیدا هەستمپێکرد، سووکە ڕەخنە و گلەیی هەبوو کە بۆچی زیاتر ڕێگام نەداوە مامۆستا کەریم زەند قسە بکات! بۆم ڕوونکردەوە کە بە داخەوە باری تەندروستی مامۆستا ڕێگای نەدا، دەنا ئێمە لە خزمەتیدا بووین!

لەو ماوە کورتەدا باسی زۆر شتمان کرد. لێمپرسی بۆچی مامۆستا عەزیز محەممەد قسە ناکات و مێژووی خۆی ناگێڕێتەوە؟ بە پێکەنینەوە گوتی: منیش دەپرسم بۆ، کاک کەریم ئەحمەدیش، ڕەنگە شایەن و تەرازووەکەی کاک عەزیز بەشێوەیەک بیکێشێت کە ئاخۆ ئەگەر قسە بکات و قسە نەکات کامیان باشترە؟ چی دەربارەی سۆڤیەت بڵێ، چی و سەدان چی دیکە.

باوکی تارا، پیاوێکی قسە خۆشە و مرۆڤ حەزدەکات گوێی بۆ شل بکات، بەڵام کاتی ڕۆیشتنی شەمەندەفەرەکە نزیکە، خواحافیزی لێدەکەم و ژمارەی تەلەفۆنەکەی وەردەگرم، بە ئومێدی دیدار لە کورستان و ڕەنگە پەنجەیش مۆر بکات.

خۆم دەکەم بە فارگۆنێکدا، لە لای دەستە ڕاستەوە، لای پەنجەرەکەوە دادەنیشم. ئەو گۆڤارەی کە هێڵی شەمەندەفەری سوێدی دەریدەکات و هەزاران نوسخەی لێ چاپ دەکرێت، لە بەردەمی هەر کورسیەکی دانیشتنی ناو شەمەندەفەرەکە دانراوە "کوپێ"! بەرگی یەکەمی گۆڤارەکە، وێنەیەکی گەورەی هونەرمەندی "قسەخۆش"ی کورد ئۆز نوژەنی بەسەرەوەیە، بەشێوەیەک پێکەنیوە، کورد گوتەنی، هەر 32 ددانەکەی دەرکەوتووە.

لەبەرخۆمەوە گوتم، دەڵێی ئەمڕۆ لە کوردستان بووم، دەستم کرد بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی گۆڤارەکە و خوێندنەوەی گفتوگۆکەی ئۆز نوژەن کە بە چەند سەردێڕێکی سەرنجڕاکێش دەستپێکردبوو!

جیاوازی نێوان کوردبوون و سوێدیبوون، ئەسپەکان و بۆچی هەموو ڕۆژێ تەلەفۆن بۆ دایکی دەکات ...

ئۆز نوژەن بە ڕەخنەگرێکی سەرسەختی دژەبیانییەکانی سوێد ناسراوە، کاتێک وەکو دوا پرسیار پێتەر کارلسۆن لێی دەپرسێ: ئایا نابێت سنوورێک هەبێت بۆ وەرگرتنی پەنابەران لە سوێد؟

ئۆز نوژەن لە وەڵامدا دەڵێت: نەخێر، نابێت. ئەو بەشە بچکۆلە ئازادکراوەی باشووری کوردستان کە تەنانەت سەربەخۆیش نییە و دەوڵەمەندیش نییە، ژمارەی دانیشتووانی چوار ملیۆن و نیوە، ملیۆنێک و 670 هەزار پەنابەری وەرگرتووە. ئایا ئێمە سوێدی دەوڵەمەند ناتوانین 100 هەزار پەنابەر وەربگرین؟

وەڵامی پرسیارەکەی ئۆز نوژەن مەگەر، وەزیری کۆچبەرانی سوێدی بیداتەوە.

لەبیرم نەچێت ئەمڕۆ 2014/12/20 بوو.



غیاسەددین نەقشبەندی

# گەل و مێگەل

چەند ڕۆژێک لەمەوبەر، برادەرێک پسیاری لێکردم: پێتوایە حیزبێک لەو حیزبانەی کوردستان ڕازی بێت کوردستان ببێتە دەوڵەت بەبێ ئەوەی ئەوانی تێدا بن؟ یان لەسەر دەستی ئەوان نەبێت؟ یەکسەر وەڵامم دایەوە کە نازانم. دواتر بیرم لێکردەوە کە بەڕاستی هیچ حیزبێک لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا ئامادە نییە خۆی بکاتە قوربانی بۆ دروستبوونی خەونی لەمێژینەی میللەتی کورد، کە دەوڵەتی کوردستانە ئەگەر لەسەردەستی ئەو نەبێت، بەڵام هەرهەموویان ئەو بیرۆکەیەیان کردووەتە ئامانجی سەرەکی بۆ خەبات، چونکە دەزانن خاڵێکی هەستیارە و لەناو خەڵکی ڕەواجی هەیە، بەو ناوە هەڤرکەکانیان لەناودەبەن بۆ ئەوەی کوردستان لەسەر دەستی ئەوان دابمەزرێت، بۆیە کاتێ پێشمەرگە پێشڕەوی دەکات، هەرکەناڵێک هەوڵدەدات پێشڕەوییەکە بکاتە هی خۆی و ئەگەر پاشەکشە هەبێت یەکسەر بە لایەنەکانی ترەوەی دەلکێنن، ئەگەر سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئاڵای حیزبەکانی قەدەغە نەکردبا بێگومان ئێستا لە هەموو بەرەکان شەڕە پەڕۆ دەبوو.

ئەو جۆرە ڕەفتارانە زۆر ترسناکن و بێگومان هۆیەکی سەرەکین بۆ هەر نشوستییەکی پاشەڕۆژ، بێزاریی خەڵک و بڕوانەمانیان بە شۆڕش، هەروەها دەرگایەکی والایە بۆ سازشکردن لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی و کێشە نەتەوەییەکان بەگشتی لەپێناوی ئەو ململانێ حیزبی و کەسایەتییە کە بەڕای من تا نەبین بەدەوڵەت بەهیچ شێوەیەک نابێ ململانێی حیزبی بکرێت. حیزبەکان جیاوازی ناکەن لەنێوان سیاسەتی ناوخۆ و سیاسەتی دەرەوە، ئەوەی لە بەغدا دەیکەن پێیانوایە دەبێ لە کوردستانیش وابێت، وەک بڵێی تەواو بووین بە دەوڵەت و هیچمان نییە بیری لێبکەینەوە جگە لەوەی بزانین کامە حیزب لە کوردستان ئەنجومەنی پارێزگا پێکدەهێنێت و کامە حیزب زیاتر قایمقام و بەڕێوەبەری بەرکەوتووە، لەبیرمان چووە کە ئێمە جارێ لە قۆناغی ڕزگاریخوازیداین و هەبوونی کورد لەبەرامبەر ئەو پێکهاتنە ئیقلیمی و دەوڵەتییانەدا لە مەترسیدایە، ناکرێ لەو بارودۆخەدا وەکو دەوڵەتێکی ئازادکراوی سەربەخۆی بێ گرفت ئەو ڕەفتارانە بکەین.

کوردستان وەک ئینتیتییەکی جودا لە عێراق، جیاوازییەکی زۆری هەیە لەڕووی بونیاد، پێکهات، کەلتور و دابونەریتی سیاسی، لەکاتێکدا دەبینین عێراق زیاتر بەرەو ڕووخان دەچێت چونکە دامودەزگای ئیفلیجە و نەفەرەکانی بە ناخێکی ڕووخاوەوە لەسەر ئەوە پێکهاتوون کە دەبێ تێکبچێت- نەفەرم بەکار هێناوە لەجیاتی تاک- چونکە تاک لەناو کۆمەڵگادا چەند مەرجێکی هەیە کە خۆیان لە ماف و ئەرکدا دەبیننەوە و ئەوەش لە عێراق نەبووە و ناشبێت، بۆیە ناشێ ناوی تاک، یان هاووڵاتی لەسەر نەفەرەکانی ناو عێراق دابنێین، کەس بڕوای بەوە نییە کە جارێکی دی عێراق دەبێتەوە بە دەوڵەتێکی بەڕێز، ئەگەر بڵێین هیچ کاتێک بەڕێز نەبووە بەهەڵەدا ناچین، چونکە ڕاستە عێراق هەمیشە دەوڵەت بووە، بەڵام هیچ کاتێک و بۆ هیچ کەسێک نەبووەتە وڵات کە بێگومان جیاوازیی زۆر لەنێوان دەوڵەت و وڵاتدا هەیە، نەفەرەکان لەناو ئەو یونتە زۆردارە قەد هەستیان بە تەڤلیبوونی نیشتیمانی نەکردووە، بۆیەش هیچ کاتێک ئایدێنتیتی عێراقی دروست نەبووە.

پێکهاتەی لاشەی سیاسی و حیزبییەکان هەموو هەوڵدانێکی ڕزگارکردنی عێراق ئیفلیج دەکەن، بۆیە هەستی بەنیشتیمانیبوون لای نەفەرەکان نییە، ئێمە بۆ ئەو نموونە ئیفلیجە بێنینەوە کوردستان و چ سوودێکی بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد هەیە. ئەو مشتومڕەی لەنێوان یەکێتی و گۆڕاندا کە لە حەوت مانگ زیاتری خایاند و کارە ئیدارییەکانی پارێزگا و قەزاو ناحییەکانی خستە شپرزەیی، تەنها لەسەر دامەزراندنی ئەنجومەنی پارێزگا و دابەشکردنی پۆستەکان ئەوە نیشاندەدات کە دەیانەوێ مۆدێلە وێرانکەرەکەی بەغدا بەرەو کوردستان بێنن و هەمان ڕەفتار لێرەش بکەن کە پێشتر پارتی و یەکێتی کردوویانە و پۆستەکانی خزمەتگوزارییان وەکو خەڵاتکردن لەنێوان خۆیاندا دابەش کردووە، ئەگەر ئەو مۆدێلەی حکومەتی بنکە فراوان و تەوافوقی لەبەغدا دەستبدات، ئەوە بێگومان لەکوردستان دەستنادات و دەبێتە مۆدێلێکی وێرانکەر، چونکە لەبەغدا میراتی پاش بەعس وەکو دەسکەوت و پاتاڵ لەنێوان نەتەوەی جیاواز و مەزهەبی جیاوازدا دابەش دەکرێت، بەڵام میراتەکە لە کوردستان شێوازێکی تری هەیە، چونکە یەک نەتەوەی سەرەکی هەیە و هیچ مەزهەبێکی دیکە نییە لەسەر ئەو هەستە نەتەوەییە زاڵ بێت، بۆیە ناشێ ئەوەی پارتی و یەکێتی و گۆڕان بۆ بەدەستهێنانی پۆست لە بەغدا دەیکەن، هەمان شت لەکوردستان بکەن، چونکە ئێمە لەقۆناغی فۆرمولەبوونی دەوڵەتێکی نەتەوەییداین کە ڕێز لەهەموو پێکهاتەکانی دیکە دەگرێت و ئەوان لە قۆناغی هەڵوەشانی دەوڵەتێکن کە ڕێزی لە کەس نەگرتووە و ناشگرێت.

دەبێ جاری یەکەم چەمکی وەرگرتنی پۆستی خزمەتگوزاری لە مێشکی خەڵکدا بگۆڕێت و هەروەها لەناو بیروڕای حیزبەکانیش، خەڵاتکردنی نەفەرە موخلیسەکانیان بەپۆستی حکومی ناکرێت، چونکە ئەو پۆستانە خزمەتگوزارین و شەونخونی و کاری بەردەوامیان دەوێ بۆ ئەوەی سەربکەون، نەک بۆ خەڵاتکردن و دەوڵەمەندکردنی ئەندامانی ئەو حیزبەن.

کە حیزبێک لەکوردستان ئەو هەموو خەبات و شەڕەشەقە لەسەر پۆستی ئیداری دەکات، بێگومان تەنها ئەوە دەگەیێنێ کە دەیەوێ ئەو پۆستە پاوان بکات بۆئەوەی تەنها ئیشی نەفەرەکانی بەڕێوە ببات و خەڵکی دیکە پشتگوێ بخات، ئەگەرنا بۆ خەڵکی بێلایەن و خاوەن شیان بۆ ئەو پۆستانە دانانێن بۆ ئەوەی کاروباری هەموو هاووڵاتیەکان وەکو یەک بەڕێوەببەن و کۆنسێپتی بەهاووڵاتیبوون لەناخی مرۆڤی کورددا بچەسپێنن، بۆ ئەوەی تاک نەبێت بەنەفەر و کۆمەڵگا و وڵات نەبن بە مێگەلی گەلەمرۆڤ کە هیچ تاکێک لەناویدا هەست بەتەڤلیبوون نەکات.



نەوزاد هیتوتی*

# ئەمریکا و سیاسەتی پڕچەککردنی پێشمەرگە

ماوەیەکە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان هەوڵەکانی خۆیان چڕکردووەتەوە بۆئەوەی قەناعەت بە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بهێنن کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ و بەبێ فیلتەری بەغدا، چەکی قورس ڕەوانەی هەرێمی کوردستان بکات. بۆ ئەم مەبەستە وەفدێکی هەرێمی کوردستان لە نۆڤەمبەری 2014 بۆ ماوەی هەفتەیەک لە واشنتن لەگەڵ بەرپرسانی ئەمریکا، لەوانەش ئەندامانی کۆنگرێس گفتوگۆیان لەسەر ئەم پرسە کرد. ئەمە بۆ جاری سێیەمە لە ساڵێکدا کە وەفدی هەرێمی کوردستان سەردانی ئەمریکا دەکات بۆ پڕچەککردنی پێشمەرگە.

بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرێس ڕۆبەرت مێنێندیز سەبارەت بە پڕچەککردنی پێشمەرگە ڕایگەیاندبوو، پێشمەرگە لە شەڕی دژی داعش ئەوەیان سەلماندووە کە هێزێکی بەتوانان و پێویستە ئەمریکا ئەو چەکانەیان بۆ دابین بکات کە پێویستن. بە هەمان شێوەش سەرۆکی پەیوەندییەکانی هاوس کۆمیتە، ئێد ڕۆیس لە 10ی دیسەمبەری 2014 لە گفتوگۆیەکی گوێگرتندا کە برێت ماکگورک بەرپرسی سیاسەتەکانی ئەمریکا لە عێراق و ئێران ئامادەی بوو، گوتی کە لە عێراقدا هێزی پێشمەرگە بە تواناترین هێزە تاوەکو ئێستا بە شێوەیەکی کاریگەر ڕووبەڕووی داعش بووەتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەمریکا و بەغدا، بەدەر لە چەکی سووک ئامادە نەبوونە چەکی قورس ڕادەستی پێشمەرگە بکەن.

پاڵپشتی هەندێ لە ئەندامانی کۆنگرێس و نوێنەران، هاوکات لەگەڵ هەوڵەکانی وەفدی هەرێمی کوردستان لە واشنتن بۆ پڕچەککردنی هێزی پێشمەرگە، بووە هۆی ئامادەکردنی پرۆژە بڕیاری ژمارە (5747) کە لەلایەن هەردوو پارتی دیموکراتی و کۆمارییەکانەوە پاڵپشتی کراوە و خراوەتە بەردەم کۆنگرێس بۆ بڕیار لەسەردان. ناوەڕۆکی ئەم پرۆژە بڕیارە بە شێوەیەکە کە دەسەڵات دەداتە سەرۆکی ئەمریکا بۆئەوەی چەکی قورس بداتە هەرێمی کوردستان. بەپێی ناوەڕۆکی پرۆژە بڕیارەکە دەبێ ئەمریکا ڕاهێنان بە هێزی پێشمەرگەش بکات و ڕێگە بە کۆمپانیا ئەمریکییەکان بدات چەک بدەنە هەرێمی کوردستان.

ئەم هەوڵانە لەکاتێکدان کە تاوەکو ئێستا ئەو چەکانەی بە کورد دەدرێن بە فیلتەری بەغدادا تێپەڕ دەبن. ئەمەش بارودۆخێکی دروستکردووە کە زۆر جار چەک و تەقەمەنی درەنگ دەگەنە دەستی پێشمەرگە. ئەوەی زیاتریش هەرێمی کوردستانی نیگەران کردووە، ئەوەیە کە بەغدا ڕێگری دەکات لەوەی چەکی قورس و پێشکەوتوو دەرباز ببێ.

پێموایە ئەگەر پرۆژە بڕیارەکە بخرێتە دەنگدان لە کۆنگرێس، کێشەیەکی ئەوتۆی بۆ دروست ناکرێت و بڕیارەکە تێپەڕدەبێت. بەڵام کێشەکە دەسەڵاتی جێبەجێکردنە کە مافی ڤیتۆی هەیە و دەتوانێت بڕیارەکە پشتگوێ بخات. بۆیە پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە ئایا چاوەڕێی ئەوە لە ئیدارەی ئۆباما دەکرێت سیاسەتی خۆی لە هەمبەر هەرێمی کوردستان بگۆڕێت و پەیوەندی سەربازیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کورد ببەستێ؟

ئەگەر ئێمە چاوێک بە سیاسەتی ئەمریکادا بەرامبەر هەرێمی کوردستان بخشێنین لە دوای ساڵی 2003وە، دەبینین بەهۆی پەرەسەندن و پێشهاتە سیاسییەکانی ناوخۆی عێراق و ناوچەکەوە، بەردەوام گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. کاتێک ئیدارەی بوش ڕژێمی سەدامی ڕووخاند، پلان و ستراتیژیەکەی لە هەمبەر کورد ئەوەبوو کە لە چوارچێوەی سیستەمێکی دیموکراسی- فیدراڵی ئیداریدا، کورد مومارەسەی مافەکانی خۆی بکات. پۆل بریمەر گوشاری زۆری خستە سەر سەرکردایەتی کورد بۆئەوەی دەستبەرداری فیدراڵی بێت لەسەر بنەمای نەتەوەیی، تەنانەت ئەمریکا مەبەستی بوو کە هێزی پێشمەرگەش هاوشێوەی سوپای پێشووی عێراق هەڵبوەشێتەوە و فیدراڵیی پارێزگاکان بەسەر کورددا بسەپێنێ.

بەڵام پێشهات و پەرەسەندنە سیاسییەکان، بەتایبەت لە سەرەتای 2005ەوە پاڵی بە ئەمریکاوە نا کە سیاسەت و ستراتیژی خۆی لەهەمبەر هەرێمی کوردستان بگۆڕێت. لێرەدا کومەڵێک هۆکار هەبوون کە وایانکرد ئەمریکا سیاسەتێکی نوێ لەهەمبەر کورد بگرێتەبەر: یەکەم: سەرهەڵدانی یاخیبوون لە دژی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا کە دواتر گۆڕا بۆ شەڕی تایفیی نێوان شیعە و سوننە.

دووەم: بەهێزبوونی پێگەی ئێران لە عێراقدا لە ڕێگەی ئەو هێزانەی کە لە ژێر کاریگەریی ئێراندا بوون، بەتایبەت سەرکەوتنی لایەنە شیعەکانی سەر بە ئێران لە هەڵبژاردنەکانی 2005، کە ئاماژەیەک بوو بۆ سەرەتای دەرکەوتنی هەژموونی شیعەی لایەنگری ئێران بەسەر پرۆسەی سیاسیدا.

سێیەم: شکستی هێزە عەلمانی و سکۆلارەکان لە عەرەبی شیعە و سوننە کە لەلایەن ئەمریکاوە پشتیوانی دەکران، بەتایبەت لە هەڵبژاردنەکانی 2005.

چوارەم: کورد وەک هێزێکی سیاسی عەلمانی و هاوسۆز لەگەڵ ئەمریکا و پشتیوانی سیستمی دیموکراسی لە عێراقدا دەرکەوتن.

هەموو ئەم فاکتەرانە پاڵیان بە بەرپرسانی ئەمریکاوە نا کە پەیوەندییەکی نزیک لەگەڵ هەرێمی کوردستان ببەستێ و پاڵپشتی داخوازییەکانی بکات لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا. لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی فەرمی ئەمریکا پابەندبوونی خۆی بە پاراستنی هەرێمی کوردستانەوە دووپاتکردەوە و لە دوای هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان ئەمەی بە پراکتیکی سەلماند.

لەم چوارچێوەیەدا، هێرشی داعش بۆ سەر عێراق و کوردستان، دەکرێت ببێتە خاڵی وەرچەرخان و قۆناغێکی دیکەی گرنگی بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی کورد و ئەمریکا، بە تایبەت لەڕووی سەربازییەوە. ئەگەر کورد بە شێوەیەکی چالاک لۆبی بکات، هەرێمی کوردستان دەتوانێ قەناعەت بە ئیدارەی ئۆباما بهێنێ بۆ گرێدانی پەیوەندی ڕاستەوخۆی سەربازی لەگەڵ کورد و پڕچەککردنی هێزی پێشمەرگە.

لێرەدا دیارە کۆمەڵێک هوکاری ناوخۆیی و دەرەکی هەن یارمەتیدەرن بۆ گۆڕینی سیاسەتی ئەمریکا بەو ئاراستەیە:

یەکەم: ئەمریکا چیتر وەک جاران پاڵپشتی لە دەسەڵاتێکی سەنتراڵ لە بەغدا ناکات کە شیعە و ئێران بەسەریدا زاڵ بن.

دووەم: ئەمریکا بە درێژایی 10 ساڵ خەریکی مەشق و ڕاهێنان و پڕچەککردنی سوپای عێراق بوو، پارەیەکی زۆری لەوپێناوەدا سەرفکرد، بەڵام لەماوەی چەند ڕۆژێکدا هەڵوەشا و ئەوەی ئێستا لە عێراقدا هەیە میلیشیای شیعەیە کە ڕاستەوخۆ لەلایەن ئێرانەوە سەرپەرشتی دەکرێت.

سێیەم: ئێستا بەرپرسانی ئەمریکا بیر لە دروستکردنی جۆرێک لە هاوسەنگی دەکەنەوە لە نێوان شیعە، سوننە و کورد، نەک تەنیا هاوسەنگی لەڕووی سیاسییەوە، بەڵکو لەڕووی سەربازیشەوە. بەتایبەت ئێستا بە شێوەیەکی پراکتیکی عێراق دابەش بووە بۆ سێ ناوچەی سەرەکی.

چوارەم: ئەمریکا پێویستی زۆری بە هەرێمی کوردستان هەیە لە شەڕی دژی داعش. هەروەها تێدەگات کە داعش هەڕەشەیەکی مەزنە لەسەر هەرێمی کوردستان و داواکاریی کورد بۆ پڕچەککردنی لەبەر ئەم هەڕەشانەیە.

بە شێویەکی گشتی، ئەگەرچی هێشتا ئەمریکا لەگەڵ دابەشبوونی عێراقدا نییە و ترسی هەیە پڕچەککردنی پێشمەرگە کورد هانبدات بۆ سەربەخۆیی، بەڵام بەهۆی ئەو بارودۆخە نوێیەی لە عێراقدا هاتووەتە ئاراوە و ئەم فاکتەرانەی باسمان کرد، دەکرێت ئەمریکا ڕاستەوخۆ پەیوەندیی سەربازی لەگەڵ هەرێمی کوردستان ببەستێ.

***خوێندکاری دکتۆرا لە بواری سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و پرسی کورد- زانکۆی لیستەر- بەریتانیا.**



گۆران محەممەد

# وەزارەتی ئیرهاب

که نزیکەی سەت مووچەخۆری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وەزارەتی گوایە ئەوقاف، سەر بە داعش بووبن! ئاخۆ چەند داعشی دیکە لەو وەزارەتەدا ماون و خۆیان حەشار داوە؟ کێ گارانتی دەدا؟

دێڕە شیعرێکی باڵای سەعدی شیرازی هەیە، ئوستاد شەجەریان بە مەقام دەیڵێ ئەمە واتاکەیەتی: خەمی زەمانە بخۆم، یان فیراقی یار؟ بە توانایەک کە نیمە، کام باریان بکێشم؟

جا قوربان لەبەر ڕۆشنایی ئەم دێڕە شیعرەی سەعدیدا دەتوانین بڵێین: خەمی داعشی هاوردە بخۆم؟ یان هی خۆماڵی؟ بە بودجەیەک کە نیمە، کام شەڕیان بکەم؟

ئەوە نوێ وەزیرەکەی گۆڕان نییە کە سەت داعش بەخێو دەکات، ئەوە پارتی دیموکراتی کوردستانە کە وەزارەتی ئەوقاف وەک قاپی برنجی عەوازە، بەم و بەو دەدا، ئاخر زۆرترین مزگەوت کە زۆرترین کەللەپووتی بەرهەمهێنا، لەسەردەمی وەزیری ئەوقافی پارتیدا بوو. ئاخر پارتی، کوچک لە ئاگر گەرمتر، بۆ ئەوەی نیشانی بدا عال موسڵمانە، پتری خواستی ئیسلامی سیاسی، مزگەوتی دروست کرد. هەموو ئەو مزگەوتانەش بوونەوە لانەی ئیرهاب، ئەی ئەوە نییە دەرکەوت ئەو وەزارەتە مووچەی سەت شەڕکەری ئاشکرای داعش و خودا دەزانێت چەندی نهێنیش دەدات، ئاخر ئەو سەت داعشەی سەر بە حکومەتی هەرێمن، ئەوانەن کە دەستیان ئاشکرا بوو، عەرەب گوتەنی (ما خفی كان اعظم)

ئێوە دەزانن لەوەتەی ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی شەنگال دەستپێکردووە تا ئێستا سەت داعش نەکوژراون؟ بە زمانی سەربازی، پتری سرییەیەک داعش، مووچەی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە قوربان.

جا ئەمە وەزارەتی ئەوقافە، یان هی ئیرهاب؟ ئەم وەزارەتە سەر بە دەوڵەتی خەلافەتە یان حکومەتی هەرێم؟ ئاخر بەم حاڵەوە، جەنابی وەزیر ئەگەر تۆزقاڵێ خوا بناسێ دەبێ یان وەزارەتەکەی دابخات، یانیش بارەگاکەی بگوازێتەوە مووسڵی پایەتەختی ڕاستەقینەی خۆی، ئاخر هاکا فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانان، بە مووشەکی داعشکوژ، لە ناوەندی وەزارەتی ئەوقافیان دا.

ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان، بۆ ئەوەی تۆزقاڵێک ئابروو بۆ خۆیان بهێڵنەوە، دەبێ هەرچی زووە بارەگای وەزارەتی بەناو ئەوقاف بەتاڵ بکەن و ئاوارەی ئێزدی تێدا نیشتەجێ بکەن، ئاخر بەهاناوەچوونی ئاوارەی ئێزدی، لە مووچەدان بە داعش کوردانەتر نییە؟

خۆ ئەگەر هەر قەولە کورد ئەم وەزارەتەی بمێنێت، ئەوە پێشنیاز دەکەم هەر لە ئەمڕۆوە بەڕێز عیسمەت ئەرگۆشی بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایش بکرێتە وەزیری ئەوقاف، ئاخر ئەو باش دەرەقەتی داعش دێت. چونکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشدا فرە چالاکە، باش دەکەن ئەگەر محەممەد سەلیم مزووری، کە هاوکات بەڕێوەبەری نووسینگەی کاک عیسمەتیشە، بکرێتە گوتەبێژی فەرمی وەزارەتی ئەوقافی کوردستان.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# گرتنەوەی شنگال

لەدەستدانی شنگال، پاشەکشێ و ئەو شکستەی لەوێ تووشی پارتی هات، یەکێک بوو لە کەمەرشکێنترین نوشستییەکان بۆ پارتی. چونکە سەرباری ئەوەی کە پێشترێ پارتی هەستی بەوە کردبوو لەو بەرەیەدا توانای هێزەکانی لە بەرەنگاربوونەوە و بەرگریدا کەمە، بەڵام ڕێکارێکی ئەوتۆی نەگرتەبەر کە بتوانێ ئەگەر خاک وماڵیش لەدەست بچن، سەری خەڵک بەسەلامەتی دەرباز بێت. بۆیە شنگال و دواتریش مەخمور وەک خاڵێکی لاوازیی پارتی چ لەڕووی توانای بەرگریکردن و چ لەڕووی پەیوەندیی ئیقلیمی لەگەڵ تورکیادا، کەوتە بەر ڕەخنە و گازندەی نەیاران و ڕکابەرەکانی.

لەدەستدانی شنگال و ئەو نوشستییەی لەوێ تووشی پارتی بوو، تەنیا مەسەلەی شکستێکی ئاسایی نەبوو، چونکە گرەوێکی گەورەی ناوخۆییشی لەسەر بوو. دوای ڕاکردنی سوپای عێراق لە مووسڵ و کەرکووک، هەر یەک لە پارتی و یەکێتی سنووری نفوز و جوگرافیای خۆیان لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان فراوانتر کرد، بە شێوەیەک کە یەکێتی لەلای کەرکووک و خانەقینەوە و، پارتیش لەلای مەخموور و مووسڵەوە، هەر یەکەی نزیکەی 10 هەزار کیلۆمەتری دووجایان خستە سەر سنوورەکانی پێشووی خۆیان. بەڵام هاتنی داعش و هەڵکشانی بەرەو کوردستان بەشێکی زۆری ئەو جوگرافیایەی لە پارتی ستاندەوە. چونکە یەکێتی تەنیا لە جەلەولا، سەعدیە و چەند ناوچەیەکی دەوروبەری کەرکووک بوو کە بەرەوڕووی شەڕ بووەوە و ئەوەش ڕووبەرێکی جوگرافیی زۆر بەرفراوان نەبوو، بەڵام پارتی 10 هەزار کیلۆمەترەکەی لەدەست دابوو، سەرباری ئەوەش بەشی زۆری دانیشتووانی ئەو ناوچانەش ئاوارە ببوون.

گرتنەوەی شنگال و کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو ناوچانەی کە پارتی لەگەڵ هاتنی داعش دەستیکەوتبوون، شتێکی چارەنووسساز بوو. جیا لەوەی کە ئیعتیباری بۆ پارتی دەگەڕاندەوە، هاوکات باڵانس و تەرازووی نفوز و دەستڕۆیشتوویشی لە بەرامبەر یەکێتی ڕاست دەکردەوە. بەڵام پارتی لەو مەسەلەیەدا ئەمجارەیان تووشی هەڵپە و ختختۆکەدانی بەرامبەرەکانی نەهات. لە چوار مانگی ڕابردوودا کە داعش حوکمی ئەو شوێنانەی گرتە دەست، پارتی زۆر بە شێنەیی هەنگاوی نا. سەرباری ئەوەی پشتیوانیی ئاسمانیی تەواوی هاوپەیمانانی هەبوو، جووڵەیەکی ئەوتۆی نەکرد، چونکە چەند فاکتەرێکی گرنگ لە ئارادابوون.

هەمان ئەو فاکتەرانەی ئەو شوێنانەیان بە پارتی چۆڵ کرد.

بە درێژایی چوار مانگی ڕابردوو، جیا لەوەی کە هەوڵی دا ئەو کارەساتە مرۆییەی ڕوویداوە نەکرێتە چەکێک و لەدژی بەکاری بێنن، توانی قەناعەت بە زلهێزەکان بکات کە ناوچەی ژێر نفوزی وەک سەرکردایەتیی ئەو هێرشە ئاسمانیانە بەکاربهێنرێت کە هاوپەیمانان لە عێراق و سووریا لەدژی داعش ئەنجامیان دەدەن. ئەوەش لە کاتێکدا بووە کە بەهۆی بوونی هێزەکانی ئێران لە بەرەکانی جەنگی لای یەکێتی لەگەڵ داعشدا، یەکێتی کەمترین سوودی لە پشتیوانی ئاسمانیی هاوپەیمانان وەرگرتووە.

کەیسی شەنگالی کرد بە کەیسێکی ئەوتۆ کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئیتر ڕێگە نەدات جگە لە کورد کەسی دیکە حوکمیان بکات، چونکە هەموو دەمێ دەکرێ بەرەوڕووی جینۆساید ببنەوە. ئینجا لەوەش واوەتر، پارتی بە دوو ئاراستە لە جموجۆڵی بەردەوامدا بوو. یەکەمیان تورکیا و دووەمیان ئەو پشتێنە عەرەبیەی (زۆربەیان سەر بە هۆزی شەمەرن و تا ناو سووریا درێژ دەبنەوە) کە ناوچەی شەنگالی لە ناوچەکانی دیکەی کوردستان جیاکردووەتەوە.

لە ماوەی ڕابردوودا پارتی چەندین جار لەگەڵ سەرانی ئەو هۆزە عەرەبە دانوستاندنی هەبووە و دەبێ ئێستا لەگەڵیان گەیشتبێتە ڕێککەوتنێکی کۆنکریتی. چونکە عەرەبەکان داوای پشکی خۆیان لە نەوتی ئەو ناوچەیە دەکەن کە کورد ئێستا دەستی بەسەردا گرتووە و ئەگەر بەشیان بدرێ، ئەوا جارێکی دیکە پشت لە کورد ناکەن. تەنانەت نفوزی پارتی تا ناو سووریاش دەبەن.

تورکیاش ئاگاداریی تەواوی لەسەر جووڵەکانی داهاتووی پارتی لەو ناوچانەدا هەبووە و گڵۆپی سەوزی هەڵکردووە و تەنانەت پشتیوانیشی نواندووە.

گرتنەوەی شنگال سەرکەوتنێکی ستراتیژییە، چونکە هێزی بیانیی دیکەی وەکو ئێران و حەشدی شەعبی تێدا بەشدار نەبوون و جگە لە ژمارەیەک گەریلای پەکەکە، پارتی شەڕەکەی بەتەنیا کرد. بەوەش مەجالی ئەوەی بۆ کەس نەهێشتەوە کە سبەی ڕۆژێ داوای بەڕێوەبردن و ئیدارەی هاوبەشی لێبکات و بەغدا تەنیا ئەوەندەی پێکرا کە دەستخۆشی لە پێشمەرگە بکات، ئەو دەستخۆشییەی کە دەبووایە لە جەلەولاش بیکات!



محەممەد حاجی کەریم

# غەدر لە پێشمەرگە مەکەن

حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی عێراق لە بەردەم ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، باسی گەندەڵییەکانی ناو سوپای عێراقی کرد و وەک ئەو گوتی، تەنیا لەناو چوار فیرقەی سەربازی (50) هەزار ناوی وەهمی و بندیوار هەیە و مووچەکانیان دەخورێت.

پرسیار ئەوەیە: ئایا ئەو گەندەڵییەی لەنێو سوپای عێراقدا هەیە و هەموو لایەک هەستی پێدەکات، لای خۆشمان لە دامەزراوەکانی پەیوەست بە کاروباری پێشمەرگە نییە؟

ڕەنگە کەسانێک بپرسن لەو قۆناغە هەستیارەدا، کەی کاتی وروژاندنی ئەم پرسیارەیە.

ئەوەی ئاگاداری بێ سیستەمی دامەزراوەکانی پێشمەرگە و ڕەوشی بێ خزمەتگوزاری و بێ سەروبەریی بەرەکانی شەڕ بێت، نەک هەر بەلایەوە ئاساییە ئەم پرسیارە بکرێ، بەڵکو زۆریش بە درەنگی دەزانێ.

تا ئێستا لە ئەرک و ئیمتیاز، خواردن و خزمەتگوزاری، چەک و پێداویستیی سەربازی، لە نێوان یەکەیەک و یەکەیەکی تری پێشمەرگەدا، یان لەنێو خودی یەکەیەکدا جیاوازی دەکرێت.

زۆرن ئەو پێشمەرگانەی لە دەستپێکی ئەم شەڕەوە پشوویان نەداوە و فیداکارانە لە بەرەکانی مان و نەماندا دەجەنگن، ئەو بەناو پێشمەرگانەش زۆرن کە بە سەردانیش بەرەی شەڕیان نەبینیوە.

ئەو ناوانەش کەم نین کە وەک پاسەوانی فەرماندە و بەرپرسانی حیزبی و لەشکری ناویان لەنێو لیستی پێشمەرگەدایە، ئەگەر تەنیا ڕۆڵی خزمەتکردنی ماڵ و منداڵی ئەو بەرپرسانە ببینن، وەکوتر هیچ خێریان نییە. لەم وڵاتەدا کەسی وا هەیە کەس پێی ناڵێت کەرت بە چەند، کەچی دەرزەنێک پاسەوانی بۆ دانراوە.

شەڕی ئەو چەند مانگە دەریخست بۆ بەدامەزراویی و نیشتمانیکردنی پێشمەرگە، شتێکی ئەوتۆ نەکراوە، هێزی پێشمەرگەش نەک هەر سوپایەکی ڕێکخراو و یەکگرتوو نییە، بەڵکو سوپایەکی زۆر بێ سیستەم و بەرنامەیە.

چەند ساڵی ڕابردوو کاتێک دەگوترا ئەو دۆخەی پێشمەرگە تێیدایە، سیستەمی میلیشیاییە، دەیانگوت ئەوانە سووکایەتی بە ناوی پێشمەرگە و پیرۆزییە نەتەوەییەکان دەکەن. دەرکەوت ئەوەی دەگوترا ڕاستی بوو. ئەوە نییە هەنووکە ئەرکی بەرپرسیارێتی هەموو میحوەرەکانی شەڕ خراوەتە ئەستۆی سەرکردە حیزبییەکان؟ مرۆڤ نازانێ بە چ لۆژیکێک جڵەوی سەرکردایەتی بەرەیەکی فراوانی شەڕ دەکەوێتە دەست ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی حیزبێک؟ ئایا ئەو سەرکردەیە پلە و ناونیشانێکی سەربازیی هەیە؟ ئایا لە ئەنجامی کەمتەرخەمی، یان بڕیارێکی هەڵەی ئەو، بەرپرسیارێتی یاسایی، ڕژانی خوێنی پێشمەرگەی ناکەوێتە ئەستۆ؟ ڕاستە ئەوەی ئەوان دەیکەن لە دڵسۆزییانە و شایەنی ڕێز و پێزانینە، بەڵام لە سیستەمی سەربازیدا قبوڵکراو نییە.

ناکرێ ئێمە تەنیا لە دیوێکەوە سەیری پێشمەرگە بکەین، دەبینین پێشمەرگە لە ئازایەتیدا کەموێنەیە و هەمیشە ئامادەیە بۆ مردن، لێ تووشی هەڵە دەبین ئەگەر دیوی دیکەی ژیانی، یان ئەو واقیعەی ئەرکی تێدا دەبینێ فەرامۆش بکەین.

دەبینین هەموو چاوەکان ڕوویان لە لوولەی چەکی پێشمەرگەیە، سەرۆکی زۆر لە وڵاتان و وەزیری بەرگری و سەرۆک ئەرکانی سوپاکانی دونیا لێرەو لەوێ ستایشی پێشمەرگە دەکەن، ئەمەش چەندە بۆ ئێمە بەگشتی مایەی دڵخۆشییە، زۆر زیاتریش بۆ پێشمەرگە مایەی دڵگەرمییە.

ئەو شکستەی لە دەستپێکی هێرشی داعشیش بەسەر پێشمەرگەدا هات، بەهۆی ترسنۆکی و بێ ئیرادەیی پێشمەرگەوە نەبوو، بەڵکو دەرەنجامی ئەو بێ سیستەمی و بێ بەرنامەییەی دەسەڵاتی سیاسی ئەم هەرێمە بوو. بۆیە بەرپرسیارێتی ئەو دۆخەی پێشمەرگە تێیدایە، یان ئەو پاشاگەردانی و بێ سەروبەرییەی لەنێو دامەزراوەکانی پێشمەرگە و بەرەکانی شەڕ دەبینرێ، ناکەوێتە ئەستۆی خودی پێشمەرگە.

دەتوانین بڵێین بۆ سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی دامەزراوەکانی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە و یەکەکانی دیکە، هیچ ستراتیژیەت و پلانێک نەبووە و دونیابینیمان کورتمەوداو ناڕۆشن بووە. لەمەشدا ئەگەرچی پێشمەرگە هیچ گوناهێکی نییە، بەڵام ئەو لێرەشەوە بووەتە قوربانی ئەو دۆخە خراپە، تا ئەو ئاستەی لە دوو لاوە غەدری لێدەکرێ. لە لایەکەوە ڕەچاوی گوزەرانی نەکراوە و خۆی و خێزانەکەی ژیانێکی ناخۆش دەرباز دەکەن، لە لایەکەی دیکەشەوە باجی ئەو بێ سیستەمیەی نێو دامەزراوەی پێشمەرگە دەدات.

ئەوەی دەتوانرا دوێنێ بکرێت بۆ ئەمڕۆ دژوارە، یەکگرتنەوەو چاکسازی لە دۆخی شەڕو ئاڵۆزیدا ئاسان نییە، ئەگەر دوێنێ بەجددی کارمان بۆ دروستکردنی سوپایەکی ڕێکخراوی نیشتمانی کردبووایە، دیارە ئەمڕۆ ڕەوشەکە بە جۆرێکی دیکە دەبوو.

لەگەڵ ئەوەشدا ڕاستە ئەو کارە ئاسان نییە، وەلێ دونیا کۆتایی نەهاتووە، ئەگەر نیەت و ئیرادەیەکی بەهێز هەبێ، دەرفەتی ڕێکخستنەوەو یەکگرتنەوەی دامەزراوەکانی پێشمەرگە تەواو نەبووە.

هەنووکە کوردستان یەک دوژمنی هەیە، هەموو هاونیشتمانیانیش بێ جیاوازی بوونەتە ئامانجی ئەو دوژمنە، ئەمەش ئەوەندەی دیکە زەمینەی بە دامەزراوەییکردن و یەکبوون و یەکرِیزی ئاسانکردووە، لێ دەبێ ئارەزووەکان بۆ چاکسازی بە کردەوە دەرکەون.

پێویستە دان بەوەدا بنێین کە ناوماڵی کورد یەکگرتوو نییە، سوپای کوردستانیش نەک هەر یەک سوپا نییە، بەڵکو زۆر لێکەوە دوورە. لە سایەی ئەو لێکدابڕانەدا، هەنووکە پێشمەرگەیەکی یەکێتی لە زوممار و شنگال ء یەکێکی پارتی لە کەرکووک و جەلەولا هەست بە ئاسوودەیی دەروونی ناکات، تەنانەت بە نابەدڵی و دەروونێکی تێکشکاوەوە سەنگەر دەگرێ.

هەموو لایەک هەستی تێپەڕاندنی ئەو قۆناغەی زۆر بەلاوە گرنگە. ئەگەرچی درەنگە، لێ کات بە بەریەوە ماوە هەرچی زووە کۆتایی بەو واقیعە بێت.



د. هیوا حاجی

# سانابوونی مەرگ

ڕەنگە هەرگیز وەکو سەردەمی ئێستا مەرگ نەبووبێتە بابەتێکی ئاسایی ژیانی خەڵک. لە زۆر شوێنی دنیا هەواڵەکانی کوشتن، سەربڕین، بەبارمتەگرتن و تەقینەوەکان ڕووبەرێکی گەورەی میدیا و گفتوگۆی ئاسایی خەڵکیان داگیرکردووە. لەم سەردەمەی ئێمەدا، خەڵک ناپرسێ تەقینەوە ڕوویداوە یان نا؟ شەڕێک بەرپابووە یان نا؟ زۆر بەسادەیی، چونکە هەموو ئەو شتانە بەشێوەیەکی ئاسایی لە دنیای دەوروبەرماندا ڕوودەدەن. ڕەنگە خەڵکی بەدوای وردەکاری هەریەک لەو شتانەدا بگەڕێن. بۆ وێنە دەمانەوێ بزانین شەڕ لە کوێ ڕوویداوە؟ تەقینەوەیەک کوێ و کێی کردووەتە ئامانج؟ چەند کەس بوونەتە قوربانی؟ بەڵام زۆر ئەستەمە پرسیار لەوە بکەین کە ئایا جەنگێک یان تەقینەوەیەک یان هەر ڕووداوێکی دیکەی مەرگهێنەر ڕوویداوە یان نا. ڕووداوە مەرگهێنەرەکان لە هەندێ شوێنی ئەم هەسارەیە ئەوەندە زۆربوونە و ئەوەندە دووبارە دەبنەوە کە ئیتر ئەوەندە نابنە مایەی شۆک و سەرسوڕمان. بڕوا ناکەم لە شارێکی وەک بەغدا بەلای دانیشتووانەکەیەوە تەقینەوەکان ئەوەندە دیاردەیەکی نامۆ بن. باس و خواسی ئەم سەردەمە باسی بۆردومانی فڕۆکە و تەقینەوەی بۆمب و سەربڕینی ڕۆژنامەنووس و شتی دیکەی هاوشێوەن.

لە دنیای ئێستادا، لە تەنیشت ئەو سەدان و هەزاران توێژەر و پزیشکانەی کە لە تاقیگەکاندا شەو و ڕۆژ دەخەنە سەریەک بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ نەخۆشییەکی دیاریکراو، سەدان و هەزاران کەسی دیکە لە تاقیگە سەربازییەکاندا خەریکی بەرهەمهێنانی جۆرە چەکێکن کە زۆرترین ڕووبەری وێرانکاری و زۆرترین "دوژمن" بکاتە قوربانی. ئێمە لە ساتەوەختێکی مێژوویی ئەوتۆدایین کە ڕەنگە بەقەدەر ژمارەی ئەو کەسانەی سەرقاڵن بە کاری خۆبەخشی و خۆنەویستی و دەیانەوێ خزمەتێک بە مرۆڤایەتی بگەیەنن، ئەوەندە و زیاتریش ڕەنگە هەبن کە خەریکی ڕاکێشان و پاڵنانی خەڵکن بۆ چوونە ناو گرووپە توندڕەوە تێرۆریستیەکان. هاوشان لەگەڵ ئەو هەموو زانا و چاکەخواز و بیرمەندانەی بانگەشە بۆ ناتوندوتیژی و لێبووردەیی و ڕێز دەکەن لەنێوان جیاوازییە ئاینی و نەتەوەیی و کەلتوورییەکان، کۆمەڵێکی گەورەی ئەو توندڕەوە ڕادیکاڵانە چالاکن کە کاردەکەن بۆ خۆسەپاندن و ڕەتکردنەوەی ئەوانی دیکە و لەکوێش پێویست بوو لەناوبردنیان. ئەمە خەسڵەتێکی سەرەکی ئەم ساتە مێژووییەمانە.

پاش بەڕێکردنی سەدەکانی ناوەڕاست و ئەو ڕووداوە ئاینی و فیکری و کەلتوورییانەی کە لە ڕۆژئاوا و بەتایبەتی لە ئەوروپا سەریانهەڵدا و بوونە هۆی بەرهەمهێنانی ئەوەی پێیدەوترێ سەردەمی مۆدێرنیتە، خەڵکێکی زۆر لە زانایان و بیرمەندان بە هیوایەکی مەزنەوە سەیری ئایندەیان دەکرد. باوەڕ ئەوەبوو کە لەمەودوا زانست خزمەتێکی زۆری بەرەوپێشچوونی مرۆڤایەتی دەکات. ئەو تێگەیشتنە هەبوو کە جێگەیەک بۆ خۆسەپاندنی فیکری و کەلتووری نامێنێتەوە. گەشبینیەکی زۆر هەبوو سەبارەت بەوەی ئابووریی وڵاتان دەچێتە پێش و هەژاری زۆر کەمدەبێتەوە. ڕاستە هەندێ لەو پێشبینیانە بەشێوەیەک لە شێوەکان و بەڕادەی جیاواز لە هەندێ شوێن بەدیهاتن، بەڵام بە پێچەوانەی ئەمەش، سەدەی بیست، بۆ نموونە، پڕبوو لەو شتانەی کە هەموو ئەو گەشبینیانەی سەرەوە ڕەتدەکەنەوە. لەسەدەی بیستدا لە جیاتی ئەوەی زانست بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی بەکاربێت، بۆ بەرهەمهێنانی بۆمبی ئەتۆمی و کیمیایی کەڵکی لێوەرگیرا و بە هۆیانەوە ملیۆنان کەس لە ژاپۆن و کوردستان بوونە قوربانی. لەبری ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و جیاوازییەکان، جینۆساید و پاکتاوی ڕەگەزی لە عێراق و باڵکان و ڕواندا و زۆر جێگەی دیکەش پیادەکران. لەسەدەی بیستدا، بە بەرچاوی دنیای دەوڵەمەندی ڕۆژئاوا، هەزاران کەس لە ئەفریقا لەبەر بێخۆراکی و بێ دەرمانی سەریان نایەوە.

سەدەی بیست، بەدیوێکدا، زۆر نائومێدکەربوو بۆ مرۆڤایەتی. سەدەی بیست و یەکیش تا ئێرە زۆر بەباشی ناچێتە پێش. لەو 10 ساڵەی ڕابردوودا تێرۆر و توندڕەوی تا ئاستێکی مەترسیدار پەرەی سەندووە. بەهۆی تەکنۆلۆژیای پەیوەندی و گەیاندنەوە، گرووپە توندڕەوەکان سنووریان نەماوە و لە دەرەوەی چوارچێوەی دەوڵەتە نەتەوەییەکانەوە چالاکی دەکەن. لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە لاوان سازدەدەن و لەکردەوەی توندوتیژیدا بەکاریاندێنن. کار تەنانەت گەیشتووەتە ئەوەی لە وڵاتانی زۆر پەرەسەندووی دنیا لە ئەوروپا و ئوستراليا و ئەمریکاشەوە جۆرێک لە هاوسۆزی لەگەڵ ئەو گرووپە توندڕەوانە، هەرچەندە سنووردداریش بێ، دروستبووە.

لەم دەیەی دواییدا، میدیا و لەناویشیدا میدیای کۆمەڵایەتی، بوونەتە ڕووبەرێک بۆ بڵاوکردنەوەی قێزەونترین فۆرمەکانی توندوتیژی و کوشتنی بەکۆمەڵ و لەوەش کارەساتاویتر ئەوەیە کە هەمووان بەبێ سانسۆر ئەو دیمەنانە دەبینین و لەهەندێ باریشدا و بۆ هەندێ کەس، چێژبەخشن.

لەم ساتەدا ئەکتەرە مەرگهێنەرەکان چالاکن، بە وریایی و لێزانیەوە تەکنۆلۆژیای جیاواز بەکاردێنن، توندوتیژترین فۆرمەکانی توندوتیژی پیادە دەکەن و نمایشی دەکەن. مەترسیدراتریش ئەوەیە ئەو ئەکتەرانە لەلایەن هەندێ لە هێزە نادەوڵەتی و دەوڵەتیەکانەوە پاڵپشتی دارایی و لۆجیستیان پێشکەش دەکرێ.

بێگومان کوشتن و بڕین دیاردەی نوێ نین. مێژووی مرۆڤایەتی نموونەی ئێجگار زۆری فۆرمە جیاوازەکانی توندوتیژی تۆمار کردووە، بەڵام جیاوازییەکی بنەڕەتی توندوتیژیی ئێستا و ڕابردوو ئەوەیە کە بەهۆی پەرەسەندنی زۆری تەکنۆلۆژیای گەیاندنەوە هەموو ڕووداوێکی توندوتیژی، بچوک یان گەورە، دەستبەجێ دەبێتە کاڵایەک لەسەر ئاستی جیهانی و هەرکەسێک دەستی بەو تەکنۆلۆژیایە بگات دەتوانێ ئەوکاڵایە ببینێ. مرۆڤی ئێستا، بەتایبەتی لەم ناوچانەی ئێمە لێی دەژین، لە ژینگەیەکی سیاسی و سەربازی وئەلیکترۆنیی ئەوتۆدا دەژیت کە تێیدا مەرگ هەواڵی ئاسایی ڕۆژانەیە و بە بەردەوامی دەبینرێ و دەبیسرێ و هەستی پێدەکرێ.






بێستون عوسمان
bestoon.othman@rudaw.net

# له کوردستانەوه فێربن

یەکێکیان کۆمارێکی 91 ساڵه کە میراتگری دەوڵەتی عوسمانییە. ئەوی دیکه حکومەتێکی 23 ساڵه کە هێشتا بەدەست گێرمە و کێشەی دنیاوە دەناڵێنێ.

تورکیا خاوەنی دەستوور، یاسای تۆکمە و دەوڵەتێکی دامەزراوەییە کە نیازی وایە ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا. کوردستان هەرێمێکی هەتا ئێستا دیفاکتۆیە کە بەدەست شەڕی تیرۆر و ململانێی ناوخۆوە دەناڵێنێ و نیازی جیابوونەوەی هەیە لە عێراق.

بەڵام سەرەڕای ئەوانەش زۆر شت هەن کە تورکیا پێویستە لە کوردستانەوە فێریان ببێ.

لەوانە مافی پێکهاتە جیاوازەکان، سەربەخۆیی و بێلایەنی سیستمی دادوەری، ئازادیی رۆژنامەوانی و بەشداریی سیاسیش دوو بابەتی دیکەن کە لە کوردستان زۆر نموونەییترن بەراورد بە تورکیا.

با لە مافی پێکهاتە ئیتنیکییەکانەوە دەستپێبکەین. نزیکەی یەک لەسەر سێی دانیشتووانی تورکیا کوردن، 91 ساڵه خەبات بۆ مافە نەتەوەییەکانیان دەکەن، دەیان هەزار قوربانییان داوە، بەڵام هەتا ئێستا کوردبوون لە تورکیا تاوانە. کۆماری تورکیا تازە بە تازە دوای نزیکەی سەدەیەک لیژنە پێکدەهێنێ تاوەکو بزانێت کوردی زمانە و بۆ خوێندن دەستدەدات یان نا!

با بەراوردی ئەمە بکەین بە باری تورکمانەکان لە کوردستان. ئەگەر سەیری هەڵبژاردنەکانی چەند ساڵی پێشوو بکەیت کە هەتا ئێستا ژمارەی دەنگدەری بەرەی تورکمانی و پارتەکانی دیکەش بە کەرکووکیشەوە نەگەیشتوونەتە 100 هەزار، بە ئاسانی بۆت دەردەکەوێ نفوسی تورکمان لەم وڵاتە چەندە.

با بڵێین لەوەش زیاتر بوون، هێشتا ناکەنە یەک لەسەر 10ی دانیشتووانی کوردستان. بەڵام هەر لە سەرەتای ساڵانی نەوەتەکانەوە مافی خوێندن بە زمانی خۆیان لە کوردستان هەبووە لە کاتێکدا کە پێشتر لە مێژووی عێراقدا شتێک نەبووە بەناوی داواکاریی مافی خوێندن بە زمانی تورکمانی.

لە کوردستان کۆتایەکی هەڵبژاردن دانراوە بۆ تورکمان بۆ دڵنیابوون لە نوێنەرایەتیکردنیان لە پەرلەماندا، کەچی لە تورکیا بەربەستێکی هەڵبژاردن دانراوە بۆ رێگرتن لە گەیشتنی کورد بە پەرلەمان (ئەوەی لێدەرچێت کە 3 هەڵبژاردنە HDP و پارتەکانی پێش خۆی فێڵێکی یاساییان دۆزیوەتەوە بۆ گەیشتن بە پەرلەمان).

ئەوجا با باسی سیستمی دادوەری بکەین، لە تورکیا دادگاکان و دەسەڵاتی دادوەری هەر ماوەیە و دەستکەلای دەستی پارتێک یان گرووپێک بووە. لە دوای کودەتا سەربازییەکەی 1980وە هەتا ئەم دواییە، دادگاکانی تورکیا کوتەکی دەستی سوپا و کەمالیستەکان بووە بۆ لێدان لە پارتە سیاسییەکان. ئێستاش بوونەتە کوتەکی دەستی پارتی داد بۆ لێدانی بەرهەڵستکارانی.

ئەمەش هەر لە کوردستان باشترە لەچاو تورکیادا. لە تورکیا لەبەرئەوەی کەسانی نزیک لە ئەردۆغان و وەزیرەکانی دەستگیرکران ساڵی پار، سەرجەم دادوەر و جێگری داواکاری گشتی و پۆلیسە پەیوەندیدارەکان لە کارەکانیان دوورخرانەوە و کەسانی نزیک لە حکومەت هێنرانە جێگەیان هەتا دۆسیەکەیان داخست.

لە کوردستان هیچ نەبێت یاسا تا ئاستێک رێزی ماوە و دادوەر ناگۆڕدرێت لەبەر خاتری تۆمەتبار.

ئازادی و بێلایەنی رۆژنامەوانیش بابەتێکی دیکەیە. لە تورکیا نە رۆژنامەیەک نە کەناڵێکی تەلەفزیۆنی نەماوە پەیوەندی لەگەڵ لایەنێک نەبێت و کار بۆ ئەجێندەیەکی سیاسی نەکات. بە رای من ئەم نموونەی میدیای ئازادە کە لە کوردستان هەیە، بە هەموو کەموکوڕییەکانیەوە لەوەی تورکیا باشترە.

واز لەوەش بهێنە کە لە تورکیا کار گەیشتووەتە ئەوەی نووسینی وتار و بڵاوکردنەوەی هەواڵ بووەتە هۆکاری دەستگیرکردنی سەرنووسەری رۆژنامە و دادگاییکردنی بە تۆمەتی دامەزراندن و بەڕێوەبردنی رێکخراوی تیرۆریستی.

با بێینە سەر بەشداریی سیاسی. لە تورکیا بە لایەنی کەمەوە لە 2 دەنگدەر یەکێکیان نوێنەرایەتی ناکرێت لەناو حکومەت. ئەمە ئەگەر زوو زوو دەسەڵات دەستاودەست بکات وەک ئەوەی ئەمریکا، زۆر نابێتە کارەسات. بەڵام کاتێک بۆ زیاتر لە 12 ساڵ هەمان دەموچاوەکان لەجێی خۆیان بن و 50%ی دیکە یەک نوێنەریشیان نەبێت لە حکومەت، پرسی بەشداریکردنی لایەنەکان لەنێو دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەبێت ببێتە بابەتی وتووێژ.

لێرەدا دوو پرسیاری گرنگ هەن، یەکەمیان: ئایا هەموو ئەمانەی باسیان دەکەم تاوانی ئەردۆغانن؟ دووەم دەبێت ئێمە لە کوردستان لەگەڵ هەموو ئەمانە چۆن مامەڵە لەگەڵ تورکیا بکەین؟

هەڵە دەبێت ئۆباڵی هەموو ئەم کەموکوڕی و هەڵانە بخەینە سەر شانی رەجەب تەیب ئەردۆغان. لە تورکیا سیستمێکی بەڕێوەبردنی وڵات هەیە کە لە زەمانی ئەتاتورکەوە هەتا ئێستا لەجێی خۆیەتی.

سەرۆک وەزیران و کۆمارەکان کە هاتوون و رۆیشتوون، تەنها وەک ئاکتەرێک وابوون کە سیناریۆیەک دراوەتە دەستیان. هەرچی سەرکردەیەکیش لە سیناریۆکە لایدابێت لە ماوەیەکی کەمدا دوورخراوەتەوە.

یەکێک لەو کەسە دەگمەنانەی جورئەتی گۆڕینی ئەو سیناریۆیەی پێشانداوە ئەردۆغان بووە. بەڵام تا چەندێک سەرکەوتوو بووە ئەوە بە رای من هێشتا جێی پرسیارە. نابێت مافی کەس بخۆین، لەگەڵ ئەردۆغان زۆر زامی قووڵی تورکیا هەبوون کە دەستکرا بە تیمارکردنیان. بەڵام لە هەمان کاتدا زۆری دیکەش هەن کە یان لەجێی خۆیانن یان تازە دروست بوون.

بەڵام بۆ ئێمە وەک هەرێمی کوردستان، تورکیا گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ کرانەوەی ئابووریمان بەرووی جیهاندا. هەتا ئێستاش پارتی داد بە بەراورد لەگەڵ پارتەکانی دیکەی تورکیا باشترینە.

لەبەرئەوە پێویستە لەلایەکەوە زۆر باش دراسەتی ناوخۆی تورکیا بکەین، خاڵی هێز و لاوازییەکانیان باش دیاری بکەین و هاوکات پلانی خۆمان تۆکمە بکەین بۆ سوودوەرگرتن لەو خاڵانە بۆ بەرژەوەندی کوردستان.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# چی له عەرەب بکەین؟

داعش وایکرد عەرەبدۆستی لە کوردستان ببێتە شتێکی ناوازە. سەدام بە ئەنفال و کیمیاباران نەیتوانی وابکات کورد رقیان لە عەرەب بێت، بۆیەش ساڵی 1991 کە راپەڕین کرا، سەربازە عەرەبە بەدیلگیراوەکان بەڕێزەوە بەڕێکرانەوە. بەڵام لە هیچ بەرەیەکی شەڕدا نەمبیستووە داعشێکی عەرەبی سوننە کەوتبێتە دەست پێشمەرگە و بەڕێزەوە بەڕێکرابێتەوە ناو کەسوکاری. ئەم قۆناغە نوێیە بۆ هەردوولا مەترسیدارە. مەترسییەکەش ئەوەیە کە تەنانەت ئەگەر شەڕی کورد و عەرەبیش روونەدات، کۆمەڵگەی عەرەبی و کۆمەڵگەی کوردی لە کوردستان لەجیاتی ئەوەی تێکەڵ بن، دوور لە یەکدی گەشە دەکەن.

لە کەرکووک سەردەستەیی عەرەبی سوننە وایکردبوو چەندین دەیە تێکەڵاونەبوونی کۆمەڵگەی کوردی و تورکمانی و عەرەبی پەردەیەکی تەنکی بەسەردا بدرێت. بەڵام لەدوای رووخانی سەدامەوە، عەرەب و تورکمان و کورد هەر بەناو لە یەک شاردا دەژین. ئێستا کورد و تورکمان لە یەکدی نزیکبوونەتەوە و عەرەب کەوتووەتە بەرەی بەرامبەریان.

گۆڕانکاریی بەزۆری دیمۆگرافی کاتی پێویستە تاوەکو شوێنی خۆی بگرێت. لە کەرکووک ئەو کاتە پێویستە تێپەڕیوە و تازە دیمۆگرافیاکە گۆڕاوە. چاکیش ناکرێتەوە. واتە نە کورد عەرەبی پێ دەردەکرێ، نە عەرەبیش دەتوانێ چیدیکە ئەوە لەگەڵ کورد بکات. بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە لەجیاتی ئەوەی عەرەب و کورد و تورکمان پێکەوە بژین، لەتەنیشت یەکدی دەژین. ئەوان ناچارن هاوسێی یەکدی بن، دەنا نایانەوێ تێکەڵی یەکدی بن.

هەفتەی رابردوو خوێندکارانی کورد و عەرەب لە زانکۆی کەرکووک کردیانە شەڕ. لەوێ رقێکی کۆبووەوەی چەندین ساڵە بە روخساری هەردوولاوە دیاربوو. من لەنێو شەڕکەرانی کورددا بووم و قسەم لەگەڵ دەکردن. یەکێکیان دەیگوت: "کێشەی کورد و عەرەب لە کەرکووک تەنیا بە زەبری شەق چارەسەر دەکرێت. دەبێ عەرەب بزانن چیدیکە لێرە براگەورە نین". ئەو کەسەی ئەو قسەیەی دەکرد تەمەنی لە بیست ساڵ تێنەدەپەڕی، واتە رەنگە ئەوپەڕی شەش ساڵ لەژێر دەسەڵاتی سەدامدا ژیابێت. گەنجێکی تورکمانیش دەیگوت: "چارەسەر ئەوەیە کە بۆ ماوەیەکی درێژ عەرەبی کەرکووک بێدەسەڵات بن و ئێمە حوکمیان بکەین، تاوەکو واز لە لووتبەرزی بهێنن".

لە کەرکووک هەستمکرد کەرکووکییەکان لە سەرنشینانی کەشتییەکەی نووح دەچن، لافاوێک ئەوانی گەیاندووەتە ئەو شارە، بەڵام لەجیاتی ئەوەی پێکەوە بژین، هەریەکەیان ملی رێگەیەکی جیاوازیان گرتووە.

ئەم هەستی دژایەتیکردنەی عەرەب لە هەولێر زەقتر هەستی پێدەکرێت. لە خاڵەکانی پشکنینی شەوانەدا لەنێو هەولێر، ئۆتۆمبێلەکەت رادەگرن، پیاوانی ئاسایش بەکوردی چاکوچۆنییەکت لەگەڵ دەکەن. ئەگەر کورد بووی، بەڕێزەوە بەڕێتدەکەن، ئەگەر عەرەبیش بووی داتدەگرن. وەک بڵێی عەبدولڕەحمان ئەلکوردییەکەی ئەنجامدەری تەقینەوەکەی هەولێر ناوی عەبدولڕەحمان ئەلعەرەبی بووبێت! بۆیە رقهەڵگرتن لە عەرەب وەکو ئەو رقهەڵگرتنە نەفامانەیەیە کە رژێمەکانی عێراق بەرامبەر کورد هەیانبووە و هەر لەژێر کاریگەریی ئەو هەستەشدا جینۆسایدیان ئەنجامدا. خۆشی بێ یان ترشی، تازە عەرەب لە کوردستان لەگەڵمان دەژین، بۆیە چاکتر وایە لەجیاتی ئەوەی رقمان لێیان بێت، پلانێکمان هەبێ بۆئەوەی فێری کوردییان بکەین و بیانگونجێنین.



دەیڤد رۆمانۆ

# هێرشێکی تری دڕندانه بەناوی ئاینەوە

ئەم هەفتەیە، گرووپی تاڵیبانی پاکستان دووبارە هێرشیان کردەوە سەر قوتابخانەیەک. چەکدارانی تاڵیبان لەناو قوتابخانەکەدا پۆل بە پۆل گەڕان بۆ کوشتنی منداڵان و مامۆستایانی ناو قوتابخانەکە. لە ئەنجامی ئەو هێرشەدا 132 منداڵی قوتابی و 9 مامۆستا کوژران. ئەم تاوانە لە هەمان ئەو فەزا ئەخلاقییەدا ئەنجامدرا کە تاڵیبانی ئەفغانستان لەدژی هاووڵاتیانی مەدەنی دەیکات و کۆمەڵکوژییەکانی داعش و چەندین هێرشی خۆکوژیی دیکەی گرووپە جیهادییەکانی تێدا ئەنجام دەدرێت. هەمان ئەو فەزا ئەخلاقییەی گرووپە ئائیسلامیەکانیش تاوانی تێدا دەکەن وەک هێرشی هیندۆسەکان بۆ سەر مزگەوتەکانی موسڵمانان لە هیندستان و کۆمەڵکوژییەکانی پێشووی مەسیحییەکانی بۆرما بەناوی ئاینەوە.

ئەو تاوانانەی بەناوی ئاینەوە دەکرێن پرسیارێک دەهێننە کایەوە: کێ پێویستی بە زانینی یاساو رێسا ئاینیەکانە بۆ جیاکردنەوەی چاکە لە خراپە؟ بە بۆچوونی من تەنها ئەو کەسانەی (سۆسیۆپاسن) واتە ئەوانەی لە رووی عەقڵیەوە تەواو نین. قاموسی مەریەم وێبستەر پێناسەی (سۆسیۆپاس) بەو کەسانە دەکات کە هەڵسوکەوتەکانیان توندوتیژ و مەترسیدارە بۆ سەر خەڵکانی دیکە و هەست بەتاوان ناکەن لە ئەنجامی کارە دڕندانەکانیان.

بەتایبەت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، خەڵک هەست دەکەن ئەو کەسانەی بێ باوەڕن رێڕەو و یاسای ژیانیان نییە بەهۆی نەبوونی ئاینەوە، وەک ئەوەی کەسێک دەبێت ترسی لە خواو یاساکانی هەبێت بۆ راستکردنەوەی ئەخلاق و هەڵسوکەوتی. بەشێوەیەکی باو خەڵک هەست دەکەن ئەو کەسانەی باوەڕیان بە خوا نییە هیچ بەهاو ئەخلاقێکیان نییە، ئەمە جگە لەوەی هەست دەکەن پەیڕەوانی ئاینەکانی دیکە لانیکەم ئەوانەیان هەوڵی چاکەکردن دەدەن، هێشتا کەموکورتییان هەیە لەبەرئەوەی پشت بە رێسای ئاینیی هەڵە دەبەستن.

بەڵام خەڵکانی ئاینی، نابێت تەنها وابەستە بن بە هەڵسوکەوتی باش و باسکردنی بەها. هەموو مانای ئەمە ئەوەیە کە کەسێک بە باشی پەیڕەوی یاساو رێسا ئاینییەکان دەکات. بەهەمان شێوە خەڵکانی باش زۆر بە ئاسانی کاری هەڵە دەناسنەوە. ئەم خەڵکانە تاوان و خراپە دەناسنەوە کاتێک دەیبینن. خۆیان بەدوور دەگرن لە ئازاردانی خەڵکی نەک لەبەرئەوەی لە سزای خوا دەترسن یان ئایەتەکانی قورئان و ئینجیل رێگری ئەوەیان لێدەکات، بەڵکو تەنها بەهایەکی گشتییان هەیە. ئەو کەسانەی ئاینین رووەکەنە یاسا ئاینییەکانیان بۆ رێنوێنی و هەڵسوکەوتەکانی ژیانیان، هەروەها ئەوانەی باوەڕیان بە ئاین نییە رەنگە باوەڕیان بە یاسایەکی سروشتی هەبێت لە پەیڕەوکردنی بەها و رەوشتی ژیانیان. خەڵکانێکی دیکە هەن زۆر رۆناچنە بابەتەکەوە، بەشێوەیەکی سروشتی دەزانن چاکە و خراپە لە دڵیاندا هەیە.

بەڵام سۆسیۆپاسەکان پێویستە بەپێی یاساو رێسا ئاینییەکان سنووریان بۆ دابنرێت. تەنانەت لەم حاڵەتەشدا، هێشتا زۆر بە توانان لە تەفسیرکردنی شتەکان بەپێی بەرژەوەندیی خۆیان. ئایا ئاینەکەت رێگریت لێدەکات لە بە ئەنقەست کوشتنی خەڵکانی بێتاوان؟ ئەوە بۆ ئەوان گرنگ نییە! دەتوانن پێناسەی ئەو خەڵکانە بە نامەدەنی یان شەهید بۆ مەبەستێک بکەن! ئایا کۆیلەت دەوێ؟ ئیبراهیم و پێغەمبەرانیش هەیانبووە!

بەڵام، ئەو زانا ئاینیانەی بەهای ئەخلاقییان هەیە دەتوانن لەنێو تێکستە ئاینیەکانیان مانایەکی قووڵتر بدۆزنەوە لە میهرەبانی و قبوڵکردنی بیروڕای جیاواز. ئەو تێکستانە وەلا دەنێن کە رێگە بە ئەنجامدانی کاری خراپ دەدات بە تەفسیرکردنیان بەشێوەیەکی گشتی. سۆسیۆپاسەکان بەدوای پیتی یاساکاندا دەگەڕێن. هەوڵی زۆر دەدەن لە فێرکردنی ئەو کەسانەی بەهایەکی باشیان هەیە بۆ قبوڵکردنی کارە خراپەکانیان. رەنگە پرۆسەکە هاوتا بێت بەوەی چۆن ئەو کەسانەی مەشقی سەربازیی توند و قورسیان پێدەکرێت وایان لێدەکرێت هەستە سروشتییەکەیان لە دوودڵی لە کوشتنی بەرامبەرەکەیان وەلابنێن.

یەکێک لە نموونە باشەکان بڵاوکردنەوەی ئەو پامفلێتەی گرووپی داعشە لە چواردەی ئەم مانگە لەژێر ناوی "پرسیار و وەڵام لەسەر گیراوان و عەبدەکان".

هەرچەندە دۆکیومێنتەکە زۆر دوور ودرێژە، بەڵام دوو لە پرسیار و وەڵامەکان شایەنی تێڕوانین:

پرسیاری سێیەم: ئایا دروستە ژنانی بێ باوەڕ وەک جاریە ببردرێن؟ هەموو زاناکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە دروستە ژنانی بێ باوەڕ لە ئاینەکانی جولەکەو مەسیحی و ئەوانەی شەریک بۆ خوا قەرار دەدەن وەک دەسکەوت ببردرێن. بەڵام زانایان کۆک نین لەسەر بردنی ئەو ژنانە کە لە ئاین لایانداوە. زۆرینەی بۆچوونەکان لەسەر رێگریکردنە لە بە جاریەکردنی ئەو ژنانە، بەڵام هەندێکیان کۆکن لەسەر بردنی ئەو ژنانە. بۆیە ئێمە بۆچوونی دووەم قبوڵ دەکەین.

پرسیاری 13: ئایا کاری سێکسی لەگەڵ کچێکی کۆیلە دروستە کە هێشتا باڵغ نەبووبێت؟ بەڵێ دروستە بەمەرجێک ئەو کچە بۆ کاری سێکسی بگونجێ، بەڵام ئەگەر بۆ کاری سێکسی شیاو نەبوو، هێشتا دەتوانی لەزەتی لێوەربگری بەبێ سێکسکردن.

ئەم کەسانە ئاینی بن یان نا، هەموو مرۆڤێکی ئاسایی دەزانێ کە دەستدرێژی و کاری سێکسی لەگەڵ منداڵ کارێکی نەشیاو و هەڵەیە. یان بیانوو هێنانەوە بۆ ئەو کارانە پێویستی بە هەوڵ و فێرکردنێکی زۆر هەیە تا قەناعەتیان پێبکرێت.



کامەران محەممەد عەزیز

# شەڕی پوتین لەگەڵ هەمووان

کۆنفرانسە رۆژنامەوانییە ساڵانەکەی فلادیمێر پوتین، بە ئامادەبوونی زیاتر لە 1200 رۆژنامەنووس، بە گرنگترین رووداوی ئەم چەند رۆژەی جیهان دادەنرێ. بەهۆی سزا ئابوورییەکانی سەر رووسیا لەسەر داگیرکردنی کریمیا و پشتگیریکردنی چەکدارەکانی رۆژهەڵاتی ئۆکرانیا و دابەزینی نرخی نەوت بۆ دەوروبەری 60 دۆلار بۆ بەرمیلێک، رووسیای تووشی گەورەترین قەیرانی ئابووری کردووە لە ماوەی 20 ساڵی رابردوویدا. بەڵام پوتین رەتیکردەوە ناوی ئەم حاڵەتە بنێت "قەیران"، بەڵکو ناوی نا "بارودۆخێکی نەخوازراو" و گوتی کە لەماوەی دوو ساڵی داهاتوودا کێشەی ئابووری و دابەزینی بەهای رۆبڵ چارەسەر دەکەن. بەڵام بێ وردەکاری، تەنها ئەوە نەبێت کە گوتی لەگەڵ پێشکەوتنی ئابووریی جیهانی، پێویست بە وزەی زیاتر دەبێت، لەپاڵ ئەمەشدا رووسیا بیر لە کەمکردنەوەی پشتبەستن بە داهاتەکانی وزە دەکاتەوە و بیر لە سەرچاوەی نوێی ئابووری بۆ وڵات دەکاتەوە.

لەگەڵ ئەم هەموو قەیرانانەش، پوتین هێشتا جەماوەر و پشتگیریی خەڵکی لەدەست نەداوە و بە پێچەوانەوە، خەڵاتی "پیاوی ساڵ"ی پێبەخشرا. پوتین رەتیکردەوە بارودۆخەکە گەیشتبێتە سەردەمی قۆناغی شەڕی سارد، لەگەڵ ئەوەی هەژموونی ئەمریکا لەدابەزیندایە، بەڵام هێشتا ئەمریکا و رووسیا هاوشانی یەکتر نین، وەک خۆی گوتی رووسیا تەنیا دوو بنکەی سەربازی لە دەرەوەی سنوورەکانی هەیە، لەکاتێکدا ئەمریکا لە زۆربەی جیهاندا بنکەی هەیە. کێشەکە لەوەدایە ناتۆ بەردەوام دەیەوێت ئیحتیوای رووسیا بکات و لە داهاتوویەکی نزیکیشدا ئەگەرێکی زۆر بەهێز هەیە کە ناتۆ بنکە سەربازییەکانی لە ئۆکرانیا جێگیر بکات.

یەکێک لە سەرنجراکێشترین بابەتی کۆنفرانسەکە هێنانەوەی خوازەی ورچێک بوو لەلایەن پوتینەوە بۆ گوزارشتکردن لە پەیوەندیی نێوان رووسیا و رۆژئاوای ئەوروپا: "سیمبولی رووسیا بریتییە لە ورچێک کە پارێزگاری لە دارستانەکەی خۆی دەکات. هەندێ کات رەنگە باشترین شت بۆ ورچەکە ئەوە بێت لێی پاڵداتەوە و دانیشێت. رەنگە واز لە هێرشکردنە سەر فەرخە بەرازەکان لە دەوری دارستانەکەدا بهێنێت و دەستبکاتە خواردنی شلیک و هەنگوین. رەنگە دواتر لێیبگەڕێن بە تەنیا بە ئارامی بەجێبهێڵدرێت. بەڵام نەخێر، لێناگەڕێن بە تەنیا بە ئارامی بمێنێتەوە! چونکە هەندێک دەیانەوێت تەوقی بدەن. هەرکاتێکیش تەوق درا، ئەوان ددان و چڕنوکی دەردێنن. لەم ئەنالۆجییەدا، من دەگەڕێمەوە بۆ سیاسەتی رەدعی چەکی ئەتۆمی".

لەڕاستیدا، قەیرانی ئابووریی رووسیا زیاتر لە قەیرانێکی ئابوورییە، بەڵکو پەیوەندی بە سیاسەتی کێبڕکێی بەردەوامی زلهێزەکانەوە هەیە. ئاشکرایە یەکێک لە گەورەترین کێشەکانی وڵاتانی رۆژئاوای ئەوروپا کەمیی سەرچاوەکانی وزەیە و ساڵانە پێویستی بە 450 بلیۆن مەتری سێجا گاز هەیە، کێشەی لەمەش گەورەتر ئەوەیە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیان دەبێت پشت بە دوژمنێکی کۆن و ئێستایان ببەستن کە رووسیایە. رووسیا بە تەنیا 120 بلیۆنی ئەو پێداویستییەی ئەوروپا بە گاز دابین دەکات. بەڵام سروشتی پەیوەندی و بەرژەوەندییەکان لە بارێکی زۆر خێرا و داینامیکیدایە. ساڵی پار ئابووریی رووسیا 1.5% گەشەی کرد، بەڵام ئێستا لە گەورەترین قەیراندایە. ئەوروپا بە دوای جێگرەوەی رووسیادا دەگەڕێت، یەکێک لە هەواڵە خۆشەکان بۆ رۆژئاوای ئەوروپا ئەوەیە کە لە چەند ساڵی کەمی داهاتوودا، ئیسرائیل ساڵانە لە رۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستەوە و لە رێگای هێڵە گازییەکانەوە دەتوانێت 20 بلیۆن مەتر سێجا گاز بنێرت بۆ قوبرسی یۆنانی و لەوێشەوە بۆ ئەوروپا. وەزیری وزەی ئیسرائیل سیلڤان شالۆم بە یەکێتی ئەوروپای راگەیاندووە کە دەتوانێت هەرزانتر و باشتر لە رووسیا بەشێک لە پێداویستییەکانی گازی ئەوروپا پڕبکاتەوە.

بەهۆی گۆڕانکارییەکان لە هەژموون و پێگەی هێزە گەورەکاندا، بەردەوام هاوکێشەی نوێ دێتە ئاراوە کە کاریگەری گەورەیان لەسەر جیهان دەبێت. قەیرانی ئابووریی رووسیاش لێرەدا کۆتایی نایەت، ئەڵمانیا و چین لە داهاتوودا ئەگەری زۆر هەیە ببنە بەشێکی کارا لە سیاسەتی کێبڕکێی زلهێزەکان. بەڕای زۆرێک لە پسپۆڕانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، دەیەی داهاتوو ناسەقامگیریی گەورە لە هاوسەنگیی هێز بەخۆوە دەبینێ.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



کەماڵ محەممەد:

## من هونەرمەند نیم گۆرانیبێژم

10 »

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی
Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net




RÛDAW

SIDAR AGENCY

هەر کەسێک گرتەیەکی ڤیدیۆیی سەرنج راکێشی هەیە بۆ بڵاوکردنەوەی، بەرامبەر بە بڕێک پارە.

دەتوانن پەیوەندی بکەن بە:

agency@sidarholding.com
www.sidarholding.com

+964 750 833 22 33
+964 750 833 44 33
+964 770 252 11 11

